خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا          لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف          ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر          بابان ئەنوەر

# سیخوڕی و دژە سیخوڕی

ژان پیرئالم

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 206 )

ناویسیخوڕی و دژە سیخوڕی

بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: ژان پیرئالم
وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1626 )ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# سیخوڕی و دژە سیخوڕی

ژان پیرئالم

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

2017

# پێڕست


به شی یەکەم - سیخوڕی لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ......................................7

- سیخوڕی و مێژوو..........................................................................8

- قەڵەمڕەو و مەئموریيەتەکانی (ڕێکخراوە تایبەتییەکان)...............................24

به شی دووەم - میتۆدەکان و ئامڕازەکانی سیخوڕی......................................31

- بەدەستخستنی هەواڵ لە ڕێگەی میتۆدە باوەکان ....................................32

میتۆدی قبووڵکراو هەرچییەکبێت، ناوەڕۆکی فێرکردنەکان وەك یەکن...........75

- بەدەستهێنانی زانیارییەکان بە شێوازی میتۆدە (مۆدێرنەکان)......................86

- ناردنی زانیاری...........................................................................113

- پاراستن..................................................................................130

به شی سێیەم - دژەسیخوڕی..................................................................163

- ئامانج و ڕێکخستن.....................................................................164

- کارمەندە دووسەرەکان و چالاکیی ژەهراویکردن......................................169

- ڕێکخراوە هەواڵگرییەکان و دژەسیخوڕی...............................................186

به شی چوارەم – ڕێکخستنی ئۆفیسی تایبەت لە فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەدا........191

- پێوەرەکانی ڕێکخستن...................................................................192

- ڕێکخراوە تایبەتیەکان لە وڵاتە خۆرئاواییەکان..........................................194

- ڕێکخراوە تایبەتیەکانی بلۆکی سۆڤێت..................................................217

- ڕێکخراوە تایبەتیەکانی وڵاتانی عەرەبی..............................................223

- سیخوڕی تایبەتی........................................................................228

- دەرئەنجام.................................................................................235

# بەشی یەکەم

## سیخوڕی لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ

# سیخوڕی و مێژوو

هەرچەند سیخوڕی ناوەڕۆکی زۆربەی ڕۆمان و فلیمەکان بووە، بەڵام مێژوو بێئاگایی خۆی لەوە نیشاندەدات. مێژوونوسان لە کام ڕووداوە سیخوڕییەکانی بیست ساڵی ئەم دواییەیان کۆڵیوەتەوە؟ کاتێک نەوەکانمان بیانەوێت لە جەنگی جیهانیی دووەم بکۆڵنەوە، نە چاویان بە ناوی سۆرژ دەکەوێت، نە ڕوسلەر.

چۆن دەکرێت چالاکییەکی وا کۆن و بەردەوام ڕوونبکەینەوە، کە تەمی ئاڵۆزی دایگرتووە؟ دەڵێن نهێنیی بوونی سروشتی سیخوڕی، بۆ خۆی هۆکاری ئەو ئاڵۆزیەیە، کە تێگەیشتنی مەحاڵ کردووە.

ئەمە پاساوێکی ڕاست نییە. دیرۆکناسان، شارەزای بەدەستهێنانەوەی بەرهەمی بەجێماوی ڕووداوەکانی ڕابردووی دوورن و کتێبی ئەستووریان لەبارەی سۆمەر و بابل، ئەسپارت و ئەسینا، شەڕەکانی ئێران، یۆنان، ڕۆم و کارتاجیا نوسیوە. ڕووداوگەلی زۆری سیخوڕی ئێستا و ڕابردوویان لە بەردەستە و گەواهی و بەڵگەش زۆرن.

مێژوونووسان میتۆدی پێچەوانەی ڕۆمان ووسانیان گرتووەتەبەر: لەبارەی ڕۆماننووسەکانەوە، دەبێت لە قووڵایی هەنگاوی نهێنیدا، بۆ ڕاڤەی ڕووداوەکانی مێژوو بگەڕێیت. بە ڕای مێژوونووسان، سیخوڕی چالاکییەکە لاوەکی، زۆرجار بێکەڵک و بەگشتی ناپاک و ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکان، کاری ئەمان نییە. هیوادارم لەم لێکۆڵینەوەدا بتوانم ناڕاستیی هەردوو بیروڕاکە بسەلمێنم.

سیخوڕی هاودووانەی نهێنیکاری بەدیهاتووە، بە دەربڕینێکی دیکە، لەگەڵ مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆسەیان بۆ نێچیرەکانیان دادەنا، خۆیان دەشاردەوە، ڕاست وەک ئەو حوکومەتانەی، کە پارێزگاری لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکەیان دەکەن، یا چەکوچۆڵەکانیان دەشارنەوە. هەر کە گرووپێک یا میللەتێک جوغزێکی نهێنی بە دەوری خۆیدا دەکێشێت، ئیدی گرووپ و میللەتەکانی دیکە - هەندێکییان بە ئامانجی دەسەڵاتخوازی و زۆرجار بە بیانووی بەرگری - هەوڵدەدەن دزەبکەنە ناویەوە.

زۆر دەق مۆری پشتگیرییان لە کۆنیی چالاکیی سیخوڕی داوە. تەورات چیرۆکی سەرۆکی هۆزێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە مووسا بۆ دیاریکردنی وڵاتی کەنعان ناردوویەتی و کەمتر لە پیاوانی یوشەع[1] لە شاری ئەریحا[2] و زۆر لە سیخوڕە کەمناسراوەکان لە کونوکەلەبەری پەڕەکانی کتێبی پیرۆزدا ناویان هاتووە. هیرۆدۆت باسێکی دوروودرێژی لەبارەی پیلانەکانی زۆپیرۆ[3] نوسیووە، کە چۆن توانیی بە فرتوفێڵ دەروازەی بابل بە ڕووی داریۆشدا بکاتەوە. دەپەکانی پەرستگای ئەلقصور[4] و ئابیدۆس[5] دەگێڕنەوە، کە چۆن توتمسی سێیەم بەهاوکاریی سیخوڕەکانی توانیی بە سەرکەوتن کۆتایی بە شەڕی مەجدۆ[6] بێنێت. دیرۆکناسانی ڕۆمی بەڕەیان لە سەرشێوازی سوودوەرگرتنی نیپاڵ، شیپیۆنی ئەفەریقیایی و قەیسەریان لە تەکنیکەکانی زانیاری هەڵداوەتەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاست، فیلیپ ئۆگست[7]، فیلیپ لوبڵ [8] و لویی یازدەیەم مەشقییان بە (تیمێک سیخوڕ) دەکرد، لە کاتێکدا مەغۆلەکان یەکەم سەنتەری زانیارییان دامەزراند.

لە بەریتانیای سەردەمی ئەلیزابێسی یەکەم، تەختوتاراج و ژیانی شاژن قەرزداری لێهاتوویی ئەو کارمەندانە بوو، کە فرانسیس والسینگهامی سەرۆکوەزیرانی، بۆ دژەسیخوڕی ڕێکیخستبوو. ڕیشلیۆ بە هاوکاریی پدرژوزف[9] دنیای نهێنیی ئامێزی خۆرئاوای خستە ژێر چاودێریی تۆڕێکی سیخوڕییەوە، بوو بە بەئاگاترین پیاوی سەردەمی خۆی. کرامۆل بە پشتیوانیی جۆن ترلۆ[10] و (هۆبەی زانیاری) (نهێنیی هەموو پادشایانی ئەورووپای لە پشتێنەکەیداشاردبووەوە). دارتانیان[11] دەنووسێت: لویی چواردە (لە ڕێگەی ئەو ژنانەوە دزەی دەکردە ناو نهێنیترین حەرەمسەرای کابینەکانەوە، کە مووچەیەکی باشیان وەردەگرت). لویس دوکروال[12] کاریگەرترین و دەستبڵاوترین کارمەند بوو، خۆی کردە دۆستی شارلی دووەم پادشای بەریتانیا. ئینگلیزەکان بە پێدانی مووچەیەکی 40000 لیرەی ئیستەرلینی بە کەشیش – و پاشان کاردیناڵ – دوبوا[13] سەرۆکوەزیرانی پاشا فیلیپ دۆرلیان[14] و کارمەندی گوێڕایەڵی لۆرد ستانهۆپ[15] تۆڵەیان لێکردەوە. فریدریکی دووەم پادشای پروس - فریدریکی گەورە - باڵوێزەکانی خستە شکڵی ئەو سیخوڕانەوە، کە

(بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەک تەنانەت دەستییان بۆ گیرفانی پادشاش دەبرد). دەنووسێت: (دەبێت لە شەڕدا هەندێک جار لە پێستی شێر و هەندێک جاریش بچییە کەوڵی ڕێوییەوە). لەگەڵ ئەوەشدا فریدریک ڕووبەڕووی (لەک لەکی)[16]دەبێتەوە و وەک (سیخوڕی دووسەرە) خیانەتی پێدەکات و وا دەکات، ژەنەڕاڵی نەمسایی، داون[17]، سوپاکەی لە هۆچکیرچ[18] غافڵگیربکات. پادشای پروس لەم ڕووداوەدا10000 سەرباز و سێ لە باشترین ژەنەڕاڵەکانی کوژرا. لویی پانزە بە سوودوەرگرتن لە سەنتەری زانیاریی خۆی (سەنتەری نهێنی)، دەستی خستەناو هەموو وڵاتانی ئەورووپاوە. زۆر سەیر (شوالیە ئایۆن[19])ی مەئموری، لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەی لە ڕووسیا و بەریتانیا شارەزایی و نەترسیی سەرسوڕهێنەری خۆی سەلماند. هانا ئادامز[20] لە مێژووی نیو ئەنگلاند و فنیمۆر کۆپە[21] لە ڕۆمانێکدا بە ناوی(سیخوڕ بەوپەڕی ئەمانەتەوە لە شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا باسی سەرکەوتن و شکستەکانی کۆمەڵەی زانیاریی ژەنەڕاڵ واشینگتۆنیان کردووە.

تا ئەم دواییە سیخوڕی چالاکییەک

بوو، پەیوەندییەکی زۆرنزیکی بە شەڕەوە هەبوو. کەوایە سەیرنییە، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناپلیۆندا بەزۆر سەپێنرابێت. ئیمپراتۆر بە یارمەتیی شولمایستەری کارمەندی هەڵکەوتە - کە چەندین جار کارە درەوشاوەکانی لە ڕێی تەلەفزیۆنەکانی فەرەنساوە پەخشکراوە، بەڵام بەئەمانەتەوە وەک خۆی – قازانجێکی زۆری لەم چالاکییانە کرد. بێشک دەکرێت لافی ئەوە لێبدات، کە شۆڵمایستەر بە کردنەوەی ڕێگای ڤیەننا بۆ سوپای فەڕەنسا، پشکی چارەنووسسازی لە سەرکەوتنی ئولمدا هەیە، بەڵام پاش دە ساڵ، ئەو چەکەی خزمەتی ئیمپراتۆری کرد، دژی خۆی بە کارهێنرایەوە: لینگتۆن بەهۆی ئەو زانیارییەوە نەخشەی کۆتایی ناپلیۆنی زانیی، توانیی لە واترلۆ و لە شەڕێکی چارەنوسسازدا بیشکێنێت، کە تۆڕی سیخوڕیی ئەفسەری بەریتانی هاردینگ کۆیکردبووەوە.

پشتڕاستکردنەوەی ئەو باوەڕە کارێکی هەڵەیە، فەڕەنسا لە ساڵی1870 بەهۆی ئەو سیخوڕانەوە تێکشکا، کە ئەڵمانیا پێش

تێکهەڵچوونی شەڕەکان لە فەرەنسا نیشتەجێی کردبوون. مەخابن بەڵگەکانی ئەم نەگبەتییە قووڵترن، بەڵام ئەم خاڵەش ڕاستە، کە ویلهۆلم ستیبە، سەرۆکی سەنتەری زانیاریی ئەڵمانیا، پێش خۆتێگەیاندنی سەربازی، تۆڕێکی فراوانی سیخوڕی - کە ژمارەیان لە مێژوودا وێنەی نەبووە - هەژموونی بە سەر فەرەنسادا کردووە؛ بە بانگەشەی ستیبەر ئەو ژمارەیە 40000 کەس بووە، بێشک ئەو ژمارەیە زێدەڕۆیی تێدایە، شارەزایانی سەربازیی فەرەنسا بۆ 10000 کەس -کە دیسانەوە ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەرە - کەمیان کردووەتەوە. هەر لەو دۆخەدا ستیبەر ستراتیژیەتێکی نوێی گرتووەتەبەر: ستراتیژی هەواڵگریی یەکگرتوو. لە هەموو توانا و سەرچاوەکانی فەرەنسای کۆڵیبووەوە و سەرژمێریی کردبوون. ئاشکرابوونی بڕیارەکانی شەڕ، ژمارەی کەسەکان، چەک و تەقەمەنی، بورج و قەڵاکان، هەروەها ڕێگاکان، پردەکان، کەناڵەکان، کشتوکاڵ، کۆگاکان و بارودۆخی سیاسی، شوێنەکەی خستبووە بەردەست فەرماندەی سوپای پرووسەوە!

چەند ساڵ پاش ئەو تێکشکانە سەنتەری

سیخوڕی، یا باشتر بڵێم دژەسیخوڕی قێزەونترین ڕووی خۆی لە فەرەنسا دەرخست و دادوەر بۆدوین ڕایگەیاندووە: تەنها هەر نارەواترین کاری نەکرد، بەڵکو نائەخلاقیترین و ڕەزیلانەترین کاری لێدەرکەوت. دیارە مەبەستم ڕووداوی دریفۆسە[22]، کە میللەتی فەڕەنسای تووشی دژایەتی وا توند و مانەوەی کرد، بەرهەمێکی زۆری لەبارەوە هەیە (کتێبناسی پەیوەند بەم ڕووداوە، بۆخۆی کتێبێکی جیایە)، هێشتاش خەرمانەیەک ترس و پەنهانی دەورەیداوە. دەکرێت لۆژیکییانە پشتگیری لە ئەلفرێد دریفۆس بکەین، کە تاوانکار نەبووە - سەیر ئەوەیە، ڕەنگبێت هیچ خائینێک لەم ڕووداوە پەنهانەدا نەبووە – ڕووداوەکە دەمامکێک بووە، بۆ چالاکیی دیۆئاسای تێکدانی ڕای گشتی.

لە 1904 لە لایەکی دیکەی دنیاوە، شەڕی لەنێوان ڕووسیا و ژاپۆندا، هێزی هاوتای ژاپۆنییەکانی سەلماند: تا ئەو کاتە سیخوڕی بە نەریتە سەربازییەکانیان نامۆ بوو، چونکە لە شەڕێکی مۆدێرندا بە پێویستیان زانی و بۆ پەیداکردنی ئەو سیخوڕانە دەستی داوایان

بەرەو کۆمەڵە نهێنییە دەسەڵاتدارەکانیان درێژکرد، ئەو کۆمەڵانە هەزاران مەئمووری نهێنیان خستنە خزمەت، کە تەواوی مەنچوری و سیبریای خۆرهەڵاتی دووریان خستە ژێرچاودێرییەوە، تەنانەت هەندێکییان لە ئەورووپاش جێگیربوون. ڕووسەکان بەگومان بوون، کە بەهۆی سوارەی سەربازیەکەیانەوە زانیاریی پێویستیان چنگدەکەوێت. سوارەی سەربازی ڕووسیا لەبەرامبەر سیخوڕە ژاپۆنییەکان؛ ژاپۆن لە سێپتامبەری 1905 و لە پێگەی بردنەوەی شەڕدا پەیماننامەی ئاشتی واژۆکرد.

هەڵکشانی مەترسیی شەڕ لە سەرەتای ئەو سەدەیە، تەریبی گەشەسەندنی سەنتەری زانیاری و زۆربوونی چالاکییەکانیان بوو. ڕووسەکان لەم خەباتە ژێرزەمینیەدا سەرسوڕهێنەرترین ڕووداویان قەوماندووە، چونکە هەژموونیان بەسەر سەرۆکی دژەسیخوڕیی نەمسا - هنگری، ملازم ڕدڵدا، هەبووە. ئەم کەسە ماوەی10ساڵ هەموو نەخشەکانی فەرماندەیی گشتیی سەربازیی

وڵاتەکەی خستووەتە بەردەستی یابان. لە ساڵی 1913، کە دەمامک لەڕووی داماڵدرا، هاوکارەکانی لەنێوان خۆکوژی و گرتندا سەرپشکیان کرد و فیشەکێکی نا بە سەری خۆیەوە. شارەزایانی نەمسایی شەڕی نەمسا - سربستان و بەرپرسی مردنی زیاتر لە 200000 کەس، خۆتێگەیاندنی ڕووسیا لە گالیسیان خستە ئەستۆی ڕدڵ. دیارە ئەوجۆرە ئەنجامگیرییە جێی لێدوانە، بەڵام گومانی تێدا نییە، کە ڕدڵ خائینێک بوو لە هەموو کەس زیاتر زیانی بە وڵاتەکەی خۆی گەیاندووە.

شەڕی یەکەمی جیهان لە بواری سیخوڕیدا، پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر و بە ئەندازەیەک ژمارەی ناوەکان زۆرە، کە بیرخستنەوەی هەموویان لێرەدا جێی نابێتەوە. تەنیا ئاماژە بە و خاڵە دەکەم، کە لەم شەڕەدا تەوەری زانیاریی زۆری بەریتانیا بوو – ئەوان بە ئەنتیلیجنتی سەنتەر (IS)ی دەشوبهێنن - گەیشتە لووتکەی بووژانەوە. بەرچاوترینی ئەو سەنتەرانە، واتا دەستەی زانیاریی (SR) دەریایی دەریاوان هال، بە

وەرگرتنی پەیامێکی زۆر ترسخولّقێنی ئەڵمانیا و کردنەوەی ڕەمزەکەی بەسەرکەوتوویی لە چوونەناوەوەی ئەمەریکا بۆ شەڕ لەپاڵ هاوپەیمانەکانی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی بینی: تەلگرامی زیمرمەن، کە جارێکی تر لە جێگەی خۆیدا باسیدەکەم. هەرچەند هەنگاوی دەستەی زانیاریی فەڕەنسا بەم پلەیە شیاوی بینین نەبوو، بەڵام لەڕووی چالاکییەوە کاریگەر و گیان بەختکردنی دلێرانە شتێکی کەم نییە. لە کۆمەڵێک ناو ئاماژە بە ناوی شارڵ لوسیتو دەکەم - دانی پێدادەنێم بە ڕێککەوت هەڵمبژاردووە -. لە ئەڵمانیا و لە مەئموریەتێکی مەرگهێندا توانیی نهێنیی پێکهاتەی گازی خنکێنەر بزانێت. بەهۆی ئەم هەنگاوە بوێرانەیە، لە وەختی خۆیدا ماسکی دژەگاز درووستکرا و پێش بە کوشتارێکی ترسناک گیرا.

ئەرکی سەنتەرە زانیارییەکان لە جەنگی دووەمی جیهاندا، زیاترە. کتێبێکی زۆر - کە ناوەڕۆکی هەندێکیان ڕاستە - ورووژێنەرترین کارەساتی سیخوڕی ئەم جەنگەیان، گێڕاوەتەوە و خوێنەری خۆیان

به تۆڕ و کارمەندانی ناسراو و ڕووداوی پڕ هەراوهۆریا ئاشناکردووە: (ئۆرکێسترای سوور) تۆڕی لیۆپولد ترپێر سەر بە سۆڤێت و ڕیشارسوژ، کە لە ژاپۆن مێژووی وردی پەلاماری ئەڵمانیای دا، بە ستالین - هەرچەند ستالین باوەڕی نەکرد - پشت بەستوو پێی، مۆسکۆی ڕزگارکرد، کە ژاپۆن پەلاماری سۆڤێت نادات، چونکە ئەم هەواڵە ڕێی بە سۆڤێت دا یەکەجێگیرکراوەکانی سیبریای خۆرهەڵات بگوازێتەوە بەرەی خۆرئاوا. ڕۆدلف ڕۆسلەر، کتێبفرۆشە بچوکەکەی لوسرن[23]، (ئەو پیاوەی کە لەپشت هیتلەرەوە وتاری دەخوێندەوە)، لە کەمترین ماوەدا هەواڵی نەخشەی گەورەی فەرماندەیی سوپای ئەڵمانیای گەیاندە مۆسکۆ. ئەلیزا بازنا، کە زیاتر بە سیسیرۆن ناسراوە، کارمەندی باڵیۆزی بەریتانیا بوو لە ئەنقەرە، بەڵگەی پڕ بەهای خستە بەردەستی ئەڵمانییەکان، بەڵگەیەک پاش کێبەرکێی هەبوو، لە هیچ شەڕێک سوودیان لێوەرنەگیرا، کە هیتلەر هەڵیگیرساندبوو: (ئۆلترا) ناوی کۆدی کردنەوەی ڕەمزی ئامێری (ئەنگیما) بوو،

هەموو پەیامە ستراتیژییەکانی ئەڵمانیای ڕەمزاوی دەکرد، بەهۆی کردنەوەی کۆدی نهێنی، هەموو هێرشە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیای دژی بەریتانیای تێکشکاند، توانیی ڕومێل لە دەروازەی میسر بوەستێنێت و هاوکاریی پێشڕەوی هاوپەیمانانی کرد، بۆ دابەزین لە نۆرماندی.

ئەو چوار ڕووداوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن: تەلگرام زیمرمەن، تۆڕی سورژ، تۆڕی ڕۆسلەر و ئۆلترا، وەڵامی پرسیاری سەرەتای کتێبەکە دەدەنەوە. هیچکام لەو ڕووداوانە ئاکامی شەڕەکانی جیهانییان نەگۆڕی، بەڵام ڕەوتەکەیان گۆڕیوە ، خێرا بە کۆتایی گەیاندوون و بە هەموارکردنی دەستکەوتەکانیان، ڕێیان لە مردنی ملیۆنان مرۆڤ گرتووە. سیخوڕی بونیادی ڕەوشی مێژوو ناگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی بەقووڵی بگۆڕێت.

لە ساڵی 1945 بەدواوە، هیچ شەڕێک پێوەری جیهانی نەهێناوە و هیچ دەسەڵاتێکی زەبەلاح هەنگاوی لە ڕێگەی تێکهەڵچوونەوە

نەهاویشتووە، کە هەڕەشە لە بوونی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، قەت سیخوڕی چالاکییەکانی کەم نەکردووەتەوە: یەکەم، لە ماوەی (شەڕی سارد)دا، کە لە 1945 تا 1963 زوڵمی دەکرد، بوارێکی گونجاوی بۆ چالاکیی سیخوڕی ڕەخساندووە: پاشان لەم دواییەدا، سەردەمێک سیخوڕەکان هەنگاویان بۆ قەڵەمڕەو و هەوڵدانی سیاسیی (ناجێگیر)، ئابووری و تەکنەلۆژیا ناوە.

تەنانەت پێش کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم، چوونەناوەوەی "سیخوڕەکان"مان بۆ چەکە ئەتۆمییەکاکی ئەمەریکا بینیی، کە چۆن تۆڕی کەی. گی. پی و گ. ئاڕ. ئۆ نهێنیی بۆمبی ئەتۆمییان دزی. ژمارەیەک لە و سیخوڕانە چ لە وڵاتەیەکگرتووەکان و چ لە بەریتانیا ناسران: هری گۆڵد، دیڤید گرین گڵاس ئاتل و جۆلیۆس ڕۆزنبەرگ، کڵاوس فوخەر، ئالن نان می. ماوەیەک دوای ڕاکردنی دیبلۆماسە ئینگلیزەکان بەرگش، مەک لین، پاشان هارۆڵد فیلبی کارمەندی ئێم. ئەی. 6، لە ساڵی 1963 بۆ سۆڤێت هۆی تری نفوزی سیخوڕانی

دەستەی زانیاریی سۆڤێت دەداتە دەست. هەر لەو کاتەدا ئەمەریکییەکان تەکنەلۆژیای هەواڵگریی نوێیان بەکارهێنا و زۆرجار بە ڕێوشوێنی مەئمورییەتی فڕۆکەی U2، لە ئاسمانەوە وێنەی قەڵەمڕەویی سۆڤێتیان گرت، فڕۆکەیەکیان بە ڕێنمایی فرانسیس گری پاوزەر، ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی ساڵی1960 کەوتەخوارەوە، کە دەیتوانی لە بەرزیی 16000مەتر بفڕێت.

پاش ئەو تێکشکانە، مانگەدەستکردە سەربازییەکان جێی فڕۆکە هەواڵگرییەکانیان گرتەوە. ئەم دەزگایانە ڕێیان بە سۆڤێت و ئەمەریکییەکان داوە لە قەڵەمڕەویی نوێدا، ئەنجامگیریی زۆرگرنگ بکەن، کە ئەمڕۆ بۆ سیخوڕیی ئەلکترۆنیکی بایەخی بنچینەیی هەیە.

خوێنەر تەنیا بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بۆی دەردەکەوێت، چۆن سیخوڕی لە ساڵەکانی ئەم دواییە قەڵەمڕەوی خۆی فراوانکردووە، بێئەوەی شتێک لە تینوتاوی کەمبکاتەوە.

هەموو کەمپەکان و کەموزۆر هەموو وڵاتان سـوود لـەم چەکە وەردەگــرن. بـە درێـژایـی ئەم سەردەمە ناوی ئەو سیخوڕانە بەرچاو دەکـەوێـت، کـە دەمـامـکـی ڕوویـان لادراوە: سیخوڕەکانی سۆڤێت: پـاولـۆف (1965)، باکیولۆف (1969)، گۆنتر گیوم (1974)، میرۆنکین، فابیو، بۆفیس (1978). سیخوڕە ئەمەریکییەکان لە ژانویەی 1976 ناوییان لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوکرایەوە. سیخوڕانی ئیسرائیلی: ئالای کۆهن (1965)، فرۆنکنشت (1969) و هتد.

ژمـارەی ڕووداوەکـانـیـش لـەوە زۆرتـرە، کە بتوانین ئاماژە بە هەموویان بکەین. تەنها باسی یەکێکیان دەکەم، کە هەرچەند لەڕووی ماهییەتەوە نوێ نییە، بەڵام لە ڕوانگەی بێباکی لە بەدیهێناندا، سەرکەوتنی بەرچاو و دەگمەنی بەخۆوە بینیوە: ئەو چالاکییە پێشتر بەرنامەی بۆ دانــــراوە، سـەنـتـەری نهێنی و سـوپـای ئیسرائیل، کە ڕۆژی سێیەمی ژوئیەی 1976، ئازادکردنی 104 بارمتەی لە گرتووخانەی ئەنتەبە ئاسانکرد.

## قەڵەمڕەو و مەئمورییەتی ڕێکخراوە تایبەتییەکان

بە ڕەوا یا نـاڕەوا کوشتنی ترۆتسکی لە ساڵی 1940، دیارنەمانی بێژەری ڕادیـۆ، ئەلکساندرا سچک لە شەڕی یەکەمی جیهان، لەسێدارەدانی لیۆپۆلد، قاچاخچیی چەک لە شەڕی جەزائیر، ڕفاندنی ئایشمەن تاوانکاری شەڕی نازی لە ساڵی 1962 و ڕووخانی ئالندە سەرۆککۆماری چیللی لە 1973 دراوەتە پاڵ کەی. جی. پی، هەواڵدەری دەستەی، سدیس، مۆساد و سیا، واتا هەواڵگرییەکانی سۆڤێت، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیسرائیل و ئەمەریکا. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەم هەنگاوانە کاری سیـخـوڕەکان نـەبـووە. جێی خـۆیـەتـی ئەم نادرووستییە بەئاشکرا ڕوونبکرێتەوە.

کاتێک، دەوڵەتێک دەیەوێت لە دەرەوەی وڵاتـەکـەی کارێکی نایاسایی بکات - ئەمە شتێکە لە هەموو وڵاتان و هەموو زەمەنەکان ڕوویداوە و دیسانەوە ڕوودەدات - بێگومان دەسـتـی هـاوکـاری بـەرەو ڕێکخراوەکانیان درێـژدەکـەن، کە لە دەرەوەی وڵات خـاوەن مەئمووری نهێنین، واتـە سیخوڕ. هەروەها سیخوڕی و ئـەم جـۆرە چالاکییە سـوود لە

هونەری هاوشێوە وەردەگرن، کە هەمان هەنگاوی نهێنییە و بە سەرنجدان بەوەی، کە دەبێت چالاکیی نایاسایی بۆ سەرکەوتن، زانیاریی وردی هەبێت. گەڕاندنەوەی ئەم جۆرە چالاکییە بۆ دەستەی سیخوڕی لۆژیکییە، کەوایە سیخوڕی و سەرەخۆرەیی دژە سیخوڕی و هەنگاوی نهێنی دەکەونە چوارچێوەیەکەوە، کە هەوڵدەدەم باسی ناوەرۆکەکەی بکەم. یەک ئیدارە، یا چەند ئیدارەیەک ئەم هەر سێ کارە بەیەکەوە دەکەن، کە پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە و بەوردی مەئمورییەتەکەیان نیشاندەدەم. تێکڕای ئەو ئیدارانە لەلایەن پسپۆڕانەوە وەک (خزمەتگوزاریی تایبەتی) دەناسرێن.

سیخوڕی کۆنترین و گرنگترین لقی ئەم خزمەتگوزارییەیە، بەڵام بەهۆی بەسوک سەیرکردنی ئەم وشەیە، پرۆفیشناڵییان بە باشتر دەزانن تا باسی (زانیاری) یا ڕێکخراوی زانیاری (SR) بکەن (پیتی سەرەتایی دوو وشەی سەنتەری زانیاری، کە بەهای پەیوەندی بە ماهییەتی و بنچینەی شتێک، یا چۆنیەتی، منیش هەر بەو شێوەیە

بەکاریدەهێنم). هەروەها هەواڵگرەکانی SR (سیخوڕ) نین، بەڵکو (مەئمور)ن. وشەکانی (سیخوڕی) و (سیخوڕان) تایبەتن بە دوژمن، هەر ئەوەشە وایکردووە، هێشتا باسی (دژە سیخوڕی) دەکرێت.

(ڕێکخراوێکی زانیاری)، بەگوێرەی پێوەری جۆراوجۆر بۆ چەند بەشێک دابەشدەکرێت: هۆبەی جوگرافیایی، کە دەسەڵاتییان سەردەکێشێتە گرووپە جیاجیاکانی وڵات: دنیای خۆرئاوا، وڵاتانی خۆرهەڵات، ڕۆژهەڵاتی دوور، ئەفەریقیا و ئەمەریکای لاتین. هۆبەی کەرەستەکان کە لە بواری جیاجیای زانیاری دەکۆڵنەوە: زانیاریی سەربازی، سیاسی، ئابووری، زانستی، پیشەیی و کۆمەڵایەتی. هۆبەی تەکنیکی، کە تەکنیکی جۆراوجۆر "بە دەستهێنانی زانیاری"ی بەکاردەهێنن: بەدەستخستنی هەواڵی باو، دەستگەیشتن بە پەیامی ڕەمز "دوژمن" لە کاتی پەیوەندیکردندا، کردنەوەی پەیامی ڕەمزی، چاودێریکردن بەهۆی مانگی دەستکرد و لەم جۆرە.

بێشک دژەسیخوڕی ڕێکخراوێکە، بۆ

ئەمنیەتی هەرحوکومەتێک پێویستە. ئەم ڕێکخراوە سیخوڕان دەگرن و دەناسێنن: ئەمە دژەسیخوڕیی سەرکوتکەرە، بەڵام بۆ پاراستنی سەنتەری زانیاری، دەبێت زانیاری لە ئۆرگانیزەکردن و ڕێبازەکانی دژەسیخوڕیی دوژمنیش بەدەست بهێنرێت و بە سوودوەرگرتن لە (مەئمورانی دووسەرە)، ڕوو لە چالاکی (ژەهراویکردن)[24] دەکەن.

پۆلیس لە وڵاتانی دیموکراتیک سەرچاوەی باشییان لە بەردەستە، بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە قەڵەمڕەوی نیشتمانی، ئەرکی دژەسیخوڕی سەرکوتکەر؛ چالاکییەکانی دیکەیە لە قەڵەمڕەوی ڕێکخراوە تایبەتیەکاندان، کە پەیوەندییان بە دژە سیخوڕییەوە هەیە.

سێیەم هۆبەی ئەم ڕێکخراوە تایبەتیانە هۆبەی (هەنگاو)ە، کە دەکرێت لە شێوەی جیاجیادا دەربکەوێت: نیەتخراپی دژی کەسەکان یا ئامانجی ماددی: ڕفاندنی خەڵک، دوورخستنەوە و ڕاوەدوونانی زیندانی لە مەترسی، چالاکی کۆماندۆیی و تەنانەت لە هەندێک لایەنەوە چالاکیی نیمچەسەربازی.

دەکرێت هەنگاو لە شێوازی توندوتیژیی کەمتردا، بەڵام هەندێک جار بە دیاردەی تر – بەو ئاستە کاریگەر – دەربکەوێت: هەنگاوی دەروونــی و پڕوپاگەندەیی. ئـەم ڕەوتــە لە شــەڕی یـەکـەمـی جیـهـان دا لـە پێوەرێکی فراواندا سـەری هەڵدا یا لانیکەم، بۆ یەکەم جار بەکارهێنران و پاشان، دوای گەشەپێدانی مـاس میدیا و فشـاری تونـدی ڕای گشتی لەسەر سیاسەت، ڕۆژانە گەشەیانکرد.

**پەراوێزەکان:**

1- ڕابەری نەتەوەی جوولەکە دوای موسا و گرتنی کەنعان.

2- شارێکی کۆنە لە ئوردونی ئێستا.

3- دەسەڵاتدارێکی سەردەمی داریۆشە.

4- شارێکی دێرینە و کەوتووەتە کەناری ڕاستی ڕووباری نیل لە میسر.

5- شارێکی دێرینی میسرە.

6- بوورج و قەڵا دێرینەکان کە کەوتوونەتە ئیسرائیلی ئێستاوە.

7- سەرداری ڕۆمی (23-5183پێش زایین) کە بە سەر ئانیپاڵدا سەرکەوت.

8- پادشای فەرەنسا (11-651223زایینی).

9- پادشای فەرەنسا (126-81314).

10- کەشیشی جێ متمانە و ڕاوێژکاری ڕیشیلۆ.

1-1 D.Artagnan یا پیردۆمنتسکیۆ، مارشاڵی فەڕەنسا (164-51725)

12- 164-91734) Lowise de kerqual) گراوی پاشای بەریتانیا و لایەنگری فەرەنسا.

13- 165-61723)Dubois) کەسایەتیی پێگەخوازیفەڕەنسی، کە لە ساڵی 1722 بوو بە سەرۆک وەزیران.

14- برازای لویی چواردە (16-741723) لە سەرەتای پاشایەتی، لویی پانزەم جێگری پاشا بوو.

15- Stanhopeسیاسەتمەداری بەریتانیا (16-731721).

16- ئاماژەیە بە چیرۆکی ڕێوی و لەک لەکی لاڤۆنتین.

1-7Daun مارشاڵی نەمسایی (170-51766).

18- Hochkirch گوندێکی ساکسە.

19- D.Foa مەئموری سیاسیی لویی پانزدەیەم ،کە بە جلی ژنانەوە ڕێی دەربارى شاژنی ڕووسیایەی دۆزییەوە.

20–Adams نووسەری ئەمەریکی (175–51831).

2–1Fenimore Cooper نووسەری ئەمەریکی (178–91851).

22– ئەلفرێد دریفۆس، ئەفسەری فەرەنسی جوولەکە، کە بەناهەق بە سیخوڕی تۆمەتبارکرا و حکومدرا، بەلآم دواتر ئابڕووی بۆ گەڕێنرایەوە.

23– Lucernc یا لۆتسێرن شارێکە لە سویسرا و کانتۆنێکیش بە و ناوەوە هەیە.

24– رک: ل58هەمان کتێب (نووسەر).

# بەشی دووەم

# میتۆد و میکانیزمەکانی سیخوڕی

## بەدەستخستنی هەواڵ
## لە ڕێگەی میتۆدە باوەکانەوە

بە مانای تایبەتی وشە، بۆ سیخوڕی گەڕاینەوە. ئەم پیشەیە بریتییە لە سێ قۆناغ: وەرگرتن، گواستنەوە و پاراستنی زانیاری. بەدوای یەکدا باسییان دەکەم.

دەسەڵاتداران، سەربازان، بیرمەندان، ئەندازیاران هەندێک بڕیار و تێڕوانینی وڵاتانی بێگانە، دەدەن و دەردەبڕن. کارەکان بەپێی ئەو بڕیار و تێڕوانیانە ئەنجامدەدرێن، بەڵگەنامەکان ڕێکدەخرێن و قاتبەندی کارەکان ڕادەپەڕێندرێن. ئەگەر پڕۆسەی وەسفکردن لە بەستێنێک بێت و بکەوێتە ژێر سەرنجی دەوڵەتەکەمانەوە، ئەگەر ئەو هەنگاوە بەنهێنیی بێت، دەبێتە ئامانجێکی ڕێکخراوێکی زانیاری. ڕێکخراوی زانیاری بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا، دەبێت کلاوڕۆژنەیەک لە قۆناغی ئەم ڕەوتە نهێنیەدا بکاتەوە: گوێ لە قسەی ئەو کەسانە بگرێت، کە لە هەرەمی ئەو کارەدان، یا هانیان بدات قسەبکەن، پاشان لە ئەڵقەکانی داهاتووی ئەم زنجیرەیە بکۆڵێتەوە: بەڵگەنامەکان بخوێنێتەوە، یا کۆپییان بکات،

پەیامەکان وەربگرێت و تەنانەت ئاگای لە ئەزموونەکان، یا ڕووداوەکان بێت. میتۆدی سەنتەری زانیاری لە هەموو سەرچاوەکاندا بریتییە لە دیتن، یا بیستن: دیتن و بیستن بەهۆی چاو و گوێ - بە چاوتیژی و تەلەفۆن و لە کاتی پێویست بەیارمەتیی دەزگاکان - یا دیتن و بیستن بەهۆی ئەوئامێرانەوە، کە پێویستیان بە خۆتێگەیاندنی مرۆڤ نییە.

بۆ یەکەم، سەنتەری زانیاری وەک میتۆدێکی باو، سوود لە (مەئموران) وەردەگرێت. بۆ دووەم سوود لە ئامێری پێشکەوتوو وەردەگرێت، کە شارەزایان لەو بوارەدا کاری پێدەکەن. ئەمە میتۆدێکە ناویدەنێم میتۆدی مۆدێرن، چونکە کورت و کرمانجی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دیتووە.

1- مەئموورەکان - سۆن تزوی چینی، کە فەرماندەی سوپای پادشا و (فەرمانڕەوای نانکون) بوو، لە سەدەی چوارەمی پێش زایین، نامیلکەیەکی بە ناوی پینگ فا نووسیوە، کە کۆنترین و سەرنجڕاکێشەرترین نووسینەکانی هونەری بە نیزامیکردنە، کە بۆمان ماوەتەوە. بەشێکی ئەم نامیلکەیە بۆ سیخوڕی

تەرخانکراوە، نووسەر تێیدا مەئمووورانی بۆ پێنج گرووپ ڕیزبەندی کردووە. هێڵی سەرەکی ئەم ڕیزبەندییە ئەمڕۆکەش بە گوڕوتینی خۆی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ لە گێڕانەوەی بەدوور دەگرم، چونکە بەم ڕیزبەندییە کەمێک وشک، بۆچوونێکم پێ باشە، کە هەرچەند تەکنیکەکەی لاوازترە، بەڵام دینامیکی زۆرترە: چونکە مەئمووران لەڕووی ڕەگەزنامە، کار، ئایدۆلۆژیا و نەتەوەوە هەڵدەبژێردرێن؟

دەترسم وەڵامەکەم زۆر ڕوون نەبێت. لەڕاستیدا ئەمە وەڵامەکەیە: جیاوازی نییە. تکایە دڵنیام، کە نە ڕەگەزنامەی کەسەکە، نە نەژاد و نە بۆچوونی فەلسەفی، هیچ کامێکییان کاریگەری لەسەر ئامادەیی، یا نا ئامادەیی بۆ سیخوڕیکردن نییە. سیخوڕەکان تایبەتمەندییەتی جەستەیی، دەروونی، یا ئەخلاقی تایبەت بە خۆیان نییە؛ تەنیا ڕووداو و بارودۆخەکان خستوونییەتە ئەم ڕەوتەوە، بەڵام ئەو بارودۆخانە لە هەندێک کات و ناوچەی جیهاندا، کەسانێکی بەرەو چینێکی تایبەت پەلکێش کردبێت، کە سیخوڕ بەکاردەهێنن. بۆیە پێموایە ئاسانترە جارێکی

تر چاو بەو گرووپانەدا بخشێنینەوە، کە لە سەرەتای ئەم پەرەگرافەدا باسمانکردن.

لە ژنانەوە دەستپێدەکەم، چونکە لە بەرهەمەکانی تەرخانکراو بۆ سیخوڕیدا، پشکی شێرییان هەیە. هیچ کتێب یا فلیمێکی سیخوڕی نەنووسراوە، یا بەرهەمنەهاتووە، کە (سیخوڕێکی جوان)ی تێدا نەناسێنرابێت، بە ئاوڕدانەوە لە پێشینەی زیهنی هەبوو، ئەمە زیاتر لای هەمووان پەسنددەبێت، کە یەکجێ ناوێکمان بە خەیاڵدا دێت: ماتاهاری!

لە دنیای ڕاستەقینەدا، ژنی سیخوڕ و بەتایبەت (سیخوڕی جوان)، کەسایەتییەکی دەگمەنە. ژمارەی ئەو ژنانە لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕێت، کە ڕۆڵی فریودانی زەقیان لە سەنتەری زانیاریدا بینیبێت. کنتس کارلایل کە ئەلکساندار دوما بە ناوی میلادی بەنەمری هێشتییەوە؛ لوئیز دوکرواڵ کە لویی چواردەی بە شارڵی دووەم پاشای بەریتانیا (قاڵب) کرد و بووە ئەویندارێ بەهێزی؛ خاتو بارون دوکاولا، کە توانیی نهێنیی ژەنەڕاڵ دوسیسی وەزیری شەڕی فەڕەنسا

بخاتە بەردەست، شتیەبر خاوەن دەسەڵاتی ڕێکخراوی زانیاری پروس؛ مارت ڕیشەر، کە زیاتر بە ڕیشار ناسراوە، ئەو کەسەی سەرۆکی ئیدارەی زانیاریی ئەڵمانیای لە مەدرید تەفرەدا و بەکورتی ماتاهاری ناسراو. دوا ناو تەنیا بەهۆی ئەو ئەفسانەوە لەم لیستەدا هاتووە، کە بۆیان هۆنیوەتەوە. لەڕاستیدا ژنێکی سۆزانیی گەورە، بەڵام سیخوڕێکی بوودەڵە بوو. خوی بەوەوەگرتبوو، کە لە نەرمینواندندا، بێگومان خوێنشیرینیی خۆیدا، پارەیەکی دەست بکەوێت. بڕوا بکە دەکرێت هەمان بڕ لەبەرامبەر زانیاریەکی بێکەڵکدا داوابکات، کە دەیدات، بەڵام لەو کارەدا سەروکارێکی تری لەگەڵ پیاوان هەیە و خۆی لەو پێناوەدا کردە قوربانی.

لەبەرامبەردا، خاتونانی بەردەست و خزمەتگوزار "سیخوڕی ژن" زۆر بوون. لانیکەم لە مێژووچکەی ئەم هەڵسووڕانەدا ناوی یەکێکییان بە یادگاری دەمێنێتەوە: کارەکەریماڵەوەی شوارتز کوپن، کە بەهۆی ڕووداوی دریفۆسەو، پوختەیەکی بەڵگەکانی ئەڵمانیای لە

سەڵڵەی خۆڵی سەربازییەوە، تەسلیمی ئیدارەی دووەمی سوپای فەڕەنسای دەکرد.

تەنانەت لە قەڵەمڕەویی سیخوڕیدا چاومان بە ژنانی نارەسەن دەکەوێت، وەک: بێل بۆید کە بەهۆی شەڕی جیابوونەوەی ئەمەریکا بە ئەسپ بەنێو هێڵی باکوورییەکاندا دەپەڕییەوە، تا زانیارییەکانی بگەیەنێتە باشوورییەکان، یا ئەلیس دوبووا (کە ناوی ڕاستەقینەی لوبیز دوبنتی نی بوو) لە شەڕی یەکەمی جیهان و لە گەرمەی سەرمای زستاندا بەمەلە لە کەناڵی بەلجیکا دەپەڕییەوە، بانەوبان ڕایدەکرد و لەژێر فارگۆنەکانی شەمەندەفەر سەفەری دەکرد، ئەو سیخوڕە زۆرانەی کە ئەندامی ڕاپەڕینی بەرگریی فەڕەنسا، یا وڵاتە یەکگرتووەکان بوون.

ژەنەراڵی پرووسی دیکێر لە کتێبی شەڕی بچوکدا، دەنووسێت: (ڕەنگبێت قەت ئەو نهێنییە ئاشکرا نەبێت کە ژن، یا کەشیشەکان نەتوانن ئاشکرای بکەن.) هەرچەند من هاوڕای ئەو گوتەیە نیم، کە بەشداریی ژنان لە چالاکیی سیخوڕیدا نرخی نەماوە، بەڵام وای بۆ دەچم بە درێژایی سەدەکان و تا ئەم دواییە دەرهەق

به پیاوانی کڵێسا ڕاستە. کڵێسا، لە سەرەتای سـەدەی نـاوەڕاسـت تا سـەدەی هــەژدە، کە زۆربـــەی نـوخـبـە و کـولـتـووری بـۆ خـۆی ڕاکێشابوو، ڕۆڵی سیاسیی گرنگی دەبینی،زۆر لە پیاوانی خـۆی گەیاندە پۆستی دەوڵـەت، دیپلۆماسی و تەنانەت سـەربـازی. بەمەش کەشیشانیش هـەم کاریان بە (مەئموووران) دەسـپـارد، هـەم ئامانجی کارپێسپێردراوان بوون.

دەزانین باوکی جۆزێف[1]، سەرپەرشتیاری دەستەی نهێنیی ڕیشیلۆ، بەئاگاترین پیاوی ئەورووپا بوو. ئەم (ڕاوێژکاری پشت پەردەیە) لە تـۆڕی "سیخوڕی" خـۆی، لە کەشیشانی تیپی کاپسونی[2] سوپایەکی ئامادەکردبوو. سەرانسەری ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئەفەریقیای باکووری پڕکردبوو، لە (باوکانی چاکەکار). مـازارن لە ئۆندیدی، ئوسقوفی داهـاتـووی فـرەژۆس[3] و لە باوکی بێرتۆلد، لویی چـواردە بـۆ ئـەم کـارە، سـوودیـان لە کـەشـیـش لانـگـلـە دوفــرا سـنـوا وەردەگــرت و پـاپـای شـەشـەم لـە سـەردەمـی شـۆڕشـی گەورەی فەڕەنسا، مەئمووری نهێنیی بێوێنەی

وەک کەشیش سیفۆرن دوسالومون هەبوو. پشکی وابەستەکانی کڵێسا لە بەریتانیا - ئەو شوێنەی، کە تۆڕی سیخوڕیی ژوزیتەکان (عیساییەکان) لە دێری ڕمس سەرچاوەیان دەگرت، بۆ شاژن ئەلیزابێس بە هەڕەشەیەکی قورس دادەنران - لە فەڕەنسا کەمتر نەبوو.

هەندێک لە ڕێکخراوە زانیارییەکانی ئێستا ئەگەرنا لەناو مەئمووران، لانیکەم لەنێو خزم و کەساندا کەشیشیان هەیە و دەزانین ڤاتیکان بێ بوونی دەستەیەکی سیخوڕیی گونجاو، وەک وڵاتانی تر ستراکچەری هەبێت، دەکەوێتە ڕەوتی سیاسی، ئابوری و دارایی تەواوەوە.

دیارە وەسفهەڵنەگرە، کە لەشکرەکان بەشدارییەکی زۆریان لە چالاکیی سیخوڕیدا هەیە، چونکە ئەم هونەرە لە کاتی شەڕدا بەتایبەتی بەکاردەهێنرێت. یەکەم، لەشکرەکان بنچینەی فەرماندەیی گەورە پێکدەهێنن و جڵەوی ڕێکخراوی زانیارییان بەدەستەوەیە، تەنانەت کاتێک ئەم ڕێکخراوانە بنەمای ئیداری یا مەدەنییان هەیە، وەک سدس لە فەڕەنسا، سیا لە ئەمەریکا، سیس لە بەریتانیا،

یان مۆساد لە ئیسرائیل؛ بەڵام هەندێک جار وا ڕێکدەکەوێت مەئموورى زانیارى و بە دەربڕینێکی تر سیخوڕبن. لەم کاتەدا بە دوو شێوازی جیا چالاکی دەکەن: یان سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی مەئمووریيەتێکن بۆ وڵاتەکەیان، یان بە سیخوڕی لە بەرژەوەندیی دوژمن خیانەت لە وڵاتەکەیان دەکەن. سەربازانی سیخوڕی جۆری یەکەم، بەتایبەت بەهۆی شەڕەوە دەردەکەون، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەدا لە ئاشتیدا دەستبەکاردەبن.

لەسەر ئەوبنچینەیەیە، کە چەندین ئەفسەری هێزی دەریایی ژاپۆن پێش شەڕ 1904، وەک کارمەندی کەشتیەوانی، یان تەنانەت شێف لە ڕووسیا جێگیربوون. لە پەیوەندی بە ئەفسەرانی خائینەوە بەداخەوە ئەسکوێی هەموو دیزەیەکن. لەم نێوەدا بە ناوی سێ کەس کۆتایی دێنم، کە نووسەرانی مێژووی سیخوڕی باش دەیانناسن: سەرهەنگی نەمسایی ڕدڵ، کە پێشتر ناوم هێنا، باوەڕپێکراوی هێزی دەریایی فەڕەنسا ئۆلمۆ، کە دەیویست دەفتەری ڕەمزی تەلگرافی هێزی دەریایی فەڕەنسا بە ئەڵمانیا

بفرۆشێت و ژەنەڕاڵی ئەڵمانیا بە ناوی نهێنی (تۆڵەستێنەوە)، ساڵی 1904 نەخشەی داگیرکردنی فەڕەنسای لە ڕێگەی بەلجیکاوە – وەک نەخشەی شلیفن – خستە بەردەم ئیدارەی دووەمی "سوپای" فەڕەنساوە. لە ساڵی 1913 ڕدڵی ناچارکرد خۆی بکوژێت؛ ئۆلمۆ ساڵی 1908 بە زیندانی هەتاهەتایی زیندانی کرا، بەڵام وا دەردەکەوێت ناسنامەی ڕاستەقینەی (تۆڵەستێنەوە)، بەنهێنیی مایەوە، دەمامکی سەرڕووی دانەماڵدرا.

سیخوڕی لە فەڕەنسا کەوتووەتە بەر تانە و تەشەرێکی زۆرەوە، بۆیە زۆرجار وا دەزانن تاوانباران لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەو چالاکییانەدا پشکی زۆریان هەیە، ڕاستی شتێکی دیکەیە. باتسین تراوای لەنێو کارمەندانی کەموزۆر گرنگیی مێژووی هاوچەرخدا، تاکەسیخوڕی لەقەڵەمدراوی بەشێک لە گرووپی تاوانباران، دزی فەڕەنسییە، کە دەرکەوت مەئموری ڕێکخراوی زانیاریی ئیتالیایا و بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە توانیی چەندین جار لە ئابلۆقەی دەستەی نهێنیی ئەڵمانیا، لە برن

دەربــازی بێت و بەتایبەت لە ئیتالیا لیستی ناوی مەئموورانی ئەڵمانیا بەدەست بهێنێت.

سروشـت و ئاکارێک کـە لـە سـیخوڕێک چـاوەڕێ دەکـرێـت، پووچیی دەسکەوتەکان بە پێوانە بە مەترسیی ئـەو کـارە وادەکـات تاوانباران بە چاوپۆشین لـەوە بە پاڵنەری مـاددی بۆ ئـەم پیشـەیە ڕانـەکـێشـرێن، کە ئامادەیی دەستگەیشتنیان بە زانیاری نییە. بە پێچەوانەوە لە لقەکانی تری ڕێکخراوی تایبەتی، واتـە هۆبەی (هەنگاو) و بەتایبەت هۆبەی (دژەسیخوڕی) سودیان لێ وەردەگیردرێت، چونکە لەم هۆبانەدا ئارەزووی دژەمرۆڤییان تێردەکرێت. دژەسیخوڕی ئەڵمانیا لە ماوەی هەردوو شەڕی جیهانیدا، ژمارەیەکی زۆری کارمەندەکانی لە زیندانییەکان هەڵبژارد. لە فەڕەنسا، ئەو ڕێکخراوانە قازانجێکی زۆریان لە تاوانباران کرد، کە لە دژی سوپای نهێنی تێدەکۆشان.

زۆرجـــار هـۆمـۆسـێـکـسـواڵـەکـان دەبـنـە سیخوڕی زۆر بـاش. ئاگامان لە ڕووداوی دیپلۆماتی برگس و مەک لینە، کە پەیوەندییان بـەم گـرووپـەوە هـەیـە. دەتـوانـم زۆر نـاوی

تریش بێنم. بێشک ئامادەیی هۆکاری هۆمۆسێکسواڵەکان لەو ئارەزووەدا ڕازو نیاز و دەردەدڵی پێکەوەیانە، هەروەها – هەردووکیان پەیوەستن پێکەوە – قبوڵنەکردن و هەندێک جار تەنگژەیەک، کە هۆی نیوەنهێنیی بوونیانە و کۆمەڵگە بەسەریاندا دەسەپێنێت.

بەهۆی هەڵسەنگاندنی ئاستی کەڵەکەبوونی سیخوڕان لە نەتەوەی جۆراوجۆر – بە ڕێوشوێنی پێوەرەکانی ناو گرووپی جیاجیای سیاسی – هەر ئەو لەژێر گوشاربوونەدایە، کە وەک فاکتەری سەرەکی لەبەرچاو دەگیردرێت. لەڕاستیدا زۆربوونی ژمارەی سیخوڕان لەو خەڵکانەدا، کە فڕیان بەسەر تایبەتمەندیی ئاکارییانەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە کەمینەیەکی ڕەزاقورسن.

لە سەرەتای ئەم سەدەیە، کەمینەی سلاڤ لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و چیکەکان، ئیتالییەکان و ڕۆمانییەکان لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا – کۆمەڵە سەرچاوەیەک بوون سەنتەری زانیاریی ئەورووپا، زۆر سوودی لێوەردەگرتن. نەیارانی نەتەوەیی و سیاسیی وڵاتانی کۆمۆنیستی پاش جەنگی

دووەمــی جیهانی هـەمـان دۆخـیـان هـەبـوو: ئۆکرانییەکان، ئەرمینییەکان، هۆڵەندییەکان پاش ڕاپەڕینەکەی 1956 و چیکەکان پاش تێکشکانی (بەهارپراگ). سیخوڕی شوێن لەناو کۆچبەراندا بەکاردەهێنرێت، بەم بیرهێنانەوە وڵاتان سەرەتا مەئموورەکانیان ڕەوانەی ناو ئەو پەنابەرانە دەکەن.

پەیوەندیی دوولایـەنـەی زوڵـم و ستەم و هــەوڵــدانــی جــوولــەکــە بــۆ ســیــخــوڕی سەلمێندراوە، کە لەگەڵ ئەرمینییەکان دوو میللەتن لە کۆنەوە و بەزۆری ئازار و ئەزیەت دراون و ڕاوەدوونــراوون. پارێزگاریکردن لە مانەوە و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی خۆت، وای لە کۆمەڵگەی جوولەکە کردووە توانای سیخوڕی بخەنە ژێرسەرنجەوە و بـەم شێوەیە وردبینی و پـەرتـەوازەیـی یار و یاوەریان بووە. ترلو، سەرۆکی خزمەتی نهێنیی کرامۆل، ئەرکی بە تۆڕێکی بازرگانانی جوولەکەی پەرتەوازە لە ئەمەریکا سپاردبوو. لێهاتوویی ئەم تۆڕە سەرکەوتنێکی گەورەی دەریـــاوان بلیکی ئـاسـانـکـرد. بەریتانیا لە سـەروبـەنـدی شـەڕکـردن لـەگـەڵ ناپلیۆندا،

هاوکاریی زۆری لە خزمەتگوزاریی زانیاریی ناتان ڕۆتچیڵد وەرگرت. ڕووسەکان لە شەڕی یەکەمی جیهان، سوودیان لە دوو تۆڕی جوولەکە وەرگرت، کە لە ئەڵمانیا نیشتەجێی کردبوون - گەرچی بە سەرکەوتنێکی کەم -. لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ژمارەی مەئمووررانی جوولەکە زۆربوو. ئاماژەیان پێناکەم، چونکە دەزانم حەزناکەن ئەم کارەیان ئاشکرابێت - هەندێکیان ئابڕوومەندانەوو تەنانەت بوێرانەبوو-. هەرچۆنێک بێت ئێمە باش ئاگامان لە لێهاتوویی سەنتەری زانیاریی ئیسرائیلە.

تا ئێرەی بابەتەکە، کە توێژینەوەبوو لە سیخوڕان، سەرنجمان لەسەر نموونەی نەتەوەیی و سۆسیۆلۆژییە، بەڵام بۆچوونی کردەکی تر و مەلموستریش هەیە، کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی پیشەیی زیاتر دێتەوە. هەڵسوکەوتێک لەسەر ئەم واقیعیەتە وەستاوەتەوە، کە ڕێکخراوی سیخوڕی پێش هەرشتێک هەوڵدەدات (مەئمووررانی شوێن) ڕاوبکات، واتا ئەو کەسانەی کە لەناو، یان دەورووبەری ئامانجی جێی سەرنجیان دان.

ئامانجی سەرەکیی ڕێکخراوی زانیاریی سۆڤێت (GRU)، پاش جەنگی دووەمی جیهان، گەیشتن بوو بە لێکۆڵینەوە ئەتۆمییەکانی ئەمەریکا. بەمەش هەوڵیدا ئەو کەسایەتییانە بخاتە داوەوە، کە لە پێگەی جیاجیای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشداربوون، وەک: هاری گۆلد، کلاوس فۆخ، دیڤید گرین گلاس و ڕۆزنبەرگەکان.

لە سەروبەندی شەڕی ڕووسیا و ژاپۆندا، ژاپۆنییەکان سەرنجی تایبەتیان لەسەر جووڵانی کەشتییە شەڕکەرەکانی ڕووسیا ئەورووپایی بەرەو خۆرهەڵاتی دووربوو. بەمەش هەوڵیاندا لە ئەنجوومەنی دەریاوانی، مەئموور بەکاربهێنن، یان جێگیربکەن، هەرچەندە سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا. ئەڵمانییەکانیش ساڵی 1914 لە سکاپاڤلا و لاساییانکردنەوە. لە ئێستادا چین بەتوندی هەوڵدەدات هەرچی زووترە و بە بودجەی کەمتر دواکەوتوویی تەکنەلۆژییاکەی قەرەبووبکاتەوە. ڕێکخراوە سیخوڕییەکانی ئەم وڵاتە، چاویان لە کارمەندانی پیشەسازیی پێشکەوتوو "وڵاتە پیشەسازییەکان" بڕیوە.

کاتێک ڕێکخراوێکی زانیاری دەیەوێت پەلاماری ئامانجێک بدات، سەرەتا هەوڵدەدات ئەو کەسانە بناسێت کە دەستیان بە زانیاریی ئەو ئامانجە دەگات، پاشان وا دەکات یەکێکیان ڕاوبکات، هەندێک جار ئەم کارە قورسە، چ لەبەرئەوەی زانیاریپێدەران، فیتنە و ئاژاوەگێڕ نین، چ بەو هۆیەی بەتوندی چاودێرییان دەکرێت، یان بەو بیانووەی ئەگەری پەیوەندیکردن پێیانەوە نییە. لەم کاتەدا ڕێکخراوی زانیاری ڕوودەکاتە کەسانی جێی سەرنج، کە دەتوانن ناڕاستەوخۆ لە ئامانجەکەی نزیکبکەنەوە: خزم و کەس، هاوڕێ، دۆست، دراوسێ، هاووەرزش، ئەو کەسانەی کە لە یانەیەکدا پێکەوەن. گەر دەستییان بەو کەسانەش نەگەیشت، بازنەکە فراوانتر دەبێت تا ئاقیبەت شوێنی لەنگەرگرتن دەدۆزنەوە. ڕەنگە ئەم کارە لەکۆتاییدا کەسانێکی زۆر بگرێتەخۆ. لەبەر هەندێک دەکرێت هەموو کەس لە خۆیدا هەست بەم ترسە، یان ئەو هیوایە – بەپێی خولقوخۆی خۆی – ڕەفتاربکات، یان لە دڵدا پەروەردەبکات، کە ڕۆژێک بکەوێتە سەر ڕێی سیخوڕ بەکارهێنەرێک.

چەمکی (مەئمووری شوێن) ڕێم پێدەدات، جۆرێکی تری ڕیزبەندیی سیخوڕان بخەمەڕوو: سیخوڕی ڕێککەوت و سیخوڕی بەردەوام، یان سیخوڕی کەمئەزموون و سیخوڕی پڕۆفیشناڵ.

لەڕاستیدا دەکرێت ئامانجی ڕێکخراوی زانیاریی هەمیشەیی، یان کاتی، یان تەنانەت زووتێپەڕبێت: چالاکی پاش ماوەیەک بەهای خۆی نامێنێت، چ بەهۆی بە دەستهێنانی زانیاریی جێمەبەست، چ بەو هۆیەی ئامانجەکە نەماوە، یان بەهای خۆی لەدەستداوە. بە سێ نموونە ئەم بابەتە ڕووندەکەمەوە: زانستی ئەلکترۆنی پێشکەوتووی وڵاتێکی بێگانە، ئامانجێکی هەمیشەییە. ڕێککەوتننامەی نێوان دوو وڵات بۆ فرۆشتنی فڕۆکەی شەڕکەر لە یەکێکیانەوە بە ئەوی تر، ئامانجێکی کاتییە و کاتێک چالاکییەکە نامێنێت، کە تەواوبوو، یان وازیلێهێندرا. ڕێکخراوی هەواڵگریی سەربازی لە چالاکیدا، سەرنجی لەسەر ئامانجی زووتێپەڕە: کاتێک ناسینی یەکەیەکی دوژمن لە کاتی داگیرکردنی گوندێکدا جێگۆڕکێ بە هێڵی شەڕ بکات، بێبەها دەبێت.

(مەئمووری شوێن) دەبێتە مەئمووریێکی هەمیشەیی و هەوڵدەدات لێکۆڵینەوەی ئەلکترۆنی بێگانە بزانێت، کە ئەو ئیدارە زانیارییەی کاری پێسپاردووە، تا کاتی خانەنشینبوونی لە خزمەتی خۆی دابێت و دەبێتە سیخوڕێکی پرۆفیشناڵ. بۆ دووەم مەئمووریێک لە گەرمەی کەینوبەینی ڕاسپێردراودا، تەنیا چەند مانگێک تەمەنی خزمەتی سوودبەخشی دەبێت؛ ئەمە مەئمووری ڕێککەوتە، کە بە سەرنجدان بەو پێگانەی کاری پێسپێردراوە، ماوەیەکی کەم مووچەوەردەگرێت و لەکۆتایی چالاکییەکەدا ئیزن دەدرێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا ناوی لە ئەرشیفدا دەپارێزرێت تا ئەگەر هاتوو ڕۆژێک پێویستییان بە پسپۆڕییەکەی بوو، جارێکی تر بەکاربهێنرێتەوە. لەبارەی سێیەم مەئموور، بەگشتی جووتیارێکە لە ناوچەی چالاکییەکە و مەئمووریەتێکی کورت ڕادەپەڕێنێت، لەکۆتایی کارەکەدا یەکسەر لە دنیای سیخوڕی دەچێتەدەرەوە.

من مەئموورانی شوێنم بە مەئمووری پرۆفیشناڵ ناوزەدکردووە، کە لە کرۆکی

ئامانجێکی هەمیشەیی دان، چونکە بەردەوام هاوکاریی ڕێکخراوی زانیاری دەکەن، بەڵام وشەی نیوەپیشەیی بۆ ئەوان گونجاوترە. دوو کاریان هەیە؛ یەکەم بەڵگەی بەکاربرهێنانیان بۆ کاری سیخوڕییە و بێ ئەو بەهایان لەدەستدەدەن و کاری دواتری هەر سیخوڕییە.

سیخوڕێکی پرۆفیشناڵی ڕاستەقینەیە، کەسێکە تەواو تایبەتی سەر بەو ڕێکخراوی زانیارییەبێت، کە کاری پێسپاردووە. دەبێتە (مەئمووری شوێن)، چونکە دەچێتە شوێنێک، یا لە شوێنێک جێگیری دەکەن: بەم شێوەیە دەکرێت لە سەنتەرێکی توێژینەوە، لە کۆمپانیایەکی درووستکردنی فڕۆکە، دامەزراوەیەکی هاوردە - هەناردە، باڵوێزخانەیەک، کادری ڕێبەریکردنی حیزبێکی سیاسی و تەنانەت هەندێک جار لە ڕێکخراوی زانیاریی دوژمن ئەرکی پێبدرێت: یاماموتۆی ئەفسەری ژاپۆنی، ساڵی 1898 لە جلوبەرگی شێفدا لە (بنکەی هێزی دەریایی) ئۆدیسا خزمەتیدەکرد. شۆلمیستەری مەئمووری ناپلیۆن لە ولم، ببووە ئەندامی ڕێکخراوی زانیاریی چالاکیی ژەنەراڵ مەکی نەمسایی؛

واژلی فەڕەنسی لە جەنگی یەکەمی جیهان لە بارەگای فەرماندەیی گشتیی سوپای ئەڵمانیا وەک کارمەندی ئاسایيش خزمەتیدەکرد؛ مارت ڕیشار (مەحرەمی نهێنی)، ببووە سەرۆکی سەنتەری زانیاریی ئەڵمانیا لە مەدرید، ئەیلای کۆهنی ئیسرائیلی، ئەندامی خاوەن نفوزی حیزبی بەعس، حیزبی باڵادەستی سووریا بوو، فیلبی ڕەنگە هەر ئەو کاتە سیخوڕی سۆڤێت بووبێت، کە لە ئێم. ئای6 (MI6)، سەردەمی خزمەتی درەوشاوەی خۆی دەستپێدەکرد.

مەئموورانی پڕۆفیشناڵ هەمیشە بەو ڕێوشوێنە بانگهێشتی خزمەت ناکرێن، کە من ئاماژەم پێکرد. هەندێک جار مەئموورییەتی دژوار و نهێنی بە (ڕواڵەت) کەموزۆر کاتییان پێدەدرێت. لێرەدایە کە بەرچاوترین چالاکیی سەرکەوتوو دەبێت. ئێستا چەند نموونەیەک دێنینەوە:

ساڵی 1598 هنری چوارەم پادشای فەڕەنسا، پەیماننامەی ڤارڤینی لەگەڵ فیلیپی دووەمی پادشای ئیسپانیا بەست. ئاشتبوونەوەی فەڕەنسا لەگەڵ ئیسپانیا، ئەلیزابێسی شاژنی بەریتانیای لە هەمووان

زیاتر تۆقاند. داوای ناوەڕۆکی پەیماننامەکەی دەکرد، سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاری، ڕۆبێرت سیل، سیخوڕێکی کۆنتارینی کردە باڵوێز و لە پاریس مەئمووریەتی پێسپارد، کە لە کاتی ناردنی سەنەدەکە لە پاریسەوە بۆ مەدرید ناوەڕۆکەکەی دەستبکەوێت. کۆنتارینی وێڕای هەموو خۆپارێزییەکی نائاسایی، بە سەرکەوتوویی ئەرکەکەی ڕاپەڕاند.

مەئمووریەتێک کە ڕیشیلۆ بە کنتس دوکارلایلی باشترین سیخوڕی سپارد، هەرچەند لایەنی کلاسیکی کەمترە، بەڵام هەر بەو ڕاددەیە ناسک و هەستیار بووە: گەیشتن بە دوو ملوانکەی ئەڵماس کە شاژن ئان دوتریش بەخشیبووی بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانی لۆرد باکینگهام. لێکدانەوەی مێژوویی ئەم ڕووداوە فرانسوا دولار ڕۆشفوکۆ[4]، لە یاداشتەکان و لایەنی ڕۆمانسییەکەی ئەلکساندار دوما لە بەشێکی کتێبی سێ تفەنگچیدا، فۆڕمییان پێداوە و دەریان بڕیوە.

وینەزای مەئموری ویت مینە ساڵی 1949 ڕاسپێردرا، ئەو ڕاپۆرتە کۆپی بکات، کە ژەنەڕاڵ ڕوور، سەرۆکی فەرماندەیی گشتیی

هێزە پیادەکان لە گەڕانەوەی لە مەئموورییەتێکی فەرمی هند و چین نووسیبووی. وینەزا بە کۆپیەکەوە لە پاریس دەستگیرکرا.

هەر بەم دواییە، کاتێک وڵاتی X لەگەڵ وڵاتێکی دیکە، بۆ فرۆشتنی پێداویستییەکانی شەڕ بە وڵاتی سێیەمەوە کێبەرکێیەتی، سیخوڕێکی وڵاتی X توانیی پێشنیاری وڵاتی دوژمن بەدەستبێنێت و X لە مامەڵەکە بردییەوە.

توێژێکی تایبەتی هاوکاری ڕێکخراوی سیخوڕی هەن، کە بە (خزم و کەس) ناسراون. زۆرجار وتراوە نەبوونی حەقدەستی جیاواز لەگەڵ (مەئمووران)؛ بەڵام پێموایە تەنیا ئەمە بەس نییە، چونکە هەروەک دەبینین مەئموورێکی زۆر پارە وەرناگرن، یا پاڵنەری سەرەکییان لەم کارەدا پارە نییە. لەڕاستیدا جیاوازییان لە ئاستی (شێوازی بەشدارییپێکردن)یاندا پەنهانە: (مەئمووران) ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێرفەرمانی ئەو ڕێکخراوە زانیارییەوە، کە ئەرکی پێسپاردوون، ئەم ڕێکخراوە ئەرکەکەیان دیار و ڕاستەوخۆ ڕێنوێنی، یان چاودێریی ئەنجامدانی دەکات. ئێستا بارودۆخەکە بۆ

(خزم و کەس)، جۆرێکی ترە. پرسیارێکی زۆر لەم خزم و کەسە ئارەزومەندانە دەکرێت، ئەگەر بیانەوێت و بکرێت بە سوودوەرگرتن لە ڕێبازی هەڵبژێردراوی خۆیان وەڵامدەدەنەوە، بێئەوەی ڕێکخراوی زانیاری کاریگەری زانیاری لە ڕێبازی کارەکەیاندا هەبێت.

بەگشتی خزم و کەس ئەو هاوڵاتییانەن، چالاکیی ئیشوکارەکەیان دەیانخاتە بارودۆخێکەوە، کە دەتوانن هەندێک زانیاری کۆبکەنەوە و هەستی نیشتمانپەروەری پاڵنەریانە. لە دوو ڕوانگەوە بایەخیان هەیە: لە لایەکەوە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت. لە لایەکەی دیکەوە لە بەشە تایبەتیەکان زانیارییەکیان چنگدەکەوێت، کە مەئمورێکی نەشارەزا لە کارەکەی بەزەحمەت دەستی دەکەوێت. ئەوان جۆرێک (مەئموور لە شوێنی باڵادەست)ن.

دەکرێت (خزم و کەس)ێک خاوەن کارگەکە بێت، کە لە سەفەر بۆ وڵاتێکی بێگانە دەتوانێت، هەلی سەردانی هەندێک کارگە و تاقیگەی بۆ هەڵکەوێت، یان خاوەن بانکێک،

ئەندازیارێک، مامۆستایەکی دانیشتووی دەرەوە، هاوردەیەک کە دەتوانێت بەوردی پرسیار لە کاڵافرۆشەکان بکات، کارمەندێکی نێودەوڵەتی هاوکارێکی تەکنیکی، شانۆکارێکی گەڕۆک و هتد.

خزم و کەس لە هەندێک بواردا ڕاستەوخۆ زانیاری کۆناکەنەوە، بەڵکو ڕێ بە ڕێکخراوی زانیاری دەدات، کار بە مەئمنورێکی دەرەوەی دامەزراوەکە بسپێرێت، یان سوود لە توانای هاتوچۆی پیشەکەی وەربگرێت.

هەندێک جار (خزم و کەس)ێکی زۆر ئامادە دەبن. لە ساڵەکانی پێش پێکدادانی یەکلاکەرەوەی فەڕەنسا – ئەڵمانیا (1870و 1914)، کەموزۆر هەموو ئەڵمانییەکانی دانیشتووی فەڕەنسا، یان سەفەرییان دەکرد بۆ فەڕەنسا، سیخوڕی ئەڵمانی، یان (خزموکەس)، دەستەی سیخوڕی ئەڵمانیا بوون.

بەریتانیا بە جۆرێک سوودی لە هاوکاریی (خزم و کەس) وەردەگرت، کە یەک لەسەر سێی ڕێکخراوی زانیارییەکەی بۆ ڕاوکردن و کارپێسپاردنیان تەرخانکردووە.

2- پاڵنەری مەئمووران - پیشەی سیخوڕی بریتییە لە مەترسی و تەنگژەی زۆر. ئەم پیشەیە، لانیکەم لە فەرەنسا، زۆر قێزەونە؛ ئاقیبەت کارێکی زۆر دژوارە، بەمەش بۆچی خەڵکێکی کەموزۆر بەکاتی، یان دائیمی چالاکی تا بەم ئاستە نەخوازراوە هەڵدەبژێرن، (ئەنگێزەی) مەئموورانی زانیاری لە ڕووکردنە ئەم پیشە بە چاک نەزانینە چییە؟

پارە، پاڵنەری زۆربەیانە؛ باشترین پاڵنەریشە. بەرپرس و سەرپەرشتی ڕێکخراوێکی زانیاری، لەنێوان جۆرەکانی مەئمووردا، ئەوە بە چاکتر دەزانێت، کە زیاتر شارەزایە. ئەو جۆرە کەسە بەئەزموونە، بەئاسانی گوێڕایەڵی دەکات، شارەزایە و کێشە دروست ناکات.

پرەنسیپێکی بنچینەیی ڕێکخراوی زانیاری دەڵێت: پێویستە حەقدەستی مەئمووران (کاش) و لە بەرامبەر کاردا بدرێت. نابێت هیچ کاتێک هەست بە خاترجەمی کارمەندانی ئیداری بکەن و خاوببنەوە و بوەستن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرپرەنسیپێک ڕیزپەڕێکی هەیە و دەبێت ئەو مەئموورانەی خاوەن پێشینەیەکن، حەقێکی

بەرچاویان پێبدرێت . لەو کارە دووربخرێنەوە، کە لەنێوان دوو مەئمووریيەتدا، تووشی دڵەڕاوکێی ترسناک بن.

نابێت سیخوڕی ئەفسانەیی قبووڵبکرێت، کە ڕەواجی هەیە؛ چونکە ئەم پیشەیە داهاتی نائاسایی نییە. ئاشکرایە هەندێک مەئموریەتی ڕیزپەڕ حەقدەستییان زۆرە، بەڵام سیخوڕێکی باش (!)حەقدەستی لە کارمەندێکی مامناوەند زیاتر وەرناگرێت،[5] کە بە بلیتی گەشتیاری سەفەردەکات و لە میوانخانەی ئاساییدا دەمێنێتەوە.

دۆخەکە سەبارەت بە هەندێک بازرگان، جۆرێکی دیکەیە. ئەمان پارەوەرناگرن، بەڵکو ئاسانکەری پیشەکەیان بۆ دەکرێت، وەک: پێدانی نوێنەرایەتیی پیشەیی، هاوکاری بۆ بەئەنجامگەیاندنی مامەڵەیەک و لەم جۆرە. هەندێک لەو خەڵکانە سامانێکی زۆریان گلداوەتەوە، بەڵام ئەم میتۆدە لە فەڕەنسا بەدەگمەن کاری پێدەکرێت، کە هەندێک ڕێکخراوی زانیاری – بەتایبەت بەریتانییەکان – سوودێکی زۆری لێوەردەگرن.

پارەم وەک یەکەم پاڵنەر ناساند، چونکە ڕەواجی لە هەمووان زیاترە، بەڵام ئەنگێزەی ئابڕوومەندانەش هەیە. هەندێک سیخوڕ بە بەڵگەی نیشتمانپەروەری، نەتەوەخوازی یا ئامانجخوازی ئەم کارە دەکەن. لە شەڕدا ژمارەی ئەو کەسانە تەنانەت لە سیخوڕەکانیش زۆرتر دەبێت، چونکە تەنیا پاڵنەرێکی سۆزداری دەتوانێت ژنان و پیاوانێک بکاتە یار و یاوەریان و ڕێوشوێنێک دەگرنەبەر، کە زۆرجار بە ئەشکەنجە و مردن کۆتایی دێت. ژمارەیان لە شۆڕشی بەرگریی فەڕەنسادا زۆربوو. لەنێو ئەو کەسانەدا سیخوڕیی جۆری کلاسیک وەک نموونە، کارڵ هانس لودی ئەفسەری هێزی دەریایی ئەڵمانیا، لەساڵی 1914 لە تاوەری لە ندەن لەسێدارەدرا، ڕیشار سورژ، لە ساڵی 1944 لە ژاپۆن لەسێدارە درا، ئەلیس دوبوا ساڵی 1918 لە زیندانێکی ئەڵمانیادا مرد، ئەڵمانیا کەموزۆر پیاوانی (ئۆرکسترای سوور) ی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان - سەرۆکەکەیان لیۆپۆلدترپر، سەیر خۆی ڕزگارکرد - ڕۆدۆلف ڕوسیالەر و تۆڕی ئەفسەرانی فەرماندەی فەرماندەیی سوپای سەرسوڕهێنەر بیردێنینەوە.

ڕەنگە نارەزایی، ڕەشبینی و هەستی نادادپەروەریکردن بەرامبەری، پاڵنەری سێیەمی کەسێک بێت بۆ سیخوڕی. ئەم هەستە لەنێو ئەو کارمەند و سەربازانەدا بەرچاودەکەوێت، کە چاویان لە خشتەی هەڵکشان بڕیوە. ناوێکی تایبەتیان لەم گرووپی کارمەندانە ناوە: (تۆڵەستێنەوە)کان. پێشتر باسی ئەو ژەنەڕاڵە ئەڵمانییەمان کرد، کە نەخشەی شلیفنی بە فەڕەنسا فرۆشت. تۆڵەستێنەوەیەکی سوپای فەڕەنسا لە شەڕی یەکەمی جیهاندا گوللەباران کرا.

ڕەنگە لات سەیربێت هەندێک ژن و پیاو، تەنیا بۆ سەرگەرمی ئامادەن سیخوڕی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو هەردوو ڕەگەزدا ئارەزوومەندی زۆرە، کە هیوادارن بە ڕووکردنە ئەم پیشەیە مەیلی شەڕانگێزی و مەترسیخوازیی خۆیان ڕازیبکەن. ئارەزوومەند زۆرە، بەڵام بەدەگمەن کەسێک لەناویاندا هەڵدەبژێردرێت. لەڕاستیدا خاوەن پۆستەکانی زانیاری هێندەی کۆلێرا لەو تازەکارانە دەترسن و کەموزۆر بەردەوام پێشنیارەکانیان ڕەتدەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا

هەندێکییان بە پڕکێشی و لێهاتوویی خۆیان ئەم کۆسپە دەبڕن. لەنێو ئەوانەی کە هەڵدەبژێردرێن، گورج ژمارەیەک وازدەهێنن، چونکە ئەو کارە نەبووە کە چاوەڕێیان دەکرد، ژمارەیەک دەمێننەوە و تەنانەت هەندێک دەبنە سیخوڕی ڕاستەقینە. بەریتانییەکان لەناو گرووپی دواییندا زۆر زۆرن: سیخوڕی لە خوێنیاندایە. وەک وەرزش لە سیخوڕی، - لانیکەم لە یارییەکی خۆش- دەڕوانن و هەندێک جار تێیدا بە باڵاترین پلەی شارەزایی دەگەن.

ناچار و زۆرلێکردن بێ ئەوەی (پاڵنەر)ێکی هەبێت بە مانای کاملّی وشە، هۆیەکی ترە بۆ کێشکردنی هەندێک کەس بۆ سیخوڕی. ئەم میتۆدە توانایەک بەهۆی مەسەلەی دەروونی دەخاتەڕوو، کە ڕۆماننووسەکانی بۆ خۆی پەلکێشکردووە و لەڕووی نمایشەوە دەیخاتە بەردەستی. بەزۆری پۆلیس سوود لەم میتۆدە وەردەگرێت، چونکە پۆلیس سەرچاوەیەکی لەبنەهاتووی تاوانبارانی لە بەردەستە و دەتوانێت بەئاسانی فشاریان بخاتەسەر. ئەم میتۆدە نە ئیمتیاز و تەنانەت ئاسانکەری نییە،

کە لە قەڵەمڕەویی سیخوڕیدا بۆ سیخوڕ لەبەرچاوگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازێکە دەسەپێنرێت و بەشێکی توانای هەر خاوەن پۆستێکی زانیارییە.

ڕێکخراوی سیخوڕیی وڵاتانی کۆمۆنیستی، بە ئارەزوویەکی زۆرەوە سوود لە فرتوفێڵی سێکسی، ناچارکردن و زۆرلێکردن وەردەگرن. کاتێک دەیانەوێت بۆ هێنانەژێربار فشار لە کەسێک بکەن، یان لە کاتی سێکسکردندا وێنەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی دەگرن — هەندێک جار پاشخواردنی ماددەی بێهۆشکەر —. پاشان هەڕەشەی درکاندنی ئەم نهێنییە لە قوربانییەکە دەکەن، ئەگەر هاوکارییان نەکات. ئەو بەڵگەیە بۆ سەرووی خۆی، یا خزم و هاوڕێیانی دەنێرن.

هەرچەند زۆرلێکردن ڕەوشێکە زۆرجار ئاسان و چی وای تێناچێت، بەڵام مەیدانی ئیشکردنی سنووردارە، چونکە ناکرێت متمانە بە کاراییەکەی بکرێت. زۆرکەس فرتوفێڵ قبووڵ ناکەن و لێرەدایە ڕێکخراوە زانیارییەکان ناچاردەبن واز لە ڕووداوەکە بێنن.

3- چۆنیەتیی کارپێدانی مەئموووران - بێشک ناسینی تەواوی ئەنگێزەی مەئموووران بۆ کارپێدانیان کارێکی پێویستە، بەڵام هەر ناسین بەس نییە. چالاکیی ژیرانەی کارپێدانی سیخوڕ تەکنیکێکی هەیە، کە لە خوارەوە شرۆڤەی دەکەم.

دەبێت بۆ ئەو کارە پێشوەخت لە مەسەلەگەلێک بکۆڵمەوە. لە باسکردنی ڕێکخراوێکی زانیاریدا لە ئەندامەکانی داهاتووی ئەم ڕێکخراوە - واتا مەئموورەکان -م کۆڵییەوە و ئێستا بەرەوپێشچوونی پلەبەپلەی ئەندامە باڵاکانی شرۆڤهدەکەم، بەڵام کارپێسپاردنی ئەندام بەهۆی توخمێکەوە، چەند پێویستی بە ئێسکەبەندی پێکەوەبەستراو هەیە: (ناوەند) واتا دامەزراوەیەک بریتییە لە بەڕێوەبردن و کارگێڕیی گشتیی ڕێکخراوی زانیاری، کە بارەگاکەی لە وڵاتی سەرەکییە. پاشان (بنکەکان) کە لە وڵاتانی ئامانج نوێنەری ڕێکخراوی زانیارین؛ ئەو کاتە (خاوەن پۆستی بەڕێوەبەر)، کارمەندی سەربازی، یان مەدەنین و کەسێتیی چالاکی بنکەکان پێکدەهێنن و لەکۆتاییدا مەئموورن. سەرۆکی

بنکه و ناوەندەکان کار بە مەئموورانی خاوەن پۆستی بەڕێوەبەر دەدەن و ڕێنماییان دەکەن.

سەرۆکی بنکەکان و بەڕێوەبەر هەمیشە لە بۆسەدان و چاودێریی ڕاوکردنی خەڵکی گونجاون بۆ سیخوڕی. زۆرجار پێویستبوونی (مەئموورێکی شوێن)، ئەرکێکی نوێیە پێیان دەسپێردرێت، چونکە مەئمووران بەهۆی پیری، نەخۆشی، ماندوویی، کارەسات و گرتن سوودییان نامێنێت و کەنەفت دەبن و دەبێت گەوڕی هەربنکەیەک بەردەوام نوێبکرێتەوە: (بنکەیەک مردووە، کە کەسانی تازە وەرنەگرێت)؛ لە ئاکامدا هەلی لەدەستچووی قەڵەمڕەوی سیخوڕی زیاتر لە هەرشوێنێکی دیکە، ناگەڕێتەوە.

کاتێک سەرۆکی بنکەیەک پشت بە بەکارهێنانی مەئموورێکی بەزەبر دەبەستێت - چ بەو هۆیەی لە کرۆکی کارەکەدا کاردەکات، ڕایانسپاردووە لێی بکۆڵینەوە و چ بەو بیانووەی بە ڕای ئەو، کەسی ناوبراو تایبەتمەندییەتی سەرنجڕاکێشتری هەیە،- سەرەتا لە کەسایەتی و شوێنی ژیانی دەکۆڵێتەوە و سەرنجێکی زۆر دەداتە خاڵەلاوازەکانی: کەسی ناوبراو

تموحی پارەی هەیە، دەخواتەوە، قوماردەکات، مێبازە، هۆمۆسێکسواڵە و لەو جۆرە. ئەگەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا خاڵێکی لاوازی بۆ سوودلێوەرگرتن دەستکەوت، یاداشتێک لەسەر کەسی ناوبراو، بۆ ناوەند دەنێرێت. ناوەند خاوەن ئەرشیفێکی گەورەیە و ڕەنگە ناوی کەسی ناوبراوی تێدابێت: ئەو کارمەندی ڕێکخراوێکی ترە، ئاژاوەگێڕە، فێڵباز و دەستبڕی زانیارییە، یان بە پێچەوانەوە پێشتر کارمەندێکی زانیاریی کاتی بووە، کارەکەی تەواو جێی ئومێدە. بە دیتنی ئەو زانیارییە و پاش شرۆڤەکردنی فایلەکە، ناوەند بڕیاری خۆی بە بنکە و بەرپرس دەگەیەنێت: کەسی ناوبراو کاری پێدەسپێردرێت، یان ڕەتدەکرێتەوە.

ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی بێت، بەرپرس دەستبەکاردەبێت. لەم کاتەدا دەبێت هەموو خۆپارێزییەک ڕەچاوبکات. لەڕاستیدا ئەگەر ناسنامەکەی نیشانی کەسێک بدات، کە پێشنیارەکانی قبووڵ ناکات، دەرفەتی بۆ ڕێکخراوی سیخوڕی دوژمن ڕەخساندووە بیگرێت، یان لە وڵات بیکاتە دەرەوە.

لە زۆرلاوە پۆست، یان خاوەن پۆستی بەرپرس ناچارە کەموزۆر ڕاستەوخۆ کاربکات. لەم کاتەدا هەوڵدەدات پەیوەندی بە مەئمووری بە زەبرەوە بکات: سوود لە ئاهەنگ، میوانداری نانخواردن، ئەنجوومەنی کولتووری و کۆبوونەوەی سیاسی، یان وەرزشی وەردەگرن. هەندێک جار چاوپێکەوتنەکان بەهاوکاریی خزم و کەس، ڕێکدەخرێت؛ کاتێک پەیوەندیی شەخسی دروستبوو، بەرپرس شاڵاودەبات؛ لەپڕ ئامانجەکەی ئاشکراناکات، بەڵکو لایەنەکە بەرەو ڕێگەیەکی هاوکاری پێ بە پێ و ئەگەر کرا، تاوان خولقێن پەلکێش دەکات. هەوڵدەدەم بابەتەکە بە نموونەی خەیاڵی، ڕوونبکەمەوە.

ئەلف، بەرپرسی ئاساییش فەڕەنسایە و ئەندامی باڵوێزخانەی فەڕەنسایە لە تاران. ب، مەئمووری بەزەبر، ئێرانییەکە، ڕۆژنامەنووسە، بڵاوکەرەوە، یان ئابووریزان، سۆسیۆلۆژ، مێژووزان و.. ە. ئەلف بۆ باء پێشنیاردەکات بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، یان گۆڤاری باڵوێزخانەکە هاوکاری بکات، کە بەرپرسییەتی، پێشنیارێکی جوان و بەدەرە لە هەر جۆرە گومانێک. دوای

چەند هەفتەیەک ئەلف بە باء ڕادەگەیەنێت (داوایــان) لـێـکـردووە، بابەتی گـەرمـاوگـەرم پەیدابکات تا شیکاری بڵاوکراوەکە بە بابەتی پیاوی سیاسی، کەینوبەینێک بێت، کە ئاماژەیان پێدەکات و لەم جۆرە. دەستبەجێ باء تێدەگات دەیانەوێت بەچ لاڕێیەکیدا بەرن: ئەگەر قبووڵی نەبێت و هەڕەشەبکات، ئەلف بیریدێنێتەوە ئەو چەکەیەی بە دەستەوەیە، کە لەبری هاوکاری پێشووی وەریگرتووە و ئەگەر ئەو واتا ئەلف گومانبکات، ئـەم چەکەیە بـاء بـەرەومـێـزی تاوانباری پەلکێشدەکات. ئەگەر باء ئەرکی پێشنیارکراو قبووڵبکات، ڕەوشی بەکارهێنانی کەسی نـاوبـراو سەرکەوتوو بـووە و کاری ڕاستەقینە دەستپێدەکات.

زۆر دۆخی تریش شایانی پێشبینیکردنە: دەکرێت ئەلف کارمەندی پەیوەندیی گشتیی گرووپێکی پیشەسازیی فەڕەنسی بێت و باء بازرگانێکی ئێرانی، کە ئەلف داوای لێدەکات، بەوردی لە بازاڕ بکۆڵێتەوە.

لە هەندێک بواردا ئەلف شکدەکات، وەک پێویست زانیاری لەسەر باء هەبێت و بەبێ هیچ پێشەکییەک ڕاستەوخۆ پێشنیازەکەی بۆ

دەخاتەڕوو؛ ئەوە کارێکی ترسناکە و دەبێت بەرپرس تەنیا لە مەئموورییەتی یەکسەری ئەنجامی بدات.

ڕێگەی دووەمیش بۆ ئیشکردن هەیە، ئەویش سوودوەرگرتن لە مەئموورێکی کارپێدراوە. ئەو کەسە بەدوای مەئمووری بەزەبردا دەنێرن؛ پەیوەندی پێوەدەکات و ئامادەی دەکات، بەرپرسی باڵا خۆی تێدەگەیەنێت کە سەرکەوتنی چالاکییەکە مسۆگەربێت؛ لە کاتی سەرنەکەوتن و کاتێک دەیگوازنەوە، کە ڕەنگە مەترسی بۆ مەئموورەکە هەبێت. بەگشتی ئەم کارە لە گواستنەوەی بەرپرسێک کەمتری تێدەچێت.

زۆرجار ژنان مەئموورانی ئەرک پێدراون، چونکە توانای تایبەتیان لە ڕازیکردنی ئەوانی دیکەدا زۆرە. نموونەی کلاسیکیی کارپێدان بەهۆی ژنانی مەئموورەوە، کارپێدانە بە پاول ئۆلمۆی ئەفسەری هێزی دەریایی فەڕەنسا، کە ساڵی 1907 هەوڵیدا دەفتەری ڕەمزی تەلگرافی کەشتیەکە تەسلیم بکات؛ ئۆلمۆ (لیزۆنی جوان)، ژنی نیمچە بەرەڵڵای تۆرۆن کەوتە داوەوە، کە کاری بۆ پیرتیسنی

بەرپرسی ئاساییشی دەستەی زانیاریی ئەڵمانیا دەکرد لە برۆکسل (ڕووداوەکە شکستیهێنا و ئۆلمۆ لە ژوانی پیر تیسن گیراو بڕیاری زیندانی هەمیشەیی بەسەردا درا؛ تیسن توانیی ڕابکات، بەڵام دوای7 ساڵ لە ڕووداوێکی دیکەدا کەوتە داوەوە و بڕیاری دوورخستنەوەی هەتا هەتایی بەسەردا درا).

هەندێک جار وا ڕێکدەکەوێت، کە مەئموورێکی ئاسایی پەنابەرێتەبەر پێشنیاری بەکارهێنانی هاوڕێیەکی. ئەگەر پێشنیارەکە پەسندکرا، مەئمووره نوێیەکە دەکەوێتە ژێر چاودێریی بەرپرسێکەوە، یان دەخرێتە بەردەستی ئەو مەئموورەی پێشنیاری کردووە: بەم شێوەیە دەبێتە سەرەتای دەسپێکی تۆڕێکی "سیخوڕی"؛ مەئموران بەهایەکی زۆر دەدەن، تا بکەونە هەرەمی تۆڕەکەوە، چونکە بڕێکی باش لە و پاداشتە هەڵدەگرن کە دەخرێتە بەردەستیان.

میتۆدێکی دیکەی کەمکردنەوەی مەترسییەکان ئەوەیە، کە مەئموور نەک لە وڵاتی ئامانج، بەڵکو لە وڵاتی بەکارهێنەر، یان وڵاتی سێیەم و لە سەفەرێکیدا،

یان نیشتەجێبوونی لە دەرەوەی وڵات بەکاریدەهێنن. ئەم میتۆدە سیستماتیکیانە و کاتێک سوودی لێوەردەگیردرێت، کە کەسی ناوبراو لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی پۆلیسی توندا بێت. من پێموانییە وڵاتانی خۆرئاوا تەنانەت توانیبیان مەئموورێکی پلەبەرزی سۆڤێت - تەنانەت لە بیست ساڵی ئەم دواییەدا - بۆ کارکردن ڕازی بکەن، بەڵام هەندێک جار توانیویانە ئەو کەسانە پەلکێش بکەن، کە لە باڵوێزخانەی سۆڤێت، یان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەندامانی ژووری بازرگانی، گرووپی هونەری، یان وەرزشی کاردەکەن. لە ماوەی سێ دەیەی ئەم دواییە، ژمارەیەکی زۆری سیخوڕی سۆڤێت بە (هەڵاتوو)[6] دانراون، لە نێویاندا هەندێکیان بە دەستپێشخەری خۆیان ئەم کارەیان کردووە، بەڵام زۆربەیان بەهۆی پەیوەندی بە ڕێکخراوی زانیاریی خۆرئاواوە لە دەرەوەی سۆڤێت، بۆ ئەم کارە هاندراون.

دەکرێت بۆ کارپێدان لە دەرەوەی وڵات، سوود لە چەکوچۆڵی زۆرلێکردن وەربگیردرێت، چونکە سەنتەرەکانی باسکراو

بۆ ڕاپەڕاندنی مانۆڕەکانی کەموزۆر ئاڵۆز هەمووجۆرە ئاسانکاریەکیان هەیە، کە ئەم جۆرە چالاکییە پێویستی پێیەتی.

دوورنییە سەنتەرێکی زانیاری مەئمورێک لەنێو پەیڕەوانی خۆی لە وڵاتدا هەڵبژێرێت و لە دەمامکێکی گونجاو بە مەئمووریەتێک بینێرێتە دەرەوەی وڵات. ئەم میتۆدە مەترسییە سەرەتاییەکان ناهێڵێت و وا دەکات چەندی بیانەوێت مەئموور ئامادەبکەن، بەڵام دەبێت دەمامکێکی گونجاو بڕەخسێنن و ئەم کارە تەنیا لەو وڵاتانەدا ئاساییە، کە بەئاسانی بێگانە وەردەگرن و زۆر چاودێری ناکرێت. فەڕەنسا لەم وڵاتانەیە و بۆیە مەئموورێکی زۆری میللەتانی جۆراوجۆری تێدا هەڵدەسووڕێن. ڕۆڵف دووبرتینی ئەڵمانیای خۆرهەڵات، دوا مەئموور بوو، کە بەهۆی گیرانیەوە ئێمە لە پێناسەکەی ئاگاداربووینەوە، کە پێش 15 ساڵ لە CNRS (ناوەندی نیشتمانی توێژینەوەی زانستی)، خەریکی لێکۆڵینەوە بوو[7].

لەکۆتاییدا هەندێک بواری کارپێدان بەبێ خۆتێگەیاندن، ئەوی دیکە قبووڵیدەکات، بەو مانایەی کەسێک خۆی پێشنیازی هاوکاری

بـۆ ڕێـکـخـراوێکـی زانـیـاری دەکــات. دوای هـەڵـبـژاردنـی ڕێـکـخـراوی زانـیـاری، ئەگەر مەبەستمان دەرەوەی وڵات بێت، پەیوەندی بە باڵوێزخانەوە هەیە،ئەگەر لە ناوخۆی وڵات بێت، دەچێتە ئاساییش یا پۆلیس.

ئەو کەسانە، لە دەرەوەی وڵات دەتوانن زۆر ترسناک بن و چوونیان بۆ باڵوێزخانەیەک ترسێکی زۆر دەخـاتـەوە، یان لانی کـەم بە زەحمەتێک ئەژماردەکرێت، چونکە ڕەنگبێت – لەڕاستیدا هەمیشە وایە – سەربەگۆبەندبن و ڕێکخراوی دژەسیخوڕیی شوێنەکە ناردبنی. هەروەها ئەگەری تەڵەکەبازیی ئەم کەسانە زۆرە و بە هیوای فرۆشتنی هەواڵی ساختە، یان بێبنەما، پارە وەربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوا نییە هەموویان بە گۆچانێک تاوبدرێن، چونکە وا ڕێککەوتووە هەندێکیان زانیارییەکیان لە بەردەستدا بێت، یان دەستیان بە سەرچاوەی سەرەکی بگات. زەقترین نموونەی کەسانی ئـەو گـرووپـە، ئەلیزا ئـەبـازنـە، یـان ئەلیاس سیسرونە، کە لە شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەری 1943 لە ئەنکارا لە دەرگایماڵی ڕاوێژکاری باڵوێزی ئەڵمانیای دا. کە بەردەستی باڵوێزی

بەریتانیا بوو، توانیی بۆ ماوەی 6 مانگ زانیاریی پڕبایەخی دەستبکەوێت و بیخاتە بەردەست بەرپرسە ئەڵمانییەکان. هەرچەند سوود لەم زانیارییە وەرنەگیرا، کەچی ئەم ڕاستییە شتێک لە بەهای ناوازەی ئەو مەئموورە پەرجووخوڵقێنە کەمناکاتەوە.

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین، ئاماژە بە شێوازێکی ئەرکپێدان دەکەم، کە دەکرێت سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام زۆرجار سوودی لێوەرگیراوە و هەندێک جار دەرئەنجامی چاکی هەبووە: سوودوەرگرتن لە زانیاریی کەم، سەنتەرێکی زانیاریی هەواڵیی ئەرکپێدراوێک بە دەسکەوتی لەخشتەبەری بڵاوکراوەیەکی پیشەیی پەیوەست بە یەکێک لە ئامانجەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە، داواکاران دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، پەیوەندی دروستدەبێت و ڕەنگە بڕیاری کارپێدەر بدرێت.

4- شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێنمایی مەئمووران - کاتێک کارمەندان ناسێندران و کاریان پێدرا، کاتی ڕێنوێنیان دێت،

واتــا فێـریـان دەكــەن، ڕێـنـمـاییـیان دەكــەن، پێداویستیی كارەكەیان دەخەنە بەردەست، شێوازی پەیوەندی پیوەكردنیان دابیندەكەن، چاودێرییان دەكەن، دەیانپارێزن، حەقدەستیان دەدەنێ، لە بارودۆخێكدا تێیاندەگەیەنن سەر بەو دەستەیەن، كە كاری پێسپاردوون. ئەم سەرپەرشتییە لەلایەن بەرپرسانەوە - بە مانای فراوانی وشە - دەكرێت: بەگوێرەی گرنگیی مەئموور، بەرپرس دەتوانێت كارمەندێكی بەش، بەرپرسی بنكەیەك، یان (هەمەكارەی) سەنتەرێكی زانیاری بێت.

شێوازی فێركردن پەیوەندی بە ڕابردووی خزمەتی ئەو مەئموورەوە هەیە، كە بە جۆرێك مەئمووریيەتی پێدراوە. هەندێك جار مەئموورانی تازە، ناشیگەریەتی ئازاربەخش دەكەن. ئێستا هەندێك مەئموور لە بەرپرسەكانیان بەئەزموونترن، شارەزای پیشەكەیانن.

دەكرێت ئەم فێركردنە لە قوتابخانە ئاراستەبكرێت. كاتێك ئاوڕ لەم میتۆدە دەدرێتەوە، كە نیاز بە مەئموور و لە ئەنجامدا

پێویستی بە کارهێنانیان زۆربێت؛ وەک نمونە لە کاتی هەڵکشانی دوژمنکاری، بە درێژایی شەڕی یەکەمی جیهان (191–41918) ئەڵمانەکان قوتابخانەیەکی وایان لە ئانۆرس کردەوە، کە بەڕێوەبردنی بە (مادمازل دکتر) ناسراو بە (ئەلیزابێس شراگمولەر) سپێردرا. لەم کاتەدا (GRU) و (KGB) هاوکاری لەم میتۆدە وەردەگرن، کە بنکە نهێنییەکانیان کەسانێکی سەرنجڕاکێشن. (KGB) نەک هەر قوتابخانەی پەروەردەکردنی مەئموور، بەڵکو زانکۆیەکی ڕاستەقینەی زانیاری هەیە.

دەکرێت زۆریی بەرهەمی پێشکەوتوو، باشی فێرکردن بێت لە قوتابخانە. لەبەرامبەردا ئەم خەوشەی هەیە، پرەنسیپێکی بنچینەیی ڕێکخراوی سیخوڕی پێشێلدەکات، واتا ئەو پرەنسیپەی کە نابێت مەئموورەکان یەکدی بناسن[8]. بۆیە زۆربەی سەنتەرەکانی زانیاریی سەردەمی ئاشتی، قوتابخانە بۆ بەرپرسان تەرخاندەکەن و ئینجا مەئموورەکان پەروەردەدەکەن.

## میتۆدی قبووڵکراو هەرچییەکبێت، ناوەڕۆکی فێرکردنەکان وەك یەکن

دەبێت سەرەتا ئەو وڵاتە بە مەئموور ئاشنابکرێت، کە چالاکییەکەی تێدا دەکات: سەرنج بدرێت زمانی ئەوێ باش فێربووە، دابونەریت و دیسپلینی کارگێڕی بزانێت و توانای خوێندنەوەی نەخشە و پلانەکانی شارەکانی هەبێت، فێری ڕێسا ئەمنییەکان بکرێت، یان پێی بوترێت: هەڵسوکەوتی خۆپارێز، باش شوێنی چاوپێکەوتن هەڵبژێرێت و بتوانێت ئەو کەسە فریوبدات، کە چاودێری دەکات، یان گوێ لە قسەکانی دەگرێت.

زۆرجار سیخوڕ پێناسەی ساختەی پێیە. دەبێت باش ئەو چیرۆکەی کردبێتە شاژنی زەینی خۆی، کە هەڵی بەستووە: شوێنی لەدایکبوونی گریمانەیی، دامەزراوەی زانکۆیی، کە پێیوایە سەروکاری لەگەڵیاندا هەیە و باش ئەو پیشەیە بزانێت، کە داویانەتە پاڵی.

پاشان ئامرازی جۆراوجۆری تەسلیم دەکرێت، کە دەبێت بەباشی شێوازی بەکارهێنانیان تاقیبکاتەوە: وێنەگری (بەتایبەت

وێنەگرتنەوەی بەڵگەکان)، دانانی مایکرۆفۆن، سوودوەرگرتن لە مەرەکەبی نەبینراو و شێوازی ئاسانی ڕەمزنووسین. هەندێک جار، دەبێت مەئمور فێری ئیشکردن بکرێت بە ڕادیۆ. کاتێک بایەخی ئەم فێرکردنە دەردەکەوێت، کە لە هەلومەرجی دژواردا ناچاربێت پەیامی ڕادیۆیی بنێرێت، یان وەربگرێت. لە ئەنجامدا هەندێک مەئمووریەت مەشقی تایبەت (وەک پەڕەشووت هەڵدان، یان مەلەبۆقە) یان بوونی پسپۆڕی (وەک تەرزی کارکردن بە ماددەی تەقینەوە، شێوازی تیرۆریستی و هتد)ی پێویست دەکات.

هاوکات بەرپرس کە مەئموور باردێنێت و ئامادەی دەکات، باسی چۆنیەتیی ئەنجامدانی مەئمورییەتەکەی بۆ دەکات. ڕێنمایی دەکات، بەڵام دەستپێشخەریی کارەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی: بۆ ئەرکی دیاریکراو داوای تاڕیی ڕاو لە یەکتری ناکەن!

مەسەلەیەکی زۆرگرنگ، کە دەبێت بە دیقەتێکی زۆرەوە دەربکەوێت، مەسەلەی پەیوەندی دوولایەنەیە، کە دەبێت لەنێوان مەئموور و سەرپەرشتیار دروستببێت.

لێرەدایە زۆرجار ڕووبەڕووی دژواری و مەترسیی جیددی دەبنەوە. لەو بەشە لەم مەسەلەیە دەدوێین، کە پەیوەندی بە شێوازی گواستنەوەی زانیارییەوە هەیە.

دەبێت بەرپرس لەو ماوەیەدا بە هەموو توانایەکییەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مەئموور بپارێزێت، کە خەریکی ئەنجامدانی مەئمووریەتەکەیەتی. پاراستنی ڕاستەوخۆ بەهۆی پێدانی (ماسک) بە هاوکاریی مەئموورێکی دیکە (ماسکدان بە هاوکارێک بریتییە لە دابینکردنی ئاسایشی گیانی، ورياكردنەوە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕادیۆیی، وەختێک کەوتووەتە ژێر چاودێریەوە و لەم جۆرە...). پاراستنی ناڕاستەوخۆ بە شێوەی پێدانی زانیاری، کە بۆ ئاسایشی ئەو پێویستە (بۆ نموونە لەگەڵ پشتیوانیی چالاکیی دژە سیخوڕی).

هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی مەئمووریەت، دەبێت بەرپرس زانیاریی بەدەستهاتوو هەڵبسەنگێنێت، پێش ناردنی بۆ سەرووی خۆی. ڕاستی و درووستیی ئەم زانیارییە بەوردی شرۆڤەدەکرێت. چونکە نابێت قەت

متمانە بە مەئموور بکرێت. باشترینیان هەندێک جار وەک دەڵاڵێک کاردەکات، کە نەتوانێت بە نیازەکانی بگات، هەوڵدەدات فێڵبکات. مەئمووری وەرنەگیراو لە گەڕانەوەی لە مەئمووریيەتەکەی بەردەوام کێشەدەنێتەوە: ڕەنگە مەئمووری دووسەرە بێت و بۆ دوژمن کاربکات و زانیاریی کۆنترۆڵکراوی پێبێت؛ ڕەنگە دەستبڕ و فێڵبازبێت، کە بە گۆڕینی هەواڵی چاپەمەنییەکان، یان ساختەکردنی بەڵگە هەوڵی دەستبڕی بدات، بەڵام بۆ بەڵگە، یان زۆرجار فۆتۆکۆپیی بەڵگە، بەکورتی دەبێت بەرپرس دیقەت لە ناوەڕۆک، واژۆ، وشەی بە کارهاتوو شێوازی نووسین بدات، تا هەست بە هەموو ساختەکارییەک بکرێت. دەبێت لە هەموو بوارەکاندا، مەئموور خێرا بە شێوازی بەدەستهێنانی زانیاریدا بچێتەوە. ئەگەر پرسوجووەکە باش بەڕێوەبچێت، دەتوانێت مەئمووری درۆزن شەرمەزاربکات.

مەئموور لە کاتی گەڕانەوە لە مەئمووریيەتەکەی گێڕایەوە کە گیراوە، بەڵام توانیویەتی لە تەومژدا ڕابکات، ڕووباری دانوب بەمەلە ببڕێت؛ ئەگەر بەرپرسەکە

لە ئیدارەی کەشناسیی ئەو شوێنەی پرسی و دەرکەوت ئەو کاتە هەتاوبووە؛ مەئموور ناچاردەبێت دانیپێدابنێت، مەئموورێکی دووسەرەیە و کار بۆ دوژمن دەکات.

ئەگەر لێکۆڵینەوەی بەرپرسەکە بە ئامانەت و ڕاستگۆییەوە باوەڕی بە پیشەی مەئمورەکە کرد، تەنیا کارێک کە بۆی دەمێنێتەوە — بە وردی و ناسکی کاری پێشوو - پێدانی حەقەکەیەتی: نە زۆر، نە کەم، بەڵکو بەپێی توانا.

5- تۆمارکردنی پەیاماکان" دوژمن" لە کاتی ناردندا: سیخوڕەکان تاکە چەکی ڕێکخراوی زانیاری نین. ئەم ئیدارەیە بۆ گەیشتن بە زانیاریی دوژمن جگە لە سیخوڕەکان، سوودیان لە هۆکارێکی دیکە وەرگرتووە: خوێندنەوەی نووسراوەکانیان. ئەمڕۆ پێشکەوتنە زانستییەکان توانای باشتری خستووەتە بەردەست: بیستنی گفتوگۆکانیان.

دەکرێت ئەسکەندەری گەورە بە داهێنەری سانسۆری پۆستی بزانرێت، چونکە بۆ تێگەیشتن لە دڵسۆزی بەرپرسەکانی، بڕیاری دابوو نامەکانیانی بۆ ببەن. لە سەدەی

ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ، کە هەرگیز واز لە سوودوەرگرتن لەم میتۆدە نەهێنراوە، بەڵکو ڕۆژبەڕۆژ گەشەی کردووە. حوکومەتەکان لە هەموو سەردەمێکدا و لە هێزی سەربازی، یان ڕێکخراوی زانیاری - بە مانای ڕاستەقینەی وشە - (تاریکخانەیان) هەبووە، کە سەرچاوەی گرنگی زانیاریەکانیان بووە. ئەمە تا ئەو ئاستە گرنگە، کە هەندێک لە (سەرۆکەکانی پۆست) وڵات، سەرۆکی ڕێکخراوی زانیارییش بوون - تەرلویە لە سەردەمی کرامول و ئارلینگتۆن لە سەردەمی شارلی دووەم پادشای بەریتانیا-، یا پیاوی بەوەفای حوکومەت بوون، وەک نووە، لە سەردەمی ڕیشیلۆ و لا ڤالەت، لە دەمی ناپلیۆن، هەروەها پرنس تۆر و پرنس تاکسیس لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا. بە ڕاددەیەک ئەرکی سەرشانی بەرپرسانی (تاریکخانە) گرنگبووە، کە مێژووی ئەم دیاردەیە، ناو و ڕەوشەکەیانی لە سینگی خۆیدا تۆمارکردووە: دەزانین لە سەردەمی ترلۆیە دوریسلۆس ناوی پسپۆڕی ئەم کارە هەیە و بە ئاستێک نەزان بووە، هەموو وەرگرانی نامە سانسۆرکراوەکان هەستیان بە کارەکەی

دەكرد. بە پێچەوانەوە مەئمور ئارلینگتۆن بە ناوی سامۆئێل مۆرلاند، بە جۆرێک شارەزای ئەرکەکەی بوو، کە سەفیری فەڕەنسا لە لەندەن لەبارەیەوە دەنووسێت: (بۆ کردنەوەی نامەکان سوودی لە شێوازێک وەردەگرت، کە لە دنیادا دەگمەنە). وتراوە لە سەردەمی لویی پانزەیەم بریری ئەفسەری پۆلیس لەم کارەدا گەیشتووەتە لووتکەی گەشەی تەکنیکی، بەڵام بەداخەوە زۆرجار زانیارییەکانی دەخستە بەردەست مادام پمپادور نەک پاشا. هەر لەو سەردەمەدا فریدریکی دووەم ئیمپراتۆری پرووس و کۆنتیز سەرۆکوەزیرانی نەمسا، گرنگیی زۆریان بە (تاریکخانەکانی)ان دەدا، بە ئاستێک لە نەمسادا ئەو هەواڵە گرنگترین سەرچاوەی ڕێکخراوی زانیاری پێکدەهێنا، کە لە سانسۆری نامەکان دەستدەکەوت، بەڵام بەهۆی کاری زۆرەوە کارمەندانی ئەم نووسینگانە هەندێک جار هەڵەی زەقیان دەکرد، کە دوای سانسۆری نامەکان و لە کاتی داخستنەوەیان، زەرفی نامەکانیان لێدەگۆڕا. ئەم نەزانییە چەندان ڕووداوی دیپلۆماسییان ورووژاند.

بە درێژایی سەدەکان، ئەرکی (تاریکخانەکان) بەرەو سەختی چوو، چونکە نووسەری نامەکان کاتێک دەیانویست کەس سەری لە ناوەڕۆکی نامەکەیان دەرنەچێت، سوودیان لە مەرەکەبی نەبینراو وەردەگرت، یان ناوەڕۆکی نامەکەیان بەڕەمز دەنووسی. لێرەدا بەم کورتەیە کۆتایی بە باسەکە دێنم، چونکە لەو بە شەدا بە دوورودرێژی باسیدەکەم، کە پەیوەندی بەم میتۆدانەوە هەیە، بەڵام دەبێت بزانین (تاریکخانە) لە سەدەی نۆزدە بەم لاوە، کە بە (ئیداراتی سانسۆر) ناودەبران، چیدیکە ئەو نووسینگە بچووکانە نەبوون کە نامەکانیان تێدا دەکردنەوە و لاک و مۆریان لادەبرد، بەڵکو ببوونە دامەزراوەی زۆر ئاڵۆزی تەیار بەئەزموونی کیمیایی و کارگەی کردنەوەی ڕەمز، ئەم ئیداراتانە لە ئێستادا گەشەیەکی زۆریان کردووە: لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان، چەندان دەیان ملیۆن نامەیان لێکداوەتەوە: ژمارەی 630/846/30 نامەی هێزەکانی ئەمەریکی پشکێندراون، کە لە بەرەی شەڕ بوون.

نامە تاکەهۆکاری گواستنەوەی زانیاری نییە لە ڕێگەی دوور و بەڵگەنەویستە، کە بە پێشکەوتنی ڕێکخراوی زانیاری ئاوڕی لە شێوەکانی تری پەیوەندی داوەتەوە. سەرەتا تەلگرافی ئەلەکتریکی لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدە دەرکەوت. شەڕەکانی جیابوونەوەی ئەمەریکا وای لە هێزەکانی باشوور کرد، لێهاتوویی هونەریی خۆیان بسەلمێنن: هاشوهوشییان لەسەر هێڵی تەلگرافی باکوورییەکان دروستکرد و توانییان نەک تەنیا پەیامی دوژمن وەربگرن، بەڵکو پەیامی هەڵەشیان بۆ بنێرن.

کەمێک پاش – لە کۆتایی سەدە – دیسانەوە تەلەفۆن، بووە سەرچاوەی دەوڵەمەندترین زانیاری. ئەم هۆکارەی پەیوەندییەش بە هەمان ڕێبازی ئاسایی تەلگراف، پۆلیس و ئیداراتی دژەسیخوڕی سوودیان لێوەرگرت. بە بیانووی ئەوەی ئەم پێگانە لە وڵاتی خۆیان کاردەکەن، دەتوانن بەئاسانی (ئامێری بیستن) لە ناوەندەکان و گوشییەکاندا بەکاربێنن. لە ماوەی ساڵەکانی ئەم دواییە زۆرشت دەربارەی ڕەوشی زانیاری و قۆرخکردنییەوە وتراوە.

گشتاندنی کەرەستەی گواستنەوەی ئەلەکتریکی، تەکنیکی پەیوەندی هەڵگێڕاوەتەوە: لە سەرەتای سەدەی ئێستاوە قەڵەمبازی دیسانەوە قووڵتر لە بەکارهێنانی شمەکی ڕادیۆی ئەلەکتریکی پەیدابووە. ڕێکخراوی زانیارییش بۆ خۆی لە دوو ڕوانگەوە شێوەی گۆڕیوە: سەرەتا بۆیە دەکرێت لە هەلومەرجێکدا کەڵک لە مەئمووران وەربگرێت، کە تەنانەت پێشتر بۆی نەدەچوون، پاشان بەو هۆیەی ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر قەومابوو: نهێنیانەترین پەیام دەکەوتە بەردەستی هەموو ئەو کەسانەی زەحمەتی گوێگرتن لێیانی نەدەهێشت، کە بەهۆی شەپۆلی ڕادیۆوە دەنێردرا. بەڵگەنەویستە ئاسانکاریی نوێ کەوتبووە بەردەست ڕێکخراوی زانیارییەوە، تەنیا لایەنی ڕواڵەتی هەیە: گومانی تێدانییە لە دەیەکانی یەکەم وەرگرتنی پەیامی ڕادیۆیی کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام بەڵگەنەویستە کە ئەم پەیامانە ڕەمز بوون. لەوسۆنگەوە پێش 70 ساڵ، تەکنیکی ڕەمز و تەکنیکی تەواوکاری، واتە ئاشکراکردنی ڕەمز بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتوون و بەردەوام لە ململانێ دابوون.

وەرگرتنی پەیامەکانی ڕادیۆ هەر بە ئامانجی ئامادەکردنی خۆراک بۆ کارگەکانی ئاشکراکردنی ڕەمز نییە. سەبارەت بە کەوتنەگەڕی نێردراوی ڕادیۆی ئەلەکتریکی، تەکنیکی نوێیان داهێنا و پاشان وەک ڕادیۆی گونیومەتری گەشەیکرد، کە ئامانج لێی دیاریکردنی شوێنی نێرەری ڕادیۆ بوو. بنەماکەیان زۆر سەرەتایییە: ئەوەندە بەسە پەخشێکی ڕادیۆیی وەربگریت و لانیکەم ئاراستەکەی لە دوو خاڵدا دیاریبکەیت. شوێنی یەکتربڕی ئەم دوو ئاقارە، شوێنی سەرچاوەی نێرەری هاوبەش دیاریدەکات.

لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان و پاش ئەوەی ڕادیۆی گونیومەتری ناسینی سیخوڕێکی زۆری ئاسانکردووە، بووەتە ئامڕازێکی سەرەکیی دژەسیخوڕی، بەڵام لە بواری بەدەستهێنانی زانیارییش سوودێکی زۆری پێشکەشکردووە. شەپۆلی ڕادیۆیی تایبەتمەندییەکیان هەیە و پەیوەندی بە مانای ئەو پەیامانەوە نییە، کە هەڵیگرتوون، ئەو تایبەتمەندیانە بریتین لە: شێوازی ناردنی شەپۆل، درێژیی شەپۆل، نوێنەر و ڕاددەی

بەهێزیی ترافیک. ڕێکخراوە زانیارییەکان چەند بەشێکییان هەیە، کە لە (شیکارکردنی) ئەم تایبەتمەندیانەدا شارەزان و بەهۆیانەوە سەرچاوەی پەخش دەدۆزنەوە: فەرماندەی گشتیی سوپا یا تیپ، هێزی ئاسمانی، کەشتی، یان ژێردەریایی. وەختێک بەم شێوەیە لە شەڕدا ئاگاداربوون لە بڕیارەکانی شەڕ و تێکشکانی دەریایی دوژمن ئاساندەکات، کە ڕادیۆی گونیومەتری موتوربەی شیکاری تایبەتمەندیەتی شەپۆلی ڕادیۆیی بکرێت.

## بەدەستهێنانی زانیارییەکان به شێوازی میتۆدە (مۆدێرنەکان)

1- مایکرۆفۆنی بیستن - تەکنەلۆژیا لە دەیەکانی ئەم دواییە پێشکەوتنی سەرسامکاری بەخۆوە دیتووە؛ ئاساییە کە ڕێکخراوە زانیارییەکان سوودیان لەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانە وەرگرتووە، کە چارەدۆزی مەسەلە پسپۆڕییەکان بوون. بە کەڵکوەرگرتن لەم پێشکەوتنانە هەندێک لەو ئامرازانە گەشەیانکردووە، کە سوودیان لێوەرگیراوە و هەندێک شمەکی نوێ دەرکەوتووە.

وتم بیستن و دیتن، چالاكیی سەرەكیی سیخوڕییە. پێشكەوتنە تەكنەلۆژییەكان وایانكردووە، مرۆڤ باشتر ببینێت و ببیستێت.

باشتر بیستن بە پێشكەوتنی میتۆدەكانی ئامێری بیستن و تۆماركردنی دەنگ و بەتایبەت وتراوەكان ئاسانبووە. ئەو ئامێری بیستنە، یان ڕاستەوخۆ، یان لە كاتی گواستنەوەی گفتوگۆكان بەهۆی (تەلەفۆن، ڕادیۆفۆن) ەوە دەبێت. دەنگ بەهۆی (مایكرۆفۆنێک) وەردەگیرێت و پاشان چ نێرەری ڕادیۆ، كە مایكرۆفۆنی لەگەڵە و چ بەهۆی وەیارەوە بۆ دەزگایەكی تۆماركردنی دەنگ دەنێردرێت. ئەم تەكنیكانە كۆنن، بەڵام لێرەدا دەمەوێت دەزگای زۆر پێشكەوتوو بیربێنمەوە - مایكرۆفۆنەكان و نێرەری زۆر بچووک و مایكرۆفۆنی بە ماهییەتی تایبەت - كە توانایەكی نائاسایی بۆ ڕێكخراوی زانیاری خستووەتەڕوو، كارخانەی چەكوچۆڵەكەیانی فراوانكردووە و فرەیی بە ڕەوشەكەیان بەخشیوە.

لە ئێستادا دروستكردنی نێرەری هێندەی هاوێنەیەک، كە دەكرێت لە گوڵێک، گەوهەرێک، یان ددانێک، جێی بكرێتەوە.

ئەم دەزگایانە توانایان کەمە و جێی متمانە نین، بەڵام لە ڕەهەندەکانی تۆزێک گەورەتر، – بۆ نموونە بەقەد لۆبیایەک – ئامرازی تەواو کردارین. زۆرجار ئەم نێرەرە وردانە بۆ (دانان) لە شوێنەکان و بەتایبەت باڵوێزخانەکان بەکاردەهێنرێن. لەو ژوورانە (دەیشارنەوە)، کە ڕەنگە گفتوگۆی بەکەڵکی تێدا ئەنجامبدرێت[9]. هەروەها لەتەنیشت قەرەوێڵەکان (دوورنییە بۆ فرتوفێڵی سێکسی)، سندوقەکان (بۆ ئاشکراکردنی کۆدی سندوق) و تایپ (بۆ شیکردنەوەی دەنگی تایپەکە و نۆژەنکردنەوەی ئەو بابەتەی تایپکراوە). ئەم هەنگاوانە لە پێوەری گەورە و لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتدا ئەنجامدەدرێت. لە هەندێک ساڵدا (پاککردنەوە)ی باڵوێزخانەکانی خۆرئاوا لە مۆسکۆ، پراگ، یان سۆفیا ئاشکرابوونی زیاتر لە30ی مایکرۆفۆنی تەنیا لە تەلارێکدا ئاسانکردووە.

نێرەرەکان، گشتیتر بچووک و گەورە، هەندێک جار لە دەرەوەی شوێنەکانیش بەکارهێنراون. دەکرێت ئەم دەزگایە لە ئۆتومبێل و فارگۆنی هێڵی ئاسن دابنێیت.

تەنانەت ئەم دەزگایە لە پاژنەی پێڵاودا دۆزراوەتەوە.

بۆ تۆمارکردنی دەنگەکان، پێویست ناکات بەردەوام مایکرۆفۆنێک لە ژووری کاردا دابنێیت. دەکرێت بیکەیە جێگرەوەی هەموو ئەو ئاستانەی، کە لە بەرکەوتنی شەپۆلی دەنگی دەلەرزن؛ بۆ نموونە گووشیی تەلەفۆن، بڵندگۆی دەزگایەکی پەخشی دەنگ، تەپڵەکی جگەرە، پەرداخ، شووشەی پەنجەرە، لەو شتانەن وەک (وەڵامدەرەوەیەکی ناچالاک) کاردەکەن. نزیکەی بیست ساڵ دەبێت دەستەی ئاساییشی ئەمەریکا لە نووسینگەی کارەکەیان لە مۆسکۆ، شتێکی سەیریان ئاشکراکرد. لەپشت کورسیی ئەم دیپلۆماتە ئارمی نیشتمانیی ئەمەریکا، هەڵۆیەکی گەورەی لەدار درووستکراو دانرابوو، کە دەوڵەتی سۆڤێت بەدیاری بۆی بردبوون. پاش پشکنینێکی وردی ئەو شتە، لە یەکێک لە چینەکانی ماسولکەی ناوپەنچکدا دۆزییانەوە و بە ئالیەرێکی بچووک بەسترابۆوە. بەم شێوەیە یەکەم (وەڵامدەرەوەی ناچالاک) دەستنیشانکرا. ئەم شتانە وەک مایکرۆفۆن لە

بەرکەوتنی شەپۆلی دەنگی دەلەرزن و جووڵە یان کار لە دەستەی شەپۆلی ئەلکترۆموگناتیسی دەکات، کە بەرەو ئەمانە ڕێنمایی کراوە. ئەم شەپۆلە ئەلکترۆموگناتیسیانە تۆماردەکرێت، دەنــگ و گفـتوگـۆکـانـیـان لـەسـەر نـۆژەن دەبـێـتـەوە. تیشکی بـەکـارهـێـنـراو تیشکی ڕادارە، یان بۆ شووشە، تیشکی لێزەر، ئەم وەڵامــدەرەوە ناچالاکانە بایەخیان زۆرە: ناتوانرێت تاقیب و ئاشکرابکرێن، چونکە بەشێکی ناوەندی سروشتین؛ پاترییان ناوێت و بەمەش هەتاهەتایە کاردەکەن؛ بەڵام جێی متمانە نین، پایپێک کە بخرێتە سەر تەپڵەکی جگەرە یا دەرگایەک، کە پێوە بدرێت، ناهێڵێت بجووڵێنەوە و دەیانکوژێنێتەوە.

2- ئـامـاژەکـانـی زانـیـاری (Signal intelligence:Sigint) دانانی بیستەری مایکرۆفۆنی لە چالاکیی تاکتیکی ڕێکخراوە زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن. بە ئامێری بیستنی ڕادیۆیی هەنگاو بۆ ئاستی ستراتیژی دەنێین، کە وەرگرتنی پەیام لەنێوان دوو کـیـشـوەردا ئـاسـانـدەکـات. گـواسـتـنـەوەی پەیامەکان بەهۆی شەپۆلی هێرتز، لەو کاتەوە

بە ڕەهەندی سەرسامکار پێشکەوتووە، کە مانگەدەستکردەکان بۆ پەیوەندی بەکارهێنران، ئەمە لە کاتێکدایە کە پەسەندکردنی سیستمە ڕەمزییە پێشبینینەکراوەکان، بەزەقی ئەگەری کردنەوەی ڕەمزی پەیامەکانی سنوردارکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارودۆخە نالەبارە، پەیوەندیی ڕێکخراوە زانیارییەکانی بە نێرەری ڕادیۆکان کەمنەکردۆتەوە. ئەم سەنتەرانە بە پەنابردنە بەر ئامرازی بەهێزتری پێشوو، بەداخەوە لە پێشووتر گرانتر وەڵامی ئەم دژوارییانەیان داوەتەوە. کەموزۆر ئەگەری نەکردنەوەی کۆدی پەیامەکان هاوکاتی سەرهەڵدانی تەکنیکەکانی کردنەوەی کۆد، کە پێشتر باسمکردن - بەڵام دیسانەوە شرۆڤەیان دەکەم، چونکە لەو سەردەمەوە بایەخی ئەم تەکنیکانە زۆرتر بووە، کە شەڕ و میکانیزمەکانی پێیان ناوەتە سەردەمی ئەلکترۆنییەوە -.

وەرگرتنی شەپۆلی هێرتز لە زمانی ڕێکخراوە زانیارییەکانەوە، ئاماژەی زانیاری (SIGINT) پێکدەهێنێت. ئاماژەی زانیاری بۆ خۆی بە پەیوەندیی زانیاری (COMINT) -

بریتییە لە ناردنی پەیام بە مانای ئاسایی وشە و گواستنەوەی پەیامەکانی (Elint)- بریتییە لە ڕادار، پێوەری مەودا لە دوورەوە (مەوداپێو)، ڕێنمایی ماتۆڕەکان لە دوورەوە، هاوکاری ڕێنمایی کەشتییەکان و هتد - دابەشدەبێت.

لە قەڵەمڕەوییی باودا، واتا پەیوەندی زانیاری (COMINT) ئامانجێک لە بنچینەدا ئاشکراکردنی ڕەمز، یان لانیکەم شیکار و گۆشە پێوییە، کە ڕێکخراوی زانیاری بە دوایەوەیەتی.

سەبارەت بە زانیاریی ئەلکترۆنیک (ELINT)، هێمایەکە بە یارمەتیی ئەم بەشە کۆدەکرێتەوە، دوای ئەوەی دراوەتە کۆمپیوتەر، زۆرجار زانیاریی زۆر و سەرنجڕاکێش و هەندێک جار گرنگ بەدەستەوە دەدات: ئەم زانیارییە لە نزیکبوونەوەی فڕۆکە، یان سارۆخ هۆشداریدەدات و مەترسی و ئامادەباشی ڕادەگەیەنێت، زانینی شوێن و جۆری نێرەر ئاسان وا لە مرۆڤ دەکات نێرەری دوژمن بشێوێنێت و وەک نموونە موشەکەکانی دوژمن - گشتیتر لە ناوکی و هیتر - لە ئامانجی پێشبینیکراو لابدات و تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی بنێرێتەوە کە هەڵیانداوە.

زانیاریی ئەلکترۆنیک، ئەم ڕێکخراوە زانیارییانە ڕۆڵی بنچینەیی لە پێکدادانەکانی ئێستادا دەبینن، کە تایبەتن بە شەڕی ئەلکترۆنیک. بۆیە لە ئاشتیدا توانایەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە. ئاژانسی ئاساییشی نیشتمانی (N.S.A) وڵاتەیەکگرتووەکان بە یارمەتیی (CIA) و دەستەی زانیاریی سوپا ئەرکی پەیوەندیی زانیاری (COMINT) و زانیاریی ئەلکترۆنییە (ELINT). پێکدادانی ناوخۆیی20 ساڵی ئەم دوایییە هەلی ئەزموونکردنی میکانیزم و میتۆدەکانیان بۆ ئەم ئاژانسە ڕەخساند. ئێمە هەندێک لە ناکامییەکانی زانیاریی ئەلکترۆنی دەزانین: ئەژدەر هاوێژی مەدۆکس (Maddox) و تۆڕنەچی شادی (Turner Joy)، کە لە ساڵی 1964 لە دەریای چین تۆپبارانکران؛ کەشتییە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل لە ژویەنی 1967 هێرشییانکردە سەر کەشتیی لیبەرتی (34 کوژراو)؛ کەشتیی پۆئبلۆ، کە هێزی دەریایی کۆریای باکوور لە ژانویەی 1968 بە دیلی گرت[10]. گومانی تێدا نییە، کە دەتوانین هەر ئاگامان لە شکستەکان

بێت نەک سەرکەوتنەکان و زۆر دوورنییە، کە سەرکەوتنەکان پێ بە پێ لە شکستەکا ن زۆرتر بووبێت.

3- چاودێری ئاسمانی - قسە لەسەر ئەو هەنگاوانە کرا، کە باشتر و زۆرتر (بیستن) ئاساندەکات. هاوکات هەنگاوی تریش، بۆ باشتر و زیاتر دیتن، هەروەها جێگیرکردنی وێنەی وەرگیراو دەستەبەربووە.

گەیشتن بە ئامانجێک مەسەلەیەکە لەم بوارەدا بۆ سەرۆکی ڕێکخراوەکانی زانیاری خراوەتەڕوو، کە مەئموورەکانیان ناتوانن بیگەنێ. ڕوونتر بڵێین، ئەمەریکییەکان دەیانەوێت شوێنی بنکەی سۆڤێت لە سیبریا بزانن و سیخوڕێکیان نییە بچێتە (ئەو کوێستانە)[11]. فیکرێکی سادەیان بەخەیاڵدا هات: فڕۆکە بنێرنە سەر ئامانجی مەبەست و وێنەیان بگرن. گرفتەکە ئەوەبوو بۆئەوەی فڕۆکەکە لە کاتی فڕیندا ڕاونەکرێت، ناچاربوون لە بەرزییەکی زۆرەوە بفڕن و دەبێت بۆ سوودوەرگرتن لە وێنەکان، بەشی زۆر بچووک پەرچ بکەنەوە. ئەو پێشکەوتنەی کە هونەری ئاسمانی و وێنەگرتن بەتەریبی

بەدەستی دێنن، چارەسەری ئەو گرفتە دوو هێندە دەکات و لە پەنجاکان ئەمەریکییەکان فڕۆکەی یو2-یان بەکارهێنا، کە دەیتوانی لە بەرزیی 16 هەزارمەتر لە ئاستی زەوی بفڕێت، کامێرەی وێنەگرتنەکەی دەیتوانی لەو مەودایە وێنەی لایەکی هەڵدانی موشەکەکان بگرێت. ئەم هەنگاوە لە کاتی خۆی دابوو، چونکە یەکەم تۆپی ئەتۆمیی سۆڤێت لە سێپتەمبەری 1949 تەقیبووەوە.

فڕۆکەی یو2- (u2) (زانیاریی ژیاری)[12]یان بۆ ڕێکخراوی زانیاریی ئەمەریکی بەدیاری هێنا. سۆڤێتییەکان لە مەی 1960 فڕۆکەی یو2-یان بە فڕۆکەوان فرانسیس گاری پاورزەوە خستەخوارەوە. دوای کەمتر لە 2ساڵ کوباییەکان فڕۆکەی ئارِ. ئەندرسۆن، یان لەناوبرد. سوودوەرگرتنی سیاسی لەو دوو ڕووداوە وای لە ئەمەریکییەکان کرد، سوودوەرگرتن لە فڕۆکەی یو2- ڕابگرن. توانییان فڕۆکەیەکی باشتر دروستبکەن و پاشان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (ڕایان 147و ڕایانBGM-34)یان داهێنا. چوونە ناو قۆناغی سوودوەرگرتنی زانستی لە مانگی

دەستکرد، خاڵی کۆتایی بۆ درووستکردنی ئەم جۆرە فڕۆکانە دانا.

4- مانگە دەستکردەکان - ڕۆژی4ی ئۆکتۆبەری ساڵی1957 سۆڤێتییەکان توانییان مانگی دەستکرد بە ناوی سپۆتنیک لە زەوییەوە ڕەوانەی ئاسمان بکەن. ڕووداوێک کە لە سەردەمی خۆیدا ڕووبەڕووی وروووژاندنێکی زۆر بووەوە. ئەمەریکییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتنەکەیان لە کێبەرکێی داگیرکردنی ئاسمان، بەخێرایی کەوتنە چالاکی و لە 1ی ژانویەی 1958 مانگی دەستکردی ئێکسپلۆرەر1 (Explorer1) یان لە مەداری زەوی جێگیرکرد.

لەم مێژووەوە تا کۆتایی ساڵی 1978، سۆڤێت و وڵاتەیەکگرتووەکان زیاتر لە دووهەزار مانگی دەستکردیان ڕەوانەی ئاسمان کردووە.[13] هەروەها چین، فەڕەنسا و ڕێکخراوی ئاسمانی ئەورووپی، مانگی دەستکردیان ڕەوانەی ئاسمان کرد.

ئێکس پلۆرەر، کێشەکەی سێ کیلۆگرامە، ئەو مانگەدەستکردانەی، کە ئەمڕۆ لە مەودای زەوی دادەنرێن، 10 و تەنانەت

20 تـەن کێشییانە. ئـەم ژمـارەیـە ئـامـاژەی ئـەو پێشکەوتنەیە، کە لـە مـاوەی 22 سـاڵدا بەدەستهاتووە.

مـانـگـەدەسـتـکـردەکـان زیـاتـر بـۆ کـاری سەربازی بەکاردەهێنرێن: 78% بۆ سۆڤێت و 38% بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان. هەڵسوکەوتی ئەمەریکییەکان و سۆڤێتییەکان لە مەسەلە سەربازییەکاندا بەگشتی تەریب و هاوکاتە. لە ئێستادا ئەم بنەمایە بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەو خاڵانەی کە بە بیریان دێنمەوە بۆ هەردوو وڵات پێشینەی هەیە، گەرچی زۆرجار پشتم بە سەرچاوەی ئەمەریکی بەستووە تا سۆڤێتی. لەڕاستیدا ئەم سەرچاوانە زیاتر زانـراون و پەیوەندی بە سۆڤێتەوەیە، یا کەمتر بەپەنهانی ماونەتەوە.

مـانـگـە دەسـتـکـردە ڕاگـوێـزەرەکـان 5 پێنج ئەرکییان هەیە: چاودێری، پەیوەندپی دوور، ڕێـنـمـایـی کـەشـتـییـەکان، ناساندنی ئەلکترۆموگناتیسی و سیخوڕی دەربـارەی موشەکی بالستیکی و تەقینەوەی ئەتۆمی. یەکەم، چوارەم و پێنجەم ئەرک بە ڕێکخراوی زانیارییەوە دەبەسترێتەوە.

بەتایبەت ئەرکی چاودێری ئەرکێکی خۆشە، چونکە مانگی دەستکرد لە ڕوانگەی ئاسمانییەوە، کە بەسەر ئاسمانی وڵاتێکدا تێدەپەڕێت، زێدەڕۆیی نەکردووەتە سەر سیادەی ئاسمانی ئەم وڵاتە؛ بەمەش دەکرێت ئەم چاودێرییە هەموو لایەکی هەسارەکانی زەوی بتەنێتەوە، بەبێ ئەوەی ترسی بەریەککەوتنی دیپلۆماتیکی هەبێت.

وێنەکان لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە بە میتۆدی کلاسیک، یان بە کەڵکوەرگرتن لە تیشکی ئەودیو سوور (لە شەودا)، یان بە سوودوەرگرتن لە شەپۆلی ڕاداری سانتیمەتری (لە هەرکەشوهەوایەکدا وێنەی شەو و ڕۆژ) دەگیرێت.

دەکرێت چاودێریی وەڵامی مەبەستە ستراتیژی یا تەکنیکییەکان بێت. بۆ یەکەم دەسەڵاتی جیاکردنەوە - بە دەربڕینێکی تر لانیکەم بتوانرێت تیرەی شتەکە لە وێنەکە دەستنیشانبکرێت - دەبێت 3تا5 مەتر بێت و بۆ دووەم جیاکردنەوەیەکی بەرز لە پێوەری 5/0 مەتر پێویستە.

یەکەم ئەرکی مانگی دەستکرد چاودێری بووە. سۆڤێت لە ساڵی 1962 بۆ ئەو مەبەستە سوود لە مانگی دەستکردی کاسمۆس وەردەگرێت، لە کاتێکدا ویلایەتەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1961، مانگی دەستکردی سامۆس و پاشان دیسکەڤەری میداس و هیتری بەکارهێناوە. ئەم مانگە بە هێزی جیاکردنەوەی مامناوەند، مەداری بازنەییان هەیە، کە بەسەر ئاسمانی دوو جەمسەردا دەڕوات. وێنەکان لە مانگەکەدا دیار و شەپۆلی ڕادیۆ بۆ زەوی دەنێرێت. مانگە ئەمەریکییەکان سوود لە بوونی مانگی زەوی وێستگەی ئۆقیانووسی ئارام، SDRS وەردەگرن، کە بنکەکانیان لە دەرەوەی ناوچەی ڕوانینی ڕادیۆیی جێگیردەبن. ئەو دەزگایانە دەتوانن چەندین ساڵ کاربکەن.

کاتێک توێژینەوەی وێنەستراتیژییەکان لە هەندێک خاڵدا پێویستی بە شیکاریی وردترە، مانگێکی چاودێری تاکتیکی ڕەوانەی ئاسمانی ئامانجی ناوبراو دەکرێت. ئەم مانگانە مەدارەکەیان هێلکەییە، کە بۆ سەر ئاسمانی ئامانج لانیکەم مەودای خۆی بە زەوی

دەگەن (180کیلۆ مەتر). مانگێکی ئەمەریکیی لەم جۆرە بە ناوی بیگ بۆرد هەیە، کە زیاتر 5/12 تەن کێشییەتی. ئەو فلیمانەی ئەم مانگە دەیانگرێت بەهۆی کەپسوولێکی گێڕەرەوە بۆ زەوی دەنێردرێت.

وێـڕای وڵاتەیەکگرتووەکان و سۆڤێت، هێزی سێیەم هەیە، کە لە ئێستادا خاوەنی مانگی چـاودێـریـی وێنەگرتنە: چین ساڵی 1975 سێ مانگی لەم جۆرەی لە بنکەکانی کانسۆوە ڕەوانـــەی ئاسمان کـــردووە؛ ئەم مانگانە تەمەنیان کورتە: لە 60 ڕۆژ کەمترە. بەڵام پاشان یەکەم تاقیکردنەوە، چینیەکان بە پێشکەوتنگەلی گرنگ گەیشتوون.

ئـەرکـی مـانـگـەدەسـتـکـردەکـان ناساندنی ئەلکترۆموگناتیسی، ئامێری بیستنی هەموو نێرەرە ئەلکترۆموگناتیسی و بەتایبەت نێرەری ڕادارە. لەڕاستیدا بۆ هاوکاریکردنی موشەکە بالیستییەکانی هەڵگری کـڵاوەی ئەتۆمی بۆ نـاوچـەی دوژمـــن، زانینی تـوانـای بەرگریی دوژمـنـە، کـە پشتی بـە ڕادار ئـەسـتـوورە – بەمەش ناسینی فریکانس، مۆدۆلاسیۆن خێرایی ڕامالینی شوێنی جێگیربوون لەم ڕادارانەدا –

کارێکی تەواو پێویستە. بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییە بوو، کە ئەمەریکییەکان ساڵی 1962 مانگی فیریتیان لە مەدار جێگیرکرد.

دەکرێت هێشتا ئامێری بیسەری ڕادار بۆ دیاریکردنی شوێنی ژێردەریایەکان بەکاربهێنرێت. ڕەنگە کاتێک مانگێکی کاسمۆس 954ی سۆڤێت لە مەئموورییەتی لەم جۆرەدا بووبێت لە مانگی ژانویەی ساڵی 1978 بەسەر ئاسمانی کەنەدا هەپڕوون بە هەپڕوون بووە، کە کڵاوەیەکی ئەتۆمی هەڵگرتبوو.

ئەو مانگانە گرنگیی بەرگریکەری ڕەتنەکراوەوەیان هەیە، چاودێریی هەڵدانی مووشەکی بالیستیکی دەکەن، چونکە (هەلی) هەرچەند دووورودرێژتر (بۆ ئامادەبوون) دەبەخشن[14]. مانگی دەستکردی ئەمەریکی لەم جۆرە (IMEWS) بە ژمارەی 6یا8 دەزگا نزیکەی لە وێستگەی زەوی جێگیرکران، کەلوپەلەکانیان چاودێریکردنی تەقینەوەی ئەتۆمییشی ئاسانکردووە.

هەرکاتێک چەکێکی نوێ دێتەکایەوە، سەربازەکان هەوڵدەدەن ڕێگایەک بۆ نەزۆککردنی، یان لەناوبردنی بدۆزنەوە.

سەبارەت بە مانگەکانیش هەر وایە و ئەم دەزگایانەش چەکێکن دەکرێت بفەوتێنرێن. لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵیاندا پەلاماری زانیاریی کۆکراوەی نێردراوی ڕادیۆ بدەن. دروستکردنی تەشویش لەو پەیوەندییە ڕادیۆیەدا بایەخی دەزگاکە ناهێڵێت. لە قۆناغی دووەمدا ڕووبەڕووی ئەم واقیعیەتە بوونەوە، کە زۆرجار کاری مانگێک پەیوەندی بە وێستگەی زەوی (فەرمان لە دوورەوە) هەیە. کەوایە تێکدان لە پەیوەندیی زەوی لەگەڵ مانگی دەستکرد کاریگەری نەزۆککردنی دەبێت.

ئاقیبەت ڕوویان لە تێکدانی خودی مانگەکە کردووە. کارێکی ترسناک کە بە (هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوانە) دادەنرێت، بەڵام دەکرێت لە ماوەی شەڕێکدا ڕووبدات. سۆڤێتییەکان بە تێکدانی مانگەکەیان ئەم تاقیکردنەوەیان کرد، ڕەنگە ئەمەریکییەکانیش لاساییان کردبنەوە.

دەکرێت مووشەکی دژەمووشەکی زەوی بە زەوی، بە یەکەم میکانیزمی تێکدانی مانگەکان هەژماربکرێن، بەڵام لە ئێستادا ناتوانن لە دووریی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر کاربکەن.

بیریان لە تیشکی لێزەریش کردووەتەوە. دیــارە نــەک بـۆ لـەنـاوبـردنـی مـانـگـەکـان – تیشکی مردن هێشتا لە قەڵەمڕەویی چیرۆکی زانستی– خەیاڵی دایە – بەڵکو بۆ لەکارخستنی هـاوکـێـشـەی گـەرمـی و زیـانـگـەیـانـدن بە هەندێک لە پێکهاتەکانیان، بەڵام کاریگەرترین چەکی دژەمانگ، مانگێکی تـرە[15]. بۆیە چ لە سۆڤێت و چ لە وڵاتەیەکگرتووەکان، نەوەی نوێی ئەم دەزگایانە بە ناوی (ڕاوکـەر)، یان (کوژەر) پەیدابووە. مەشقی سەردانی ئاسمان و گۆڕینی مــەداری جێگیر، کـە بەخێرایی بەدوای تەواوکردنی کاری ئەم ئامرازە نوێیە دەکەوێت. سوودوەرگرتنی گرووپی دوایی لە ماددەی تەقینەوەی کلاسیکی لەجیاتی ناوکی، ئیمتیازی (کوژەرەکان)ە لەسەر مووشەکەکان. تەنانەت ئاورِ لە خستنەداو و گرتنی مانگی دوژمن دراوەتەوە، وێڕای ئەوەی کە کارێکی زۆر دژوارە.

پـەیـدابـوونـی مـانـگـی (کــــوژەر)، وایـکـرد سیستمەکانی بەرگری بۆ مەبەستی تەیارکردنی مانگی هەڕەشەلێکراو ئامادەبکرێت، سیستمی نادینامیک بریتییە لە لادانــی ئـەو مانگانەی

بەتوندی زیانیان پێدەگات (ئەو مانگانەی کە بە خانەی خۆر کاردەکەن) و ئەو سیستمانەی کە کاران: مانگەکان بە کەلوپەلێک تەیاردەکرێن، چاودێریی هەموو ئەو تەنانە دەکات، کە نزیکدەبنەوە و چەکی مانگەکان ڕێک بەرەو ئەو تەنە دەهاوێت. گریمانە هەیە کە ڕۆژێک شەڕی واقیعی نێوان پێشکەوتووترین میکانیزمی دەستی مرۆڤ (ڕۆبۆتەکان) ببینین[16].

5- زانیاریی ژێردەریاییەکان - کارگەلێک لەژێر ئاوی دەریاکاندا ئەنجامدەدرێت، کە ڕۆژبەڕۆژ زۆر دەبێت. لێرەدایە بەردەوام گەشتیی ژێردەریا ئەتۆمییەکان ئەنجامدەدرێت و هەندێکجار (کەپسولی گەڕێنەرەوە) بە هۆی مانگەکانەوە زانیاری کۆکراوەی هەڵگرتووە و کڵاوەی موشەکی نێوان کیشوەرێک، کە سۆڤێتییەکان تاقیدەکەنەوە، دەچنە قووڵایی ئاو و لەوێدا (هیدرۆفۆنەکان) چاودێری دەکەن، کە ئێستاکەش قسەیان لەبارەوە دەکرێت. کەوایە لۆژیکییە ئەو جارزییە لە ئاستی جیهانیدایە، کە ستراتیژییانە نیگەرانی کردوون لەم بەشەی جیهان گەشە بە لێکۆڵینەوەکەیان بدەن و سەنتەری زانیاریی ژێردەریایی دروستبکەن.

ئـەم قـەڵـەمڕەوە نوێیـەی زانـیـاری دوو ڕووی هەیە: یەکەم ئەو سیستمانە دەگرێتەوە، کە ئامێری بیستنی ژێرئـاو ئاساندەکات و بـەم شێوەیە پـەڕینـەوەی ژێردەریـایـەکـان، نوقومبوونی کەشتییەکان، کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە و لە هەموو ئەو ئامێرانە ئاگادارمان دەکـاتـەوە، کە ماتۆڕیان هەیە. بەگشتی ئەو ئامێری بیستنە لەسەر بنچینەی ئاکۆستیکی ژێردەریـایـی (سۆنـار Sonars) دانـراوە و پێدەچێت تا چەندی تر بەپێی میتۆدی چاودێریی موگناتیسی، تیشکی لێزەر و بەدواکەوتنی هێمای گەرمی پتەوبێت. بە یارمەتیی فڕۆکە، یـان هـەلیـکـۆپـتـەر، پـاپـۆڕ، ژێـردەریـایـی و (هـایـدرۆفـۆن)ی زۆر گـەورە ئـەم هەنگاوانە دەنرێت، کە لەسەر سەکۆی پاپۆڕی ژێرئاو لە قووڵایی جۆراوجۆر دانراوە. ئەمەریکییەکان تۆڕێکیان بـەو دەزگـایـە تـەیـارکـردووە، کە هەموو ئۆقیانووسەکانی (داپـۆشـیـوە). ئەو تـۆڕە پێیدەوترێت سـی ئـەسـپـایـدەر لەژێر چـاودێـریـی هـێـزی دەریـایـی ئـەمەریکادایە. ئاشکرایە سۆڤێتییەکانیش تۆڕی هاوشێوەیان درووستکردووە، ڕەنگە هایدرۆفۆنەکەیان بۆ

چاودێریی تاقیکردنەوەی مووشەکی تریدنتی دانابێت، کە لە ژێردەریایەکەوە هەڵدرا.

ڕووی دووەم، یان بە دەربڕینێکی باشتر هۆکاری دووەمی ڕێکخراوی زانیاریی ژێردەریایی، بریتییە لە دۆزینەوە لە دەریاکان و لە کاتی پێویست دەرهێنانەوەی پاشماوەی کەشتی ونبووە، کە دەکرێت بە سەرچاوەی زانیاری دابندرێن.

ئەمە ڕەوشێکی نوێ نییە. سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاریی دەریایی بەریتانیا لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان، دەریاوان، ڕجینالدهال بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلی بەجێماوی ژێردەریایی ئەڵمانیا (یو.سی44)، کە لەنزیک کەنارەکانی بەریتانیا نوقوم ببوو، غەواسێکی ڕەوانەی قووڵایی دەریا کرد، توانیی دەفتەری ڕەمزی کەشتییەکە بدۆزێتەوە. هەر ئەو غەواسە پاشان دزەی کردە ناو دەیان ژێردەریایی و توانیی لەگەڵ خۆی نەخشەی خاڵی مینرێژکراو و چەندین دەفتەری ڕەمز بێنێتەوە. هەندێک سەرکەوتنی نووسینگەی بەناوبانگی چوارسەدبی (400B) لە ئاشکراکردنی تەلگرافی ستراتیژیک

و دیپلۆماتیکی ئەڵمانیا، سەلماندنی ئەو ئاشکراکردنەیە. ڕەنگە لە ڕەوتی چالاکیی هاوشێوە بووبێت، کە دیسانەوە بەریتانییەکان لە جەنگی دووەمی جیهان توانییان ئامێرێکی ئەنگیما بگرن و ئەو هەموو سوودەی لێوەربگرن، کە ئێمە دەیزانین، بەڵام ئەم چالاکییەکۆنە بەهۆی شمەکی پووچەوە ئەنجامدەدرێت، بە ئاشکراکردنی خاڵی ڕواڵەتی لێدەکەوێتەوە. بارودۆخەکە بە میکانیزمی نوێ جۆرێکی ترە، توانای زەبەلاحئاسا کە - ئەو جۆرەی دەیبینین — هێنانەدەرەوەی پاشماوەی کەشتییەکان لە قووڵاییەکی بێکۆتایی ئاسانکردووە. ساڵی 1972 ئەمەریکییەکان توانییان کەلوپەلی ئەلکترۆنیی کەشتییەک و بۆمبێکی ئەتۆمی، لە قووڵایی دەریا بێننەدەر، کە لە دەریای ژاپۆن نقووم ببوو، لە فڕۆکەیەک کەوتبووە خوارەوە. هەر لەو ساڵەدا بە هاوکاریی بەریتانییەکان، دەزگای ئەلکترۆنی فڕۆکەیەکی سۆڤێتیان لە دەریای باکوور دەستکەوت. (چالاکیی جنێفەر) ، ساڵی 1974 ئەنجامدرا، کە ڕەهەندەکەی گەورەتربوو.

بایەخی لێکدانەوەی ڕووداو بەم ئاقارەیە، کە ساڵی 1968 ژێردەریاییەکی سۆڤێتی جۆری G چەکدار بە ئەژدیهای ناوکی، لە باکووری خۆرئاوای دوورگەی هاوای نوقووم بوو. چونکە ئەو تەقینەوەیەی کە نوقوومبوونی ئەو ژێردەریایەی لێکەوتەوە، لەلایەن یەکێک لە هایدرۆفۆنەکانی تۆڕی سی ئەسپایدەر تۆمارکرابوو، کەشتییەکی پسپۆڕی هێزی دەریایی ئەمەریکا بە ناوی میزار، چووە شوێنەکە و توانیی لە قووڵایی 5 هەزار مەتری وێنەی لاشەی ژێردەریایەکە بگرێت.

هێنانەدەرەوەی لاشەیەک بە کێشی نزیکەی سێ هەزارتەن لە قووڵاییەکی وا، کارێکی بێوێنە و نەکردە دەهاتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا بڕیاریدا تاقیبکاتەوە و جێبەجێکردنی بە سیا بسپێرێت. بۆ ئەم کارە بودجەیەک بە بڕی 350 ملیۆن دۆلار لەبەرچاو گیرا.

ڕێکخراوی سیا لە ماسکی ملیاردێری ئەمەریکی هاوارد هیوزدا کەوتەکار و کۆمپانیاییەکی بۆ بەکاربردنی پارچەی پردی

متالیک دامەزراند و دوو کەشتی تایبەتی دروستکرد: کەشتییەکی گێرقورسی سی و شەش هەزار تەنی گلومارا ئێکسپلۆرەر و پاپۆڕێکی گەورە (هێندەی گۆڕەپانێکی یاری).

چالاکییەکە لە مانگەکانی ژویەو ئوتی 1974 جێبەجێکرا. ئەو چالاکییە کە زۆر بەنهێنی ئەنجامدرا لە مانگی مارسی 1975 ئاشکرابوو. بە بانگەشەی سیا سەرکەوتنەکەی ڕێژەیی بووە و تەنیا 1\3ی لاشەی ژێردەریایەکە دەرهێنرایەوە، بەڵام پێدەچێت ئاژانسی زانیاریی ئەمەریکا بەرژەوەندی لەوەدا دیتبێت، کە گەورەیی سەرکەوتنەکەی بشارێتەوە.

6- ڕۆبۆتە[17]سیخوڕەکان - من ئەم نووسینەکورتەی میتۆد و میکانیزمی نوێی وەگیرهێنانی زانیاری بە ئاماژە بە یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین سەرکەوتنی مرۆڤ لەم بوارەدا کۆتایی پێدێنم: سەنسۆرز (Sensors)، یان سانسۆرز (Senseurs)، ڕۆبۆتی سیخوڕیی ڕاستەقینە، کە ئەمەریکییەکان بۆ

یەکەم جار لە ڤێتنام و بۆ چاودێریکردنی هاتوچۆی شەقامی هۆشی مینە بەکاریان هێنا.

مرۆڤی دەستکرد، بە سوودوەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆر (شەپۆلی دەنگ، شەپۆلی ڕادیۆ ئەلەکتریکی و بەکردەیی گۆڕانکاریی موگناتیسی)، دەکرێت نزیکبوونەوەی هۆکاری گواستنەوە و خەڵکی چەکدار ئاشکرابکەن و زانیارییەکەیان بەهۆی ڕادیـۆوە بنێرن. لە ڤێتنام بـۆئـەوەی نەبینرێن، لە شێوەی لقی درەخت و دەوەن دایان نابوون. پاش ساڵی 1973 ئەرک و توانای ئەم مرۆڤەدەستکردە گەشـەیەکی زۆری کردووە. تاکە کەموکورتیی ئەم ڕۆبۆتانە، قسەنەکردنە وەکو ئێمە. دەبێت بـۆ تێگەیشتنیان کۆمپیوتەر لـەبـەردەست دابێت.

7- بەردەوامیی میتۆدی باو - کاتێک ئاوڕ لە هەمەجۆری و توانای ئەو هۆکارانە بدەینەوە، کە تەکنەلۆژیای نوێ خستوویەتە بەردەست ڕێکخراوی زانیارییەوە، ڕەنگە گومان بکەین میتۆدی کلاسیکیی سیخوڕی کۆن بوون، یان لە کۆن بووندان، کە بەگوێرەی کەڵکوەرگرتن لە مەئموور دانرابوون. هەرگیز بەوجۆرە نییە.

ئەم دەنگۆیە بەهۆی بەڵگەوە دەسەلمێنرێت و ڕاستییەکان پاڵپشتی دەکەن.

لە ژمارەیەک سەرچاوەدا، هۆکاری نوێ درێژە بە کاری مەئمووران دەدەن و دژوارتری دەکەن، بەڵام ناتوانن مەئموووران فەرامۆشبکەن. ئەو 50 مایکرۆفۆنەی لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە پراگ بەکارهێنرابوو، لە هەرسیخوڕێکی باشتر زانیاریت دەخاتە بەردەست، بەڵام بەکارهێنانی سیخوڕ لە شوێنەکاندا، بە پێویست دەزانێت.

دەبێت گشتیتر بڵێین گومانی تێدانییە، کە تەکنەلۆژیای ئێستا چاوخشاندنێکی فراوانی لە توانای نوێ بە ڕووی سەنتەری زانیاریی سیخوڕیدا کردووەتەوە. هیچ سیخوڕێک ناتوانێت بچێتە سیبریا و وێنەی سەکۆی هەڵدانی مووشەک بگرێت و بگەڕێتەوە. هیچ مەئموورێک نەیتوانی نزیکبوونەوەی موشەکێک ڕابگەیەنێت، یان هێرشێکی ئەسکادرانی ئاسمانی لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەنگ دیاریبکات، بەڵام هیچ ئامێرێکی پێشکەوتووش نەیتوانی وەک ڕیشارسۆرژ هەژموون بەسەر

فکر و ڕۆحی باڵویزی ئەڵمانیادا بکات لە تۆکیۆ، یان وەک شۆلمیستەر لە ئولم توانیی، ژەنەڕاڵێکی نەمسایی ڕازی بکات، کە سوپای فەڕەنسا خەریکە هەڵبتەکێت و دەتوانێت بێئەوەی چاوەڕوانیکردنی یارمەتیی ڕوسیا، پەلاماربدات؛ سندوقی باڵوێزی بەریتانیا لە ئەنقەرە بکاتەوە، - سیسیرۆن کردییەوە - و سەرسامکەرترین بەڵگە هەڵبژێرێت و وێنەیان بگرێتەوە و بیداتە ئەڵمانیا، یان وەک کلاوس فوخ، هێلی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی زانایانی خۆرئاوا بخاتە بەردەست هاوکارە ڕووسییەکانیان.

ئێستا تەنها ئەوەندە بەسە چاوێک بە ڕۆژنامەکاندا بخشێنین تا بسەلمێت، کە بەردەوام سیخوڕ هەیە و تەنانەت ژمارەیان لە هەمووساتێک زۆرتر بووە. وەزیرێکی ئەڵمانی لە فەوریەی 1979 ڕایگەیاند: ژمارەیەک سیخوڕی وڵاتانی ئەندامی پەیمانی وارشۆ لە ئەڵمانیای فیدراڵ، کار بۆ ڕێکخراوە زانیارییەکان دەکەن. بە 4 هەزار کەس! دەخەملێنرێت.

## ناردنی زانیاری

1- تەکنیکی چاوپێکەوتنەکان - کاتێک بە هەرشێوازێک، زانیاری، دەستکەوت، ئەوەی دەمێنێتەوە زانیارییەکە بگەیەنرێتە ئەو دامەزراوەیەی، کە سوودی لێوەردەگرێت. ئەمە دژوارترین و ترسناکترین چالاکیی ڕێکخراوی زانیارییە. زۆرجار ڕوویداوە، کە ڕێکخراوێکی زانیاری نەچێتە ژێرباری بە ئەنجام گەیاندنی مەئمووریيەتێک، نەک چونکە ناتوانێت بگاتە زانیاری داواکراو، بەڵکو بەم هۆیە کە پەیوەندیکردن لە کاتی خۆیدا شیاونەبووە. دەکرێت ئەم وتەیە ئەو کەسانە مۆلەق بکات، کە بەم جۆرە چالاکییە نامۆن. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەوڵدەدەم بە ئاڕاستەکردنی سادەترین مەسەلە، واتا پەیوەندیکردن لەنێوان مەئموور و بەرپرس! بابەتەکە ڕوونبکەمەوە.

یەکتردیتن، ڕاستەوخۆترین هۆکاری پەیوەندی و باشترینیانە: ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێ بە مەئموور دەدات زانیارییەکەی ڕوونبکاتەوە و هەلومەرجی کۆکردنەوەیان بدرکێنێت و ئەو توانایە دەداتە

سەرپەرشتیارەکەی، کە بۆ تەواوکردنی کارەکەی ئامۆژگاری بکات و پارە، یان ئامرازی کارەکەی بخاتە بەردەست، بەڵام سازدانی ئەو جۆرە دیتنانە لەنێوان دووکەس دەبێت بەباشی ڕەچاوی تێکڕای لایەنەکانی کار و هوشیاری و ئاگایی پێویست بکرێت، کە دەکرێت هەریەکەیان لەژێر چاودێریدا بن.

دەکرێت دیتنەکان پێشتر و بەپێی بەرنامەیەکی کاری سادە دیاریبکرێت: یەکەم سێ شەممەی مانگی ژانویە لە کاتژمێر 19 لە شەقامی A: دووەم چوارشەممەی مانگی فەوریە لە کاتژمێر20 لە شەقامی B و لەم جۆرە، بەڵام دەبێت لە هەموو کاتێکدا بتوانین شوێنەکە بەپێی پێویست گورج ئامادەبکرێت، شوێنەکەی بگۆڕێت و لە کاتی سەرهەڵدانی مەترسی هەڵبوەشێنرێتەوە. بەمەش مەئموور و سەرپەرشتەکەی دەبێت هۆکارێکی پەیوەندیی یارمەتیدەر و خشتەیەکی ڕەمزی بۆ دیاریکردنی مێژوو، کات و شوێنی دیتنەکەیان هەبێت.

دەبێت شوێنی دیتن بەوردی و گومانەوە هەلبژێردرێن: دەکرێت شوێنێکی دووروچۆڵ و

ترسناک بێت، چونکە ڕێکخراوی دژەسیخوڕی دوژمن دەتوانێت بەئاسانی ئەو شوێنە بخاتە ژێر چاودێرییەوە. زۆرجار شوێنی قەرەباڵغ بەباش دەزانن. کاتێک کە نیازی پەیوەندی تەنها تێپەڕاندنی بەڵگەبێت، هەندێک جار شوێنی ئەنجامدانی ئەم کارە لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا – بۆ نموونە کاتی چوونەدەرەوە لە میترۆ، یان کۆتایی دەوام (وێستگەی شەمەندەفەر ترسناکن)- هەڵدەبژێرن. بەهۆی یەکەم ژوانگە دەبێت هێمای ناسین پێشبینی بکرێت و لە کاتی سەرهەڵدانی مەترسی، ئاماژەیەکی ئاگادارکردنەوە و ئامادەباش هەبێت.

تەلەفۆن، هۆکارێکی تری پەیوەندیکردنە. بەڵگەنەویستە دەبێت هەردوولای تەلەفۆن لەوە ئاگاداربن، کە ڕەنگە تەلەفۆنی شوێنی کار یان شوێنی نیشتەجێبوونیان، ئامێری بیستنی پێوەبەسترابێتەوە. کەوایە دەبێت لە ڕێگەی تەلەفۆنی گشتی، یان تەلەفۆنی شوێنەکانی وەک کافتریا، پەیوەندی بکەن. هەڵبژاردنی دوو کابینە و کاتێکی دیاریکراو و بانگکردنی یەکتری لەو وڵاتانە، هۆکارێکی باشە کە کابینەی تەلەفۆنی لێیە.

2- پۆست - دەکرێت لە ڕێگەی پۆستیشەوە پەیوەندی بکرێت، کە سوودێکی زۆری لێ وەردەگیردرێت. ئاشکرایە مەئموور و سەرپەرشتیارەکەی ناتوانن سوود لە ناوونیشانی یەکتری وەربگرن. بەهۆی سندوقێکەوە (سندوقی پۆستی گەڕۆک، یان جێگیر)، پەیوەندی پێکەوە دەکەن.

سندوقی پۆستی گەڕۆک، کەسێکە نامەکە لە مەئموور وەردەگرێت، ڕادەستی بەرپرسی دەکات، هیچ چالاکییەکی تری سیخوڕی نییە و هیچکامێکیان ناناسێت: ئەدرەس تاکە شتێکە ڕێکخراوی زانیاری خستوویەتییە بەردەستی. ناچالاکانە بۆ سەنتەری زانیاری کاردەکات، بەڵام هەندێک جار مەترسیی هەڕەشەی لێدەکات.

هەندیک جار ئەونامانەی بەڕواڵەت بابەتی بێکەڵکن، کە (سندوقی پۆستی گەڕۆک) وەریدەگرێت، بەڵام بۆ بەرپرس چەمکێکی تایبەتی هەیە (دیتنی واژۆ، یان بینینی کارتێک دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە بەس بێت)، لە هەندێک لایەنیشەوە پەیامی نهێنییانەی هەڵگرتووە و بە هاوکاریی چەند

ڕێبازێک ڕێکخراون، که پاشان لێیدەکۆڵینەوە: مەرەکەبی نەبینراو، وێنەی دەرنەکەوتوو مایکرۆفۆتۆگرافی.

دەبێت خۆمان لە دوو هەڵە بپارێزین: سوودوەرگرتن لە (سندوقی پۆستی گەڕۆک)، لەڕووی سەرپەرشت بۆ مەئموور و گواستنەوەی کاری گەیاندنی نامەیەکی زۆر پێی. بەهۆی دوو هەڵەی گۆستاو شتنهاوەری ئەڵمانی، لە ساڵی 1914 تۆڕی سیخوڕییەکەی لە بەریتانیا تێداچوو. شتنهاوەر ئەنجامدانی کارەکەی خۆی بە ئارایشتگەرێک دەسپارد، کە لە گەڕەکێکی پۆستی لەندەن دوکانی هەبوو، نامەکانی دەگەیاندە 23 مەئموور، کە بە بەریتانیادا بڵاوببوونەوە. ڕێکخراوی دژەسیخوڕیی (M05) بەریتانی، لە ڕووداوێکی ڕێککەوت - کە زۆرجار ڕوودەدات - ئارایشگەرەکەی ناسی؛ نامەکانیان لێوەرگرتوو و هەموو مەئموورەکان ناسران؛ چاودێریی پۆست تا کاتی ڕاگەیاندنی شەڕ بەردەوام بوو. ڕۆژی 5 ی ئوتی 1914 هەموو ئەندامانی تۆڕەکە گیران. ئەو ڕووداوە دەریدەخات بۆچی ڕێکخراوی زانیاریی ئەڵمانیا ئاگای لە

چوونەناوەوەی یەکەی سەربازیی بەریتانیا بۆ فەڕەنسا نەبوو. (سندوقی پۆستی جێگیر)، حەشارگەیەکە تەنیا سەرپەرشتیار و مەئموور بە شوێنەکەی دەزانن و نامەکانی خۆیانی دەخەنە ناویەوە. دەکرێت (سندوقێکی پۆستی جێگیر) بخرێتە ناو درزی دیوارێک، چووپێکی مەلەکردن، یان قاوغەشقارتەیەک بە ژێرەوەی کورسی گۆڕەپانێک بخرێت. وا ڕێکدەکەوێت چ ئەو کاتە کە سندوقی پۆست پەیامی تێدایە و چ کاتێک پەیامەکە لا دەبرێت. ئەم سیستەمە زۆر ئاسان و بێکێشەیە لە کاتێکدا، کە زۆر بە دیقەتەوە پەناگایەک هەڵبژێردرابێت. هاوزەمان ڕێکخراوی نهێنیی ڕیشیلۆ سوودیان لە سندوقی پۆستی جێگیر وەردەگــرت. تالمان دی ڕیـۆ دەگێڕێتەوە مەئموورێکی کاردینالْ بەڵگەکانی دەهاویشە ناو ئاوەڕۆیەکی نزیک فۆنتارابی، کە دزەی کردبووە ناو ئەنجوومەنی دەوڵەتی ئەڵمانیاوە. بنکرافت، بەردەستی فرانکلین لە پاریس و سیخوڕی بەریتانیا لە شەڕی جیابوونەوەی ئەمەریکا، پەیامەکانی خۆی لە قڵیشی دارێک لە تۆیلەر دەشاردەوە و ئەندامێکی باڵوێزی

بەریتانیا لای دەبرد. پەناگەیەکی باش نەبوو، چونکە ئاشکرایان کرد.

جارێکی دیکە بۆ پۆست بگەڕێینەوە: باسی نامەکان - یان کارتی دیاری -م دەکرد، بەڵام هۆکارێکی تر هەیە و دەکرێت سوودی لێوەربگیردرێت: گورزەی پۆستی. ئەم گورزانە پەیامێکی سنووردار، بۆ نموونە مایکرۆفۆتۆگرافی، ئاساندەکەن. لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، مەئموورە ئەڵمانییەکان لە فەڕەنسا سوودیان لە گورزەی پۆستی وەردەگرت، کە سانسۆری فەڕەنسی لە بەرامبەریاندا دەستەوستان بوو. بەڵگەکانیان لە لابەلای گورزەکان دەشاردەوە و بۆ دیلی ساختەیان دەناردن. کاتێک گورزەکان دەگەیشتنە گرتووخانەکانی ئەڵمانیا، ئەو گورزانەی کە ناوەکانیان ساختەبوو، دەدرانە دەستەی زانیاری. چونکە ڕۆژانە چەندین هەزار گورزە دەنێردرا، دژەسیخوڕیی فەڕەنسا وازی لە کۆنترۆڵکردنی ئەم بەشە هێنابوو.

3- تەتەر (پەیامگەیەنەر) – ڕێگەیەکی ناردنی پەیامە و هێندەی تەمەنی دنیا کۆنە، بەڵام

هێشتاش باوە، سوودوەرگرتن لە کەسێکە پەیام بە ئامانج دەگەیەنێت. پێویست دەکات، کە هەڵگری پەیام لە کاتی قۆڵبەستکردنی بتوانێت ئەو پەیامە بشارێتەوە، کە مەئمووری گەیاندنیەتی. شارەزایی مەئموور و سەرپەرشتیارانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ڕێگەی زۆر و چاوەڕواننەکراویان هێناوەتەکایەوە. سەرسوڕهێنەرتریان ئەو چارەسەرەیە، هیستیاکۆسی فەرمانڕەوای زاڵمی میلت[18] دۆزییەوە. بڕیاریدا سەری تەتەرەکەیان تاشی و پەیامەکەیان لەسەر پێستی سەری نووسی و کاتێک ڕەوانەی مەئمووریەتیان کرد، موی سەری هاتبوونەوە. لەو سەردەمە دوورەوە تائێستا ڕێگەی جیاجیا بۆ ناردنی پەیام داهێنراوە، لە دامێنی جلوبەرگەوە بیگرە تا ئاگردانی سەبیلە، پاژنەی پێڵاو، ددانی دەستکرد، پێچانی برین، ئەو گورزانەی کە لە بەنزیندا سەرئاو دەکەون، گەدەی گیانداران و هتد. بەرتۆدی کەشیش، سیخوڕی مازارن ڕاپۆرتەکانی لە ئاودامانی سێ کچی ناسیاوی، دەشاردەوە و لە شار دەیبردنە دەرەوە، کە یاخیگەرانی بۆردۆو

گرتبوویان. بێنس (پیاوی چەتر بەدەست) ساڵی 1917، نهێنییەکانی وڵاتی نەمسای بەم هۆکارە هەڵدەگرت.

4- هـۆکـارە ڕێـکـکـەوتـەکـان - ئێستا ئاماژە بە کۆمەڵێک میتۆدی جیاجیا دەکەم، کە زۆرجـار بەزەقی و بەڕواڵـەت فانتازی، دەیسەلمێنێت سیخوڕەکان بە چ توانایەکی نەرمی زەینی دەتوانن بەسەر ئەوبارودۆخە چاوەڕواننەکراوەدا زاڵبن، کە ڕووبـەڕووی دەبنەوە.

سوپا لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەیەکی دووورودرێـژیـان داگیـرکـردبوو، کە ڕێی لە هەرجۆرە پەیوەندییەکی نێوان سەرپەرشتیار و سیـخـوڕەکان دەگــرت: گـرووپـی دوایـی پەیامەکەیان بەهۆی کۆتری نامەبەرەوە، یان میزەڵدانەوە نـاردووە، کە دەیاندانە دەست با. هێمای ڕەمز - زۆرجـار وەک مۆرس - لە مەیدانەکانی شـەڕەوە بەهۆی شەیپور، سـواڵـەت لێکخشاندن، جـووڵانـی پەڕەکانی ئاش، جێگۆڕکێی ڕانەمەڕ و ناردنی دووکەڵ دەنێردرا. لە بەرەی خۆرهەڵات، بەڵگەکان لە شووشەی بچووکدا دەدرانـە دەم ئـاوەوە تا

له سەرووی ئاوەکەوە بۆخوارەوەی ئاوەکە بنێردرێت.

5- ڕادیۆ – لە کۆتایی ئەم بەشەدا شێوازی ئەو پەیوەندییەم بۆ قسەکردن هەڵبژاردووە، کە ئەمڕۆ لە هەمووشتێک زیاتر سوودی لێوەردەگیردرێت: ڕادیۆ.

ئیمتیازی ئەم تەکنیکە زۆر گەورەیە: ڕادیۆ پەیوەندیی نێوان دووکەس ئاساندەکات، کە نەدەتوانن یەکدی ببینن و نە دەنگی یەکتر ببیستن. شەپۆلەکانی هێرتز - لە بنەڕەتڕا - دەتوانن لە هەمووکۆسپێک و بەتایبەت دیــواری خانــوو بپــەڕنــەوە. پاشان ڕادیـۆ پەیوەندیی هەموو مەودایەک شیاودەکات: بەگوێرەی جۆری دەزگای سوودلێوەرگیراو، دەکرێت هەردوولای گفتوگۆ لە دووریی 100 مەترەوە بیگرە تا لەم سەرەوە تا ئەوسەری زەوی دەنگی یەکدی ببیستن. گواستنەوەی دەنگ کەموزۆر هەر لەو ساتەدا دەبێت: پەیام هەر لەو ساتەی کە دەنێردرێت، دەگاتە گوێی بیستەر. لەکۆتاییدا، ڕادیۆ ناردنی ژمارەیەکی زۆری تەلگرام ئاسان دەکات.

لەجێدا، ئەم ڕەوشــە خەوشیشی زۆرە:

پێویستی بە بەکارهێنانی میکانیزمی تایبەتە، کە بەردەوام شەرمەزارکەرە واتا وەرگر، نێرەر، کە تەنیا ئەو مەئموورانە دەتوانن بەئاسانی سوودیان لێوەربگرن، کە ماوەیەکی زۆر خولی فێرکردنیان بینیبێت. لە لایەکەوە، پەیامی نێرەر، بە هەمان جۆر ڕەنگە ڕێکخراوی (دژەسیخوڕی) دوژمن هەستی پێبکات، کە بە ئامانجی سەرەکی دەگات. لەوانەیە شوێنی نێرەر بە هاوکاریی گونیومەتری - زۆرجار بە دیقەتێکی زۆرەوە – ئاشکرا بێت.

سوودوەرگرتن لە ڕادیۆ ڕێبازێکی ترسناکە: دیارە هەولدراوە خەوشەکانی، بە باسکردنی دەزگا و شێوازی کاریگەرییەکەی بەرزبکەنەوە[19]، بەڵام سەرباری هەنگاوەنراوەکان، ئەم ڕەوشی ناردنی پەیامە، مردنی زۆربەی سیخوڕانی 50 ساڵی ئەم دواییە بووە. لە جەنگی دووەمی جیهاندا، ڕێکخراوی دژە سیخوڕی ئەڵمانیا، فونکابوهەر، کە ئەرکی دۆزینەوەی نێرەری ڕادیۆیە، هەمیشە لە سیخوڕانی هێزی یەکگرتوو دەترسا، کە چالاکی لە وڵاتێکی داگیرکراودا دەکەن. هەر ئەو ڕێکخراوە لەناوبردنی (ئۆرکێسترای سووری) لەئەستۆیە.

هەموو ڕێکخراوە زانیارییەکان جیاکاری زۆر و خەوشی جیدی سوودوەرگرتن لە ڕادیۆ یان خستووەتە دوو تای تەرازوویێکەوە و بەو ئەنجامە گەیشتوون کە: کەڵکوەرگرتن لە ڕادیۆ ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی کردووە.

ئێستا بە جۆرێکی وردتر، بزانین ئەم میتۆدە چۆن بەکاردەهێنرێت. لە زۆر بواری جیاجیاوە سوود لە ڕادیۆ وەرگیراوە.

یەکەم لایەنی تەکنیکی: زانیاری کە لە ڕێگەی مایکرۆفۆنێک، یان مانگێکی سیخوڕ، کۆکراوەتەوە و بەهۆی نێرەرێکەوە - کە لەگەڵ مایکرۆفۆنێک یا لەناو مانگێکدایە - بۆ ناوەندێکی بیسەر دەنێردرێت. لەم حاڵەتەدا ئێمە شایەتی مخابەرەی پەیامەکە نین لەلایەن مەئمورێکی دەستکردەوە — مایکرۆفۆن، یان مانگی دەستکرد - بۆ سەرپەرشتیارێکی دەستکرد - ناوەندی بیستن - .

لە بواری تەکنیکی چالاکی، نێرەر - وەرگری بچووکی ناسراو بە هۆکی - تۆکی، پەیوەندیی ئەو مەئموورانە ئاساندەکات، کە بە گرووپ کاردەکەن، بەتایبەت بۆ ناردنی هێمای وریاکردنەوە. بە ئیشکردنی ئەم دەزگایانە کە

لە ژیانی ڕۆژانەدا بەسوودن و تەنانەت باش دەیانناسین و لە دوکانەکانی فرۆشتنی شمەکی یارییش دەستدەکەون. بەدەسەڵاترینیان لە چوارچێوەیەکی کراوەدا، تا دەیان کیلۆمەتر بڕدەکات.

مخابرەی پەیامی نێوان مەئموور و سەرپەرشت (یا بنکە، سەرۆکی تۆڕ، یان ناوەند) بواری تێکڕاییتری (سوودوەرگرتن لە ڕادیۆ)یە. کاتێک ڕادیۆ تاکە چارەسەری ئاسانە، کە هەردووکییان دوورن و کۆسپێکی تەواو ڕێگر لەنێوانیاندایە.

سیخوڕانی (ئۆرکێسترای سوور) کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەڵمانیا چالاکییان دەکرد، زانیارییەکەیان لە ڕێگەی ڕادیۆوە، بۆ مۆسکۆ دەنارد؛ بەهۆی ڕادیۆوە بوو کە ڕۆدۆلف ڕوسلەر لە سەنتەر ئەو زانیارییەی وەردەگرت، کە مەئموورەکانی لەسەر فەرماندەی سوپای ئەڵمانیا دەیانناردر. لە ڕێگەی ڕادیۆوە بوو، کە ڕیشار سورژ لە تۆکیوە پەیامی بۆ وێستگەی ولادی وستک نارد، کە کاریگەری لەسەر ڕەوشی جەنگی دووەمی جیهان دانا.

ئاقیبەت ڕادیـۆ لـە شکڵی جـۆراوجـۆردا (نـێـرەری کلاسیک، ڕادیـۆی تەلەتایپەکان)، هۆکاری پەیوەندیی ئاسایی نێوان (بنکەکان)ی جێگیر لە دەرەوە و (ناوەند)ە.

دوو ئـەگـەر هـەیـە کـە (بـنـکـە) سـوود لە دەمامکی دیبلۆماسی وەرگرێت، یان چالاکیی نهێنی هەبێت: یەکەم، ترافیکی بنکە بەشێک دەبـێـت لـە تـرافیـکـی بـاڵـوێـزخـانـە و وڵاتـی خانەخوێ بەرگەی دەگرێت؛ بەرگەی دەگرێت، بـەڵام بێشک ئامێری بیستن دادەنێت. بۆیە، دەبێت ئەم جۆرە پەیوەندییانە تەواو ڕەمزی بن. دووەم مەسەلەکە زۆر دژوارترە، چونکە نـاردنـی شـەپۆلی ڕادیـۆیـی، مەترسی هەیە و دوژمـن لـە ڕێـگـەی گونیومەتری شوێنی بنکەکە بدۆزێتەوە. چەندی ترافیک زیاتربێت مەترسییش تـونـدتـردەبـێـت. بـەو هۆیەوەیە کە دەبێت بنکە لە شوێنی جیاجیادا چەندین نێرەری لە بەردەستدابێت و لە کاتی پێویستدا، سوود لە تەکنیکە تایبەتییەکانی وەرگرێت.

نموونەی زەقـی ئـەم جـۆرە پەیوەندییەی ڕادیـۆ، پەیوەندییەکە، بنکەی ڕادۆ - گرو (Rao-Gru) لە جەنگی دووەمـی جیهاندا

هەیبوو. باسی ڕۆدۆلف ڕوسیالەرم کرد، کە بەهۆی ڕادیۆوە زانیاریی مەئموورەکانی خۆی لەسەر فەرمانداری سوپای ئەڵمانیا وەردەگرت: بۆ ناردنی ئەم زانیارییە بۆ مۆسکۆ، ڕوسلەر سەر بە بنکەی نهێنیی ئەلکساندار ڕۆدۆلفی (ڕادۆ) بوو. لە ژانویە و لە بەرگی دامەزراوەی جوگرافی ژیۆپرس ئیشیدەکرد، لە شارەکانی ژینۆ، کو36 و لۆزان شاندێکی ئۆپراتۆری لە بەردەست بوو. ئەم ئۆپراتۆرانە (سەربە ناوەندی ڕێکخراوی زانیاریی سوپای سۆڤێت بوون لە مۆسکۆ. بەم شێوەیە لە سەرەتای شەڕەوە تا کۆتایی ساڵی1943 شەپۆلێک زانیاری لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆیی لە بەرلینەوە بۆ سویس و لە سویسەوە بۆ مۆسکۆ دەچوو. لەم مێژووەدا ڕێکخراوی دژەسیخوڕی سویس، دوا شۆفار (ڕادۆ)ی گرت[20].

ئاشکرایە ڕێکخراوی زانیاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە مەترسیی هەژموونکردن بەسەر شەپۆلە ڕادیۆییەکان و دیاریکردنی شوێنی نێرەر لەلایەن دووژمنەوە، کەوتنە دۆزینەوەی چارەسەر، کە بە مەترسییەکی گەورەی بنکە و مەئموورەکان دادەنرێت:

دۆزینەوەی چارەسەر بۆ سودوەرگرتن لە تەکنیکەکان. بۆ یەکەم بریتییە لە سوودوەرگرتنی خۆپاریزانەی کلاسیکی: لانیکەم گەیاندنی ماوەی ناردنی پەیامی ڕادیۆیی، گۆڕینی درێژایی شەپۆل، گۆڕینی فریکانسی ئاگاداری و ترافیکی ڕادیۆیی، سوودوەرگرتن لە چەندین نێرەر، یان گۆڕینی شوێنی نێرەری یەک و تەرخانکردنی ئۆپراتۆرێکی پسپۆڕی ڕادیۆ بۆ هەریەک لە مەئموورە گرنگەکان. بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی ئەو خاڵەبوو، کە سیخوڕی گەورەی ئیسرائیلی ئەیلای کۆهن لە مانگی مەی ساڵی 1965 لە دیمەشق گیرا و لەسێدارە درا.

سێجۆر دۆزینەوەی چارەسەر تەکنیکی هەیە: یەکەم لەسەر کەمکردنەوەی توانای نێرەرەکان وەستاوەتەوە، شتێکە وەرگرتنی شەپۆلی ڕادیۆیی دژوارتردەکات، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان توانای نێرەر لە لایەکەوە، بڕ و متمانەپێبوونی لە لایەکەی دیکەیەوە، هەیە. کەوابوو زێدەڕۆیی لەم ڕێگەیەدا شیاونییە.

دووەم دۆزینەوەی چارەسەر، کە زۆر زیاتر کارایە و بەپێی (توانای نەرمی فریکانس)

دانراوە، بریتییە لە دابەشکردنی کاتی پەخشی ڕادیـۆ بۆ بـەشـی کـورت (کـەمـتـر لـە یـەک هەزارەمی چرکە) و هەڵبژاردنی فریکانسێک بۆ هەربەشێک. کاتێک پەیام قابیلی وەرگرتنە، کە بنکەکانی نێرەر و وەرگر پێشتر پێکەوە هاودەنگ بووبن. بەکورتی دەبێت بوترێت، لێرەدا فریکانسەکە بووەتە ڕەمزی.

سێیەم دۆزینەوەی چارەسەر، لە خێراکردنی ڕەوشی پەخشی ڕادیۆدا پەنهانە، کە وەرگرتنی پەیامەکە دژوارە و وا دەکات تێیبگەن. ئەم ڕەوشە بۆ یەکەم جار ئەڵمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهان و لە پەیوەندیی نێوان وێستگەکانی نوین و تۆڕی ئەمەریکای باشوور بەکاریانهێنا. لەم کاتە بەدواوە ئەم میتۆدە گەشەیەکی بەرچاوی کرد بە ئاستێک، کە ئەمڕۆ دەکرێت بە خێراکردنی پەخشی هاوکێشەی چەندان هەزار بۆ[21] دەستکەوێت، کە درێژایی ناردنی تەلگرامێک تایبەت بە یەک، یان دوو چرکە دەکات. سوودوەرگرتن لەم ڕەوشە پێویستی بە میکانیزمی زانستی پێشکەوتووە و بۆ نێرەر میکانزمێکی سووک و بۆ وەرگر میکانیزمێکی قورسە، کە باش وەڵامی مەسەلەی خراوەڕوو دەداتەوە.

## پاراستن

1- پاراستنێکی پێویست - دەبێت هەموو ئەو کەسانەی زانیاری نهێنییان لایە، بیپارێزن. ئەم پابەندییە سەرباز، کارمەند، لێکۆڵەرەوە و ئەندازیار دەگرێتەوە، کە خەریکی توێژینەوەی پێشکەوتوون و ئەو کەسانەش دەگرێتەوە، کە لە کڕین و فرۆشتنی ئابووریی نێودەوڵەتیدا بەشدارن - بەتایبەت - مەئموورە دیپلۆماتەکانی دەرەوە و ئەندامانی ڕێکخراوی زانیاری.

مەگەر بە جێبەجێکردنی وردی (چارەی ئاساییش)، هەندێک جار نیمچە ئاڵۆز نەبێت، ناتوانرێت ئەم چاودێرییە بکرێت. بۆیە لە سوپاکاندا، لە وەزارەتە سەرەکییەکان و لە چەند دامەزراوەیەکی گەورەی هونەریدا، ڕێکخراوی ئاساییشی دژەسیخوڕی هاوکاریی نیزیکیان هەیە.

دەبێت ئەو میتۆدانەی باسمکردن، بەتایبەت لەسەر میتۆدی ئەو ڕێکخراوانە بگونجێنرێت، کە لە هەمووان زیاتر هەڕەشەیان لێدەکرێت، واتا پۆستی دیپلۆماتیک و ڕێکخراوی زانیاری. دەبێت ڕێکخراوی دوایی چاودێریی

سیڵایەنە دابینبکات، پاراستنی زانیاریی خۆی، ڕێکخراوی خۆی و سەرچاوەی خۆی: دەبێت پارێزگاری لە زانیاریی خۆی بکات، چونکە ئەگەر دوژمن (بزانێت کە دەزانن)، نەخشەی خۆی دەگۆڕێت. دەبێت پارێزگاری ڕێکخراوی خۆی بکات، چونکە ئەگەر ڕێکخراوەکە ناسرا هۆکارەکانی دوژمن (دزە) دەکەنە ناوی و چالاکییەکەی دەپووکێتەوە، لە سەرچاوەی خۆی، واتا دەبێت پارێزگاری لە مەئموورانی خۆی بکات، چونکە هەمیشە لە مەترسیی گیران و تەنانەت مردندان. ئەوسا پارێزگاری لە زانیاری و سەرچاوە جمکن: لە لایەکەوە زۆرجار دەکرێت لە ڕێگەی زانیارییەوە بە سەرچاوەکەی بگەی و لە لایەکەی دیکەیەوە بە پرسوجۆکردنی مەئمووری گیراو، دوژمن تێدەگات چ زانیارییەک بە زەرەری کۆکراوەتەوە.

2- پاراستنی وتار - دوژمن بە گوێگرتن و خوێندنەوەی نووسینەکانمان، دەگاتە نهێنیەکانمان. بەمەش پێویستە ئاگامان لە قسە و بەڵگەکانمان بێت.

چەند میتۆدێک دەربارەی تۆمارکردنی

گفتوگۆکان گوترا. بەگشتی ئەو کەسانە ئاگایان لە بوونیانە، کە ئەو میتۆدانە لە دژیان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ڕازیکردنیان بە زۆرێک لەم میتۆدانە، ئامادەیی لە هەموو شوێنێک و لێهاتوویان، کارێکی دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین لە هەندێک وڵاتدا هەموو باڵوێزەکانی دەرەوە (دەبیسترێن) و لە زۆربەی ژووری ئوتێلەکان، شوێنە گشتییەکان، زۆرێک لە ئوتومبێلەکان – بەتایبەت ئۆتۆمۆبیلی دیپلۆماتەکان – مایکرۆفۆن (دانراو)ە. یەکەم جووڵەی بەرگری لە ڕووبەڕووبوونەوە بەم کارە، جوان پشکنینی ئەو شوێنانەیە کە گفتوگۆی نهێنی تێدا ئەنجامدەدرێت، دۆزینەوە و لەکارخستنی مایکرۆفۆنەنهێنییەکان. پێشتر باسی چالاکی (چیخماڵ)مان کرد، کە بەشە گەڕۆکەکانی ڕێکخراوی زانیاری ئەنجامی دەدەن، بەڵام خۆتێگەیاندنی ئەم کۆمەڵە کارمەندە زۆر شارەزایە بەناچاری لە هەر چەندجارێک جارێکە و بە ئەزموون سەلمێنراوە، کە پاش هەرپشکنینێک بەزوویی مایکرۆفۆنەکان دەردەکەون.

قسەنەکردن، چارەسەری بنەڕەتییە بۆئەوەی قسەکانمان نەبیستن. هەر ئەمەشە وادەکات هەندێک بابەتی گرنگ و ورد - بۆ نموونە کات و شوێنی چاوپێکەوتن - لە ڕێگەی ئەو نوسراوانە ئاڵوگۆڕ دەبێت، کە یەکجێ لەناودەبرێن. ئاشکرایە ناکرێت میتۆدێکی لەم جۆرە بگشتاندرێت.

دەکرێت گفتوگۆی نهێنی لەناو باخەکان، لە دەرەوەی شار و لەو شوێنانەدا بکرێت، کە دانانی مایکرۆفۆنی تێدا بێسوودە، بەڵام هەمووجارێک هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە زۆر ئاسان نییە.

دروستکردنی هەراوزەنای دەق میتۆدێکە، بەگشتی بەکاردەهێنرێت و شێواوی لە دانانی ئامێری بیستنی مایکرۆفۆنی دروستدەکات. بۆیە دەبێت لە دەنگی ئاسایی خۆی بپارێزێت، کە بەئاسانی (ڕوون)دەبێتەوە. پەخشکردنی تێکەڵاوییەک لە نەوای میوزیکی و هەراوهۆریا بە دەنگی بەرز، باشترین ڕێگەیە. لەم کاتەدا دوو لایەنی گفتوگۆ دەبێت سوود لە لارنگۆفۆن[22] و گووشی وەربگرن.

لەکۆتاییدا، هەندێک باڵوێزخانە بەپارێزەوە هەنگاوی تەواوکردن جێبەجێ دەکات: کۆنفرانسی نهێنی لە ژووری شووشەیی دژە دەنگ، قەتیس بوو لە قەفەزی فارادە، کە لەبەرامبەر شەپۆلی هێرتز دزە بۆ نەکراوە، بە زیادەی پەخشی دەنگی دەق لە دەرەوە، سازدەدرێت. بۆ تەلەفۆنیش، ڕێگری لە گوێگرتن لە هێڵ، بەهۆی بەڕەمزاویکردنی ئۆتۆماتیکیی گفتوگۆیەکان ئاسانە. دەزگا جۆراوجۆرەکان ئەو بەڕەمزکردنە ئەنجامدەدەن: لە بازاڕیش هەندێک لەم دەزگایانە دەستدەکەوێت: لەبەرامبەر پەیجور و خۆتێگەیاندنی ئاسایی (بۆ نموونە لە دامەزراوەیەکدا) کاریگەرە. دەزگایەکی تری زۆر ئاڵۆز و گرانقیمەت هەیە، کە ئاساییشی (تەلەفۆنی سوور) زامن دەکات و هەندێک لە سەرانی دەوڵەت دەیکەن. (کۆدبەندیی قسەکانە بە ژمارە)، یەکێکە لەو میتۆدانەی کە سەبارەت دواهەم بە کاردەهێنرێت، واتا بڕگە بڕگە کردنی بۆ توخمێک کە وەک ژمارە نیشاندەدرێن و دەتوانن بە بەپێی میتۆدەکانی کلاسیک ڕەمزاوی بکرێن و ڕەمزەکەیان

بکرێتەوە، بەڵام ئەم پارێزگارییە تەنها بە درێژایی هێڵی تەلەفۆن کاردەکات. ئەگەر مایکرۆفۆنێک لە نووسینگەی کاری هەریەک لە لایەنەکانی تەلەفۆن دانرابێت، بێشک گفتوگۆکەیان دەبیسترێت.

3- پاراستنی بەڵگەکان - دەبێت لێرەدا جیاوازی لەنێوان بەڵگەی جێگیر (دیکۆمێنتەکان، ئەرشیفەکان، چەکەکان) و بەڵگەی ناجێگیر (نامەکان و پەیامەکان)دا بکەین.

بەرگری ئاسایی لە بەڵگەی جێگیر بریتییە لە پاراستنیان لە ژووری قاییم، یان سندوقەکاندا، بەڵام هەم ئەو ژوورانە و هەم ئەو سندوقانە لە بەردەم دەست بۆبردندان، بۆیە هەندێک جار بە هەنگاوی تر دەپارێزرێن، بەم مانایە لە کاتی تێکشکانی پەناگە، بەڵگەکان دەفەوتێن، کە لەسەر کاغەزی تایبەت نووسراون - حەل دەبن یان دەسووتێن -، چونکە لەبەر کرانەوە، نایاسایی، دەرگا، مەرەکەبێک، کە بەڵگەکە حەلدەبێت، یان گڕێک دروستدەبێت و دەیانسووتێنێت[23].

بەڵگەی جێگیر لە سندوقی گونجاو، نامە و پەیامەکان لە پێچراوێکی تەواو داپۆشراودا

دەپاریزرێن. لەڕاستیدا هەررێکخراوێکی زانیاری، یان دژەسیخوڕی، لە بنەڕەتڕا کاتێک نامەی ئەوانی دیکە دەکاتەوە، کە دڵنیابێت دەتوانێت بە جۆرێک دایبخاتەوە، وەرگر گومانی لێنەکات. ئاساییشی گورزەکان بە بەکارهێنانی تێپی حەلنەبوو، تێپ، لاک و مۆر (کە کاریگەرییەکی وای نییە) و گیرەی مسی دابیندەکرێت. شاردنەوەی پەیامی نهێنی، جۆرێکی دیکەی پاراستنی بەڵگەکانە.

4- مەرەکەبی نادیار - مەرەکەبی نادیار کە لە چاخی ڕێسانس پێیاندەگوت (ئاوی نەبینراو). مەرەکەبی بێڕەنگ (یان مەرەکەبێک کە بێڕەنگ کراوە) و بەمەش نادیاری کە بەهۆیانەوە نووسەر نامەی نهێنی، بابەتەکەی خۆی لەناو دێڕی دەقێکی ئاسایی دەنووسێت و وەرگر بە هۆی مادەیەکی تایبەتەوە دەریدەخات.

مەرەکەبی نادیار لە کۆنەوە بە کاردەهێنرێت. لە نووسینەکانی پلین و ئۆڤید دا دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی ئەواندا چەند جۆرێکی ئەم مەرەکەبانە هەبووە: شیرە و گیراوەی گیایەک لە خێزانی ئیۆفەربیاسە بەناوی تی سی

ماڵ: ئەم دوو مادەیە بەهۆی تۆزی خەڵووز دەردەکەوێت. بە گوتەی ڕابلە (لە کتێبی پانتا گرویل، بەشی چواردە)، بۆنووسینی نامەی نهێنی سوود لەم مادانەی خوارەوە وەرگیراوە: خوێی ئامۆنیاک، گوشراوی پیاز، شیرەی داری هەنجیر، خوێنی بولبول، سەفرای قەلەڕەش، سپێرمی نەهەنگ...، پاشان خوێی یۆد، کە بەهۆی هایدرۆجین سولفۆرەوە دەردەکەون، ئەوجا، لە سەردەمی ئەلیزابێسی یەکەم، شاژنی بەریتانیا و لویی پانزە شای فەڕەنسا، کلۆرەر کوباڵت، ئەوسا ئەسپرین، تەواوەی مس، فروسیانورپتازیم، ئاقیبەت مەرەکەبی نویَ، کە دەبێت لەنێویاندا ناوی مەرەکەبی ڕادیۆ ئەکتیڤیۆ و مەرەکەبی کالک بهێنرێت. ماددەی دوایی وەک (کاربۆنی سپی) بەکاردەهێنرێت، کە بەڕواڵەت لە کاغەزی ئاسایی دەچن و وەک کاغەزی کاربۆنی باو سوودیان لێوەردەگیردرێت.

ئەو پەیامانەی بە مەرەکەبی نادیار دەنووسرێت، هەروەک وتم، بەگشتی لەناو دێڕی نامەیەکی ئاسایی دەنووسرێت، بەڵام بۆئەوەی نەکەونە داوی سانسۆرەوە،

هەندێک جار لەسەر شتی تریش دەنووسرێت: پەراوێزی ڕۆژنامەکان، گورزەی بچوکی کاڵا، داوێن، دەسماڵ ... و تەنانەت هێلکەی مریشک!

دەبێت مەرەکەبی نادیار چوار تایبەتمەندی هەبێت: یەکەم بەئاسانی سوودیان لێوەربگیردرێت؛ زۆرجار مەئمورێک لە هەلومەرجێکی خراپدا دەژی و لەو هۆکارانە بێزارە، کە سوود لێوەرگرتنیان دەیخاتە مەترسییەوە. بەمەش دەبێت لە پێدانی ئەو مەرەکەبە خۆبپارێزرێت، کە ئامادەکردنی ئاڵۆزە. هەروەک دەبێت مەرەکەبەکان بە جۆرێک بشاردرێنەوە، کە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دەستنیشان نەکرێن، هەڵبگیرێن و بگوازرێنەوە (لە شووشەی قۆڵۆنیا، وەک سابوون، لە کونوکەلەبەری جلوبەرگی چڵکن و هتد).

دڵنیابوون، دووەم تایبەتمەندیی مەرەکەبەکانە، واتە کاتێک دوژمن ئەو ماددەیە نەناسێت، کە دەیانخاتەڕوو، ناتوانێت بەئاسانی دەریانبخات. سەرەتاییترین مەرەکەبی نادیار ئەوانەن، کە بەهۆی گەرمییەوە دەردەکەوون: دەیخەنە بەر گەرمییەوە، یان ئوتووی گەرمیان

بەسەردا دێنن. زۆر لە مەرەکەبە سادەکان بە لێخشاندنی وردەزیو، دەردەکەون. دەرکەوتنی دڵنیاترین مەرەکەبەکان پێویستیەتی لێکدانەوەل و لە ڕێسایەکی تایبەتدا سوودوەرگرتنە لە چەندین ماددەی ڕاکتیوە. دکتۆر بێڵ، بەڕێوەبەری تاقیگەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی داوەری، ژمارەی ئەم ڕاکتیوانەی لە جەنگی دووەمی جیهان، لە مەرەکەبێکدا ئامادەیکردن، بە چوار ژمارە دەگەیت: ئەم مەرەکەبە لە بەرامبەر هەموو تاقیکردنەوەکانی کیمیاگەرانی ئەڵمانی خۆیگرت و نهێنیەکەی تا کۆتایی جەنگ بەپەنهانی مایەوە.

جێی متمانەبوون، سێیەم تایبەتمەندیەتی پێویستی (مەرەکەبی نادیار)ە. واتا هەرچەند ڕابردوو ماوەیەکی زۆر و ڕەنگە وەستانی لەبەردەم نالەباریی کەشوهەوادا، دیسانەوە بتوانێت دەریبخات و بیخوێنێتەوە.

لەکۆتاییدا مەرەکەبی نادیاری خوازراو ئەوەیە، کە دوای دەرکەوتن ناشاردرێتەوە. ئەم نەگەڕانەوەیە بۆ باری یەکەم بۆ سانسۆرکاران حوکمی کردنەوەی زەرفێکە بەنەزانی: نامەیەک بەم شێوەیە سانسۆرکرابێت، ناکرێت

چیدی کە بنێردرێت و بە ئامانجی بگەیەنرێت؛ دەزانین هەندێک جار لە کاری دژەسیخوڕیدا چاودێریکردنی ووداوێک، پەیتا پەیتا قازانجی لە ڕێگری لەپڕێکدا زۆرترە.

تەنانەت کاتێک مەرەکەبی نادیار هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەبێت، کە ژماردمانن، ئەو ئاساییشە ڕەهایە بۆ بە کارهێنەرانی بە دیاری ناهێنێت و زۆر لەوە دوورە. ڕەنگە نووسەر لە نووسیندا نەزانی کردبێت و بەهۆی فشاری زۆرەوە، شوێنی وشەکان لەسەر کاغەزەکە جێمابێت. دەکرێت بەهۆی هەڵمەوە بەئاسانی وای لێبکەیت بخوێنرێتەوە. جگە لەوە، نووسینگەکانی سانسۆری پۆستی ئەمڕۆ بە تاقیگەیەک تەیارکراون، کە بارێک پۆستی ناوبراو بە دەستەوە دەگرن و تاقیکردنەوەی کیمیایی زۆر وردی لەسەر ئەنجامدەدەن. بە درێژایی جەنگی یەکەمی جیهان (1918-191) چەندان تاقیگەی لەم جۆرە لە فەڕەنسا کاریان دەکرد، کە مەرەکەبی نادیار زۆر سودی لێوەردەگیرا و گرنگترینیان لە پاریس (تاقیگەی دکتۆر بێل)، لیۆن و پونتارلییە. زۆری بارە پۆستییەکان بە

ئامانجی سویسرا بیگرفت بە پالاوگەی تاقیگەی پونتارلییە تێدەپەڕی و دەرەنجامەکەی گرتنی دەیان سیخوڕی لێکەوتەوە.

هەرچەندە ئەمڕۆ کەمتر سوود لە مەرەکەبی نادیار وەردەگرن، بەڵام وازی لێنەهێندراوە. هەندێک جار ڕێکخراوە زانیارییەکان سوود لە مەرەکەبی نادیاری زۆر پێشکەوتوو وەردەگرن: مەرەکەبەکانی ڕادیۆ ئەکتیڤیا، ئەو مەرەکەبەی بنەمای درووستکردنیان بۆ خۆی بەشێکی نهێنیەکەیە؛ بەڵام ئەمڕۆ زیاتر شێوەی فۆتۆگرافیکی ئاساییە.

5- شێوە فۆتۆگرافییەکان - ئەم ڕێبازە بەو پێیەی بیانەوێت وێنەیەکی نێردراو نەبینراو بکەن، (وێنەگەلی باکگراوندی)، یان وای لێبکەن، زۆر بەزەحمەت ببینرێت (مایکرۆفۆتۆگرافی)، دوو جۆرن.

(وێنەی باکگراوندی) لە هەمووان دڵگیرترە. تەرزی کارکردنی بەم شێوەیە: وێنەیەکی ئاسایی لەسەر وێنەیەکی تر چاپدەکرێت، کە وێنەی پەیامی نهێنییە و پاشان وێنەی دوایی دەسڕنەوە، یان بەبێ ئەوەی دەریبخەن، بە یەکییەوە دەنووسێنن. وەرگر وێنەکە

بە ماددەی دەرخەری تایبەتی دەردەخات. لێرەدا چاو لە باسکردنی هونەریی ئەم کارە دەپۆشم، چونکە باسێکی دوورودرێژە و ڕەنگە بێزارکەر بێت.

مایکرۆفۆتۆگرافییەکان (گەردیلە وێنە)، کە زیاتر بە مایکرۆپۆن (ژێرخاڵەکان) ناسراون، پێچەوانەی ئەو بەڵگەیە کە لە ڕەهەندی زۆر بچووکدا ئامادەکراوە: تیرەی نێوان ملیمەترێک تا 10/1ملیمەترە.

لە ڕوانگەی یەکەمەوە، تەکنیکی وردەخاڵ زۆر تەکنیکی وێنەی سادەتر دەنوێنێت، بەکردەوە ڕووبەڕووی دژوارییەکی زۆر دەبێتەوە. بۆ سازکردنی وردەخاڵی بچووکتر لە 5/0 ملیمەتر پێویستە سوود لە دەزگایەکی تایبەت وەربگیردرێت، کە میکرۆسکۆبێکی پێوەیە؛ بڕینی ڕواڵەتی بەم بچووکییە کارێکی زۆر هەستیارە؛ میکرۆسکۆب بۆ خوێندنەوەی خاڵەکان بەوردی پێویستە، لە ئاکامدا دەبێت ماددەی توێنەرەوە توانای دابەشکردنێکی زۆری هەبێت.

کاتێک وردەخاڵ (مایکرۆپۆوان) ئامادەکرا، لە نامەیەکی ئاساییدا، دڵنیاترین ڕێبازەکانی

شاردنەوە بریتییە لە یەخەی هەڵگەڕاوەی چاکەتێک، یان نووساندنی بە تیرەی کاغەزێکی گەورەوە.

پەیدابوونی تیشکی لێزەر، درووستبوونی سەریکێشاوەتە تەکنیکی نوێی بە ناوی ئۆلۆگرافی[24]. ڕێکخراوە زانیارییەکان ویستیان دەق و وێنەکانیان بە شێوەی ئۆلۆگرافی ڕەمزی بنێرن. میتۆدێکی زۆرسەرنجڕاکێش، بەڵام سوودلێوەرگرتنی پێویستی بە میکانیزمێکی گران قیمەت و ناوەندێکی زۆر شارەزایە.

6- ڕەمزنووسین[25]- دەکرێت بەنەبینراوکردنی ناوەرۆکی پەیامە نهێنیەکەی بپارێزێت و ئەمە دوائامانجی ئەو میتۆدانەیە کە گوترا. هەروەها دەکرێت وا لە ناوەڕۆکی پەیام بکەیت تێینەگەن، نیاز لە ڕەمزاویکردنی پەیام هەر ئەوەیە.

لە دێرینەوە ئەو توانا دووالیزمییە دەرکەوتووە، چونکە هەر لەو سەردەمەدا مەرەکەبی نهێنی و ڕەمزنووسین – گەرچی دووەم چەند سەدەیەک پێشتر لە یەکەم – داهێنراوە. لەڕاستیدا بەپێی وتەیەکی پلەتارک لە سەردەمی لیکۆرگ،

واتا 9 سەدە پێش لەدایکبوونی مەسیح بوو، کە لاسە دمونییەکان بیریان لە سیتاڵ[26] کردووەتەوە. سیتاڵ بریتییە لە: گۆچانێکی چەرم لێئاڵێنراو؛ ناوەڕۆکی تەورات لەسەر چەرمەکە نووسراوە و بە ڕێکی لە گۆچانەکە ئاڵێنراوە. کاتێک چەرمەکە دەکرێتەوە ناوەڕۆکێکی لێ حاڵینەبووی هەڵگرتووە و جارێکی تر وەرگر لە گۆچانێکی تر بە هەمان تیرەی گۆچانی یەکەمی داڵێنێتەوە و بەم شێوەیە دەتوانرێت دەقەکە بخوێنرێتەوە. عیبرانییەکان، هندییەکان و ڕۆمییەکان سوودیان لە ڕەمزنووسین وەردەگرت. ئەو هونەرە لە سەدەکانی ناوەڕاست ماوەیەکی درێژخایەن فەرامۆشکرا، چونکە کڵێسا بەکارهێنانی حەرامکرد، یان لەڕاستیدا قۆرخیکرد، بەڵام لە سەردەمی ڕێنسانس دیسانەوە بووژایەوە و لە سەدەی هەژدەدا لەگەڵ (نووسینگەی باڵای ڕەمزنووسینی لویی چواردە)، گەیشتە پلەیەکی بەرز، ئەوسا جارێکی تر نەما و ئاقیبەت لە سێیەکی کۆتایی سەدەی نۆزدە، زۆر گەشەی کرد. لەڕاستیدا لەو سەردەمە

بەدواوە پراکتیزەبوو، کە دوو شێوەی نوێی گواستنەوەی پەیامی تەلەگرافی و ڕادیۆ تەلەگرافی - پاراستنیان لە ڕێگەی نووسینی ڕەمزی ناچاری بوو - پاشان بەخێرایی گشتێندرا.

دوای ئەم فڕینە خێرایە بە ئاسمانی مێژوودا، پێموایە بێسوود نابێت، کە وردرتر باسی بابەتی ڕەمزنووسی بکەین. ئەو هونەرەش بریتییە لە گۆڕینی شێوەی دەقێکی ڕوون و شایانی تێگەیشتن بۆ دەقێکی نهێنی - کە لە بنەڕەترا هیچ کەسێک جگە لە وەرگرە ئەسڵییەکەی، ناتوانێت بیخوێنێتەوە - پاشان دارشتنەوەی دەقی ڕوون لەسەر دەقی ڕەمزی. کاری یەکەم بە ڕەمزاویکردن و دووەم ناودەنێن کردنەوەی ڕەمز، وشەی (کردنەوەی ڕەمز)، بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیام لەلایەن وەرگرێکی نائەسڵی- ئەو کەسەی ناکرێت بە کلیلی ڕەمز، واتە دەستی بەو شێوەیە بگات، کە ناتوانێت پەیامەکە بکاتەوە – تەرخاندەکەن . لەم بارەیەوە دەڵێن ڕەمز (پووچەڵ) بووە.

دەکرێت پەیامەکان بە دووشێوە ڕەمزاوی

بکرێن: شکڵی جێگۆڕکێ و جێگرتنەوە، کە هەریەک لەم دوو شێوەیە بۆ خۆیان فرەجۆرن.

جێگۆڕکێ بریتییە لە تێکەڵاوکردنی پیتەکان و ژمارەی دیار، بەپێی یاسایەکی تایبەت و جێگرتنەوەی هەڵبژاردنی وشە، یان ژمارەی دیار بە وشە و ژمارەی تر، یان ئاماژەی دیکە.

ئەم شێوانە لە زۆربەی سیستمە ئامادەکراوەکاندا، نەک تەن دا، دەربارەی وشە، یان ژمارە، بەڵکو بەسەر کۆمەڵە وشەیەک یا ژمارە (دوو نووسین، سێ نووسین و هتد) وشە، یان تەنانەت ڕستەدا دەسەپێنرێت. ئەو توخمە ناودەنێن (یەکەی ڕەمز)، کە بنەمای گۆڕینی شێوەیە.

ئێمە نیازمان نییە لێرەدا بەکورتی باسی مەسەلەی تەکنیکی ڕەمزنووسین، ئەم هونەرە ئاڵۆز و دژوارە بکەین. بەمەش بە باسکردنی چەند نموونەیەک کۆتایی دێنم.

لاسەدمۆنینەکان لە ئامادەکردنی سیتاڵ (تەوراتی نووسراو بە ڕەمز)، سوودیان لە شێوەی جێگۆڕکێ وەردەگرت. نووسینی دەقی دیار بە چەشنی دێڕی ژێر وشەی کلیلی، جۆرێکی تری جێگۆڕکێیە. پاشان تۆمارکردنی

ئەو دەقە بە ستوونی و لە سیستمی ئەلفبایی پیتی وشـەی کلیلی. بۆ نموونە دەمانەوێت ڕستەی: (متمانە بەم شێوەیە مەکە) بە ڕەمز بنوسین و وشەی کلیلیمان (چاو بەستی)ە:

**چ ا و ب ە س ت ی (وشەی نهێنی)**
6 7 2 4 8 3 1 5 **(هۆنینەوەی ئەلفبایی)**
**م ت م ا ن ە بە**
**م ش ێ و ە ی ە م**
**ە ک ە ( ژ پ ف) پیتی پووچ**
**دەقی ڕەمزەکەمان دەبێتە: ی م ت م س ێ ی ن ە ک ە**
**ش ت چ ب ی ف و ا و ب م ن ا پ ب ژ ە ە ە ە**
**دۆزینەوەی میتۆدی کردنەوەی ڕەمز بۆ خوێنەر جێدێڵم.**

شێوەی سێیەم شێوەی (خشتەی سووڕاوە) یە، کە بـەزۆری منداڵان بەکاریدێنن، بەڵام کاراییەکی تایبەتی هەیە و بیرکاریزانی ئیتالی ژرووم کاردان، لە سەدەی شازدە دایهێناوە.

لە سادەترین جۆری فۆرمی جێگرتنەوەی هەرپیتێک (یاژمارە)، دەقی سەرەکی تەنیا هێمایەکی جێگیر دەگۆڕێت. ژول سزار فەرمانە سەربازییەکانی بەم شێوەیە ڕەمزاوی دەکات،

کە هەرپیتێک جێی پیتێک دەگرێتەوە کە لە پیتی ئەلفبادا چوار ڕیز لە پێشترە (E=A,F=B و...). دەبێت لە خۆت بپرسی ئەم سەردارە گەورەیە، بەم میتۆدە گەوجانەیە ویستوویەتی کێ تەفرەبدات.

لە شێوەی کتێب، کتێبێک و لاپەڕەیەکی پێشتر دیاریدەکرێت؛ هەرپیتێکی دەقی سەرەکی بە ژمارەیەکی چوارڕەقەمی نیشاندەدرێت، کە لەم لاپەڕەیەدا بە شێوەی چانس هەڵدەبژێردرێت و دوو ژمارەی یەکەم پیشاندەری دێڕ و دووەکەی تر، شوێنی پیتەکەیە لە و دێڕەدا. ئەمەریکییەکان و ژەنەڕاڵەکانی ناپلیۆن لە شەڕەکانی جیابوونەوە سوودیان لەم شێوەیە وەرگرت، لە ئێستادا لە ڕێکخراوە نهێنییەکانی وڵاتانی عەرەبی باوە. ئەم (جێگرتنەوە سادەیە، کە لە زۆر شێوەدا نیشاندەدرێت)، ئیشپێکردنی سەختە و هێندە جێی دڵنیایی نییە. پەیامی ئەمەریکییەکان بەهۆی فەرهەنگی زمان Entick، ڕەمزەکەی دەکرێتەوە. زانایانی ڕەمزناسی، کە ڕوویان لە مێژوو کردووە، بەبێ هاوکاریی ئەم کتێبە،

دەتوانن ئەم دەقانە بخوێننەوە – کە ئەمڕۆ نایەبە –.

نووسینگەی ڕەمزی لویی چواردە، بەرهەمە بەناوبانگە گەورەکەی ڕۆسینیولی بە یارمەتیی دوو نووسراو بە نارێکی، پەیڕەوی لە شێوەی جێگرتنەوەی (بیگرام) دەکرد. بە مردنی ڕۆسینیول کلیلەکەی بزربوو، تا ساڵی 1890 کەس نەیتوانی ڕەمزەکەی بکاتەوە. لەم ساڵەدا کۆماندان بازوری، سەرۆکی ئیدارەی (ڕەمز)ی فەڕەنسا، توانیی بیکاتەوە.

ئەمڕۆ ئیدارە گەورەکانی ڕەمزنووسی سوود لەم ڕێگەیەی خوارەوە وەردەگرن: دەقی سەرەکی بەهۆی کۆدێک، یان فەرهەنگی زمان ڕەمزاوی دەکرێت، کە بە کۆمەڵێک ژمارە (بەگشتی 5 ژمارە) شێوەکەی دەگۆڕن. پاشان گرووپەکانی ژمارە بە نۆرەی خۆیان بە شێوەی کلاسیک، زۆرجار بەهۆی (ڕیزبەندیی گریمانەیی) ڕەمزاوی دەکرێت، کە ئاشکراکردنی ڕەمزەکە – لانیکەم لە ڕوانگەی زارەکییەوە – نەشیاو دەکات.

7– دەزگاکانی ڕەمز – بە ڕەمزکردن و

کردنەوەی ڕەمزی پەیامەکان کارێکی کاتگر و بێزارکەرن، کە گریمانەی هەڵەیان تێدایە. بۆیە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی زانستی ڕەمزناسییەوە، هەوڵدراوە بە سوودوەرگرتن لە (دەزگای ڕەمز)، ئەرکی کارمەندانی ڕەمز کەمبکەنەوە. لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بە سیتاڵ کرد، بەرهەمی لاسەدمۆنینەکان. پاشان سوود لەو خشتانە وەرگیرا، کە ئەلفبایان تێدابوو، هەندێک لە پیتەکانیان لەگەڵ هەموو پیتەکان هەڵدەسووڕاند. ڕەمزنووسی بازۆری پێشکەوتوترینی ئەم دەزگا سەرەتاییانە بوو، کە ساڵی 1891 داهێنرا.

دەزگا مۆدێرنەکان زۆر ئاڵۆزتر و دڵنیاترن، دەزگای میکانیکین، یان ئەلکترۆمیکانیکی (دەزگای ئەنگیما)، یان - نوێترینیان - ئەلکترۆنیکین.

فرەجۆریی ڕێگەی پەیوەندی وایکرد بۆ کاری میتۆدەکانی ڕەمز، بەرەو دەقی نەنووسراویش ڕابکێشرێت. لە پەیامی تەلگرافیدا، پیتەکان جێی خۆیان داوەتە پێکهاتەی دەفتەرێکی ڕەمزی دوو هێمایی و پێنج قۆناغی. ژمارەی ئەم پێکهاتانە 32=52 دەبێت، کە بەڕەمزکردنی

ئەلفبای 32 پیتی ئاساندەکات. ئەم کارە لە سۆنگەی کۆمەڵێکی تێکەڵاو لە دەزگایەکی ڕەمز و دەزگایەکی چاپ لە دوورەوە،[27] پێکەوەبەستراو (ڕەمزکردن لە هێڵدا)، یان جیا لە یەکتری، کە دڵنیاترە (ڕەمزکردن لە دەرەوەی خەتدا) ئەنجامدەدرێت.

8- کردنەوەی ڕەمز - کردنەوەی ڕەمز میتۆدێکی گرنگی بەدەستهێنانی زانیارییە و بۆیە لۆژیکییە، کە لە بەشێکی تایبەتدا لێیبدوێین. بەڵام ئاوڕدانەوە لە کردنەوەی ڕەمز پێش باسکردنی بەڕەمزکردن، دەکرێت بەرهەمەکە ئاڵۆز و دژوار بکات.

کردنەوەی ڕەمز هێندەی بەڕەمزکردن کۆنە. شاردنەوەی مانای پەیام پشتی بەو گریمانەیە بەستووە جگە لە وەرگری پەیام، کە یەکێکی دیکە دەیەوێت ناوەرۆکەکەی بزانێت و هەوڵدەدات تەلیسمی ئەو نهێنیە بشکێنێت، کە دایپۆشیوە، بەڵام بێشک کارێکی ناڕاستە. ئەمە لانیکەم بیروڕای وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ستیمسۆنە، کە ساڵی1929 بە هەڵوەشانەوەی نووسینگەی کردنەوەی ڕەمز ڕایگەیاند: ئیدی هیچ جەنتڵمانێک نامەی ئەوی دیکە ناخوێنێتەوە.

له وڵاتێکدا بیروڕا سەیرەکەی خستەڕوو، کە پاش 18 ساڵ ڕێکخراوی سیا CIAی دامەزراند.

وتم ئاشکراکردنی ڕەمز ڕێبازێکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و تەنانەت بەدەسەڵاترینیانە. لەڕاستیدا ئەگەر ئاوڕ لە بەرچاوترین سەرکەوتنی ڕێکخراوی زانیاری بدەینەوە، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر قۆناغەکانی مێژوو هەبووە –، پشتڕاستی دەکەینەوە، زۆربەی ڕەمزەکانیان ئاشکرابووە. لێرەدا ناتوانین بە تێروتەسەلی باسی ئەم ڕووداوانە بکەین و بیانژمێرین، بە ئاماژەیەکی کورت بە (پێنج)یان کۆتایی دێنم.

یەکەم بابەت نەک لەو لایەنەوە شایانی وەبیرهێنانەوەیە، کە ڕەنگدانەوەی سیاسی و سەربازیی پڕ زایەڵەی ورووژاند، بەڵکو چونکە ئەنتوان ڕۆسینۆل، بەناوباونگترین ڕەمزناسی جیهانی ئاشکراکرد.

ئەم ڕووداوە ساڵی 1628و لەبەرامبەر بەندیخانەی ڕیالمۆنی شاری بچووکی پرۆتستان نشین ڕوویدا، کە پرێنس دی کۆندە ئابلۆقەی دابوو. بەرگری قەڵانشینان بوێرانەبوو، پرنس وردە وردە لە ناچارکردنی

پرۆتستانەکان بۆ خۆبەدەستەوەدان بێئومێد دەبێت. هەر لەو ڕۆژەدابـوو، شەوگەڕەکانی شەوێک پیاوێکیان دەستگیرکرد، کە لە شار دەهاتەدەر. کاتی پشکنینی پارچە شیعرێکیان دۆزییەوە بە جۆرێک خراپ نوسرابوو، کۆندی دڵنیاکرد پەیامێکی ڕەمزییە. دەقی شیعرەکەیان شیـکـردەوە، بـەڵام کـەس لـە نـاوەڕۆکـەکـەی نەگەیشت؛ ئەفسەرێک بیری کـەوتـەوە، کە لای ئەنتۆن ڕوسنیول، ڕەسەنزادەیەکی ئەو دەورووبەرە، کۆمەڵێک لەو بەرهەمانەی بینیوە، کە لەبارەی ڕەمز لە ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە. یەکێکیان بـەدوای ڕوسینۆلدا نـارد و زۆر بەئاسانی دەقەکەی خوێندەوە، هەرچەند کە بە ڕەمز نوسرابوو بەهۆی (خشتەی کارزان) - دڵنیاترین خشتەی ئاشکراکردنی ڕەمـزی ئەوکات – وەریگێڕا و ڕاڤەیکرد.

نـاوەڕۆکـی پـەیـامـەکـە، داوای هـاوکـاری لە هێزی مـۆڵـخـواردوی پرۆتستانی دەکـرد لە مۆنتۆبان، ئـامـاژەی بـەوە دەکـرد ئەگەر گورج فریای گەمارۆدراوان نەکەون، دەبێت خۆیان ڕادەستبکەن. کوندی بڕیاریدا ئاڵای سپی هـەڵـکـەن و نـوێـنـەرێـکـی بـە شیعر و

تەرجومەکەوە بۆ ناو قەڵاکە نارد. بۆ بەیانی شاری ئالمون تەسلیم بوو. کە ڕیشیلۆ بەم ڕووداوەی زانــی، ڕۆسـنـیـۆلـی بانگهێشتی پاریس کرد و ئیدارەی نووسینگەی ڕەمزی پێسپارد. ئەم نەجیبزادەیەی خەڵکی گاسکۆنی تا مردنی، واتا 83 ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە.

سەدان جار ڕووداوی تەلگرامی زیمەرمەن گێڕدراوەتەوە، گەر ڕووداوێـک نەبا ڕەنگە گەورەترین ئەنجامی بە درێژایی مێژووی زانـیـاری هێنابێتەکایەوە، لـە گـێڕانـەوەی خـۆ بــەدوور دەگــرم. بابەتەکە بریتییە لە تەلەگرافێک کە ڕۆژی 16ی ژانویەی ساڵی 1917، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا، زیـمـەرمـەن بـە بـاڵـوێـزەکـەی لـە مەکسیک ڕاگەیەند. لە تەلەگرامەکەدا داوا لە باڵوێز کرابوو هەوڵبدات مەکسیک و ژاپۆن ڕابکێشێتە ناو شەڕەوە، لە دژی وڵاتەیەکگرتووەکان. ئەم تەلەگرامە لە چەند ڕێگەیەکەوە، لەوانە ڕادیۆ، نێردراو ڕێکخراوی زانیاریی دەریایی بەریتانیا وەریگرت و ڕەمزەکەی کردەوە.

نـاوەڕۆکـی ئـاشـکـرابـووی ڕەمــزی ئـەم تەلگرامەیان بردە لای ویلسۆنی سەرۆککۆماری

ئەمەریکا. بەهۆی ئەو قۆرخکردنانەی کە ئەڵمانییەکان لە دەریاکان و تەنانەت لە قەڵەمڕەوی ئەمەریکادا کردبوویان، ملی نەدەدا میللەتەکەی تووشی کێشەبکات، کاتێک دڵنیابوو دەقی ئاڕاستەکراو ڕاستە، شەڕی لەگەڵ ئەڵمانیادا ڕاگەیاند (ڕۆژی6ی ئۆروێلی1917).

بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانەوە، سوودوەرگرتن لە ڕادیۆ لە سوپادا گشتێندرا و ئیدارەی کردنەوەی ڕەمز هەوڵیاندا پەیامە ستراتیژییەکانی دوژمن تەرجومەبکەن. لەم بوارەدا ملازم پان ڤینی فەڕەنسی سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر و زۆر کاریگەری بەدەستهێنا و توانیی لە 26 سەعاتدا ڕەمزی ئەو تەلەگرامە بکاتەوە، کە مێژووی پەلاماری گەورەی مارشاڵ هیندنبۆرگی لە ژویەنی 1918 ڕادەگەیاند. ئەم هەواڵە باوەڕپێکراوە، سەلمێنەر و تەواوکەری زانیاریی پێشوو بوو، ڕێی بە مارشاڵ فوش دا بەزوویی بارودۆخی خۆی بگۆڕێت و چەند هێزێکی تر بخاتە بەردەست ژەنەڕاڵ مانژن و بتوانێت بەهۆیانەوە بەر بە پەلاماری ئەڵمانیا بگرێت، لێبڕاوانە دژەهێرش بکات.

سەرکەوتنی پان ڤین زیاتر لەو ڕووەوە بایەخی هەیە، توانیی ڕەمزێک بکاتەوە، کە بەگوێرەی نەزانراو و شارەزایی پڕۆفیشناڵەوە، واتا ڕەمزی ADFGVX (جێگرتنەوەی بەهۆی بیگرام (جووتنووسین) جێگۆڕکێیەک کە پیتەکانی بیگرام ڕەمزەکان لە یەکدی جیابکاتەوە، لە دەقەکەدا پەرشوبڵاویان دەکاتەوە).

لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهاندا، دوو سەرکەوتنی زۆر گرنگ ڕێکخراوی کردنەوەی ڕەمزی هاوپەیمانانی دەرخست.

یەکەم ڕووداوی دەزگای ئەنگیما بیردێنمەوە، کە پێشتر بەکورتی ئاماژەی پێکرا. ئەڵمانییەکان ئەم دەزگایەیان لە سەروبەندی ڕکابەری بەکارهێنا و بۆ بەڕەمزکردنی هەموو پەیامە ستراتیژییەکانیان سوودیان لێوەرگرت. ڕێکخراوی زانیاریی هۆڵەندا توانیبووی ئەم دەزگایە کەموزۆر لەڕووی ئەو زانیارییەوە بەکاربێنێت، کە لە دوو سەرچاوە دەستی کەوتبوو. لە لایەکەوە زانیاریی کرێکارانی بە ڕەگەز هۆڵەندی، کە لە کارگەی دروستکردنی ئەم دەزگایە کارییان دەکرد و لە لایەکەی دیکەیەوە، ئەو

زانیارییەی کە ڕووکنی دووەمـی فەڕەنسا خستبوویە بەردەستی. ئەم پسپۆڕە بەتوانایانە پاشان ڕێبازێکیان بۆ ئاشکراکردنی ڕەمز داهێنا. کەمێک پێش ڕاگەیاندنی شەڕ لە ساڵی 1939، ڕێکخراوی زانیاریی هۆڵەندا یەکێک لەم دەزگایانەی بۆ فەڕەنسا و ئەوی تریانی بۆ بەریتانیا نارد. بەریتانییەکان سەرباری ئـەوە توانییان دەزگـای واقعـی ئەنگیما – یەکێکییان لە فڕۆکەی کەوتووە خوارەوە و ئەوی دیکەیان لە تانکێکی ڕفێنراو و سێیەمیان بـەهـۆی دەفـتـەری کـردنـەوەی ڕەمـزەکـەی، لە ژێردەریایەکی دوژمن – بە دەست بێنن. ئەڵمانییەکان متمانەیەکی وایان بە لە تێکشکان نەهاتووی دەزگای ئەنگیما هەبوو، کە وێڕای ئـەو هەموو ڕووداوانــە بە درێژایی ماوەی شەڕ سوودیان لێوەرگرت.

ڕێکخراوی زانیاریی تایبەت (هەواڵدەری سەنتەر)ی بەریتانیا، هەزاران تەلەگرامی ڕەمزی ئەنگیمایان ئاشکراکرد[28]. سەرچاوەیەک بوو کە بەریتانییەکان پێیاندەوت (ئۆڵترا). چەرچڵ ناوی نابوو باشترین و نهێنیانەترین[29] سەرچاوەی زانیاری، ژەنەڕاڵ ئەیزنهاوەر لە نامەیەکدا بە

مێژووی ژویەی 1945 بۆ ژەنەڕاڵ مەنزیس، بەڕێوەبەری هەواڵداری سەنتەر نووسیبووی:

(...ئەم زانیارییە بۆ من بەهاکەی نائاساییە. ئەمانە ئەرکی فەرماندەیی باڵامییان زۆر ئاسانکردووە، گیانی هەزاران بەریتانی و ئەمەریکییان ڕزگارکردووە، پشکی زۆریان لە زوو تێکشکاندنی دوژمن و ئاقیبەت ناچارکردنی بۆ خۆبەدەستە وەداندا هەیە.)[30]

لە سەرەتای 1941، ئەمەریکییەکان پەیامی ڕەمزی دیپلۆماتیک و سەربازیی ژاپۆنیان دەخوێندەوە31، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم باڵادەستبوونە نەیتوانی بەر بەکارەساتی پرل هاربەر بگرێت، چونکە ژاپۆنییەکان لەم چالاکییەدا زۆر بە پارێزەوە سوودییان لە ڕادیۆ وەردەگرت، ڕەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت ئەمەریکییەکان بێئاگایی خۆیان نیشاندا. لەجێدا ئەم ئیمتیازە ڕێیپێدان تا کەشتیی ئەمەریکی لە کاتی خۆیدا، لە کات و شوێنی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە پەلاماری میدوی خۆیان کۆبکەنەوە، پاشان شەڕی دەریایی کۆربل بە سەرکەوتن کۆتایی بێنن.

## پەراوێزەکان:

1- فرانسوا لۆکلەرک دوترامبلەر (نوسەر).

2Capucin-، لقێکی تیپی فرانسیسکن کە لە 1528 بووەهۆی، پشتگیریکردنی پاپاش.

3- Frejus بەشێک لە باشووری خۆرهەڵاتی فەڕەنسا.

4- la Rochefou cauld(نووسەری فەڕەنسی).

5- ڕاستە کە (سیسیرۆن)300000 لیرەی ئەستەرلینی لە ئەڵمانییەکان وەرگرت، بەڵام پارەکان ساختەبوون (نووسەر).

6- (هەڵاتوو) لە زاراوەی کارگێڕی تایبەتدا بە و کارمەندە دەگوترێت، کە پەنادەباتە بەر ئۆردوگای دوژمن. (نووسەر).

7- نۆزدەی ژانویەی 1979. دووبرتین بە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە توانەوەی گەرما - ناوکێک بەهۆی تیشکی لێزەرەوە - دەستی پێڕاگەیشت. پاش ڕاکردنی ورنەر شیتلەر کارمەندی ڕێکخراوی زانیاریی ئەڵمانیای خۆرهەڵات، ناسراو گیرا.

8- لە قوتابخانەی دووەم، کە ئەڵمانییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهان دایانمەزراندبوو ئەوانەی قوتابی بوون لەچکیان لەسەر بوو، بە دووری چرکەیەک لە یەکدی دوور بۆ قوتابخانە دەهاتن

و یا دەچوونە دەرەوە لێی. ئەمانە مافی چوونە دەرەوەیـان لە ژوورەکانیـان نـەبوو، لێهاتوویی هەنگاوێکی لەم جۆرە زۆر گوماناوی دەنوێنێت.

9- لەناو دیکۆری ساجی، چوارچێوەی دەرگا، لەژێر قرمیت و یا لەژێر توێژاڵی گەچ. (نووسەر).

10- سەنتەری زانیاریی هێزی دەریایی، بەکردەوە ڕێنوێنیی ئەم هەنگاوانە دەکات. (نووسەر).

11 کینایەیە لە فلیمی (سیخوڕێک کە لە کوێستانەوە هات). وەرگێڕ.

12-ئالان دالاس سەرۆکی سیا لە کتێبی (تەکنیکی زانیاری) (نووسەر).

13- لـە کـۆتـایـی سـاڵـی1977: لـەلایـەن وڵاتەیەکگرتووەکان، 1077 لـەلایـەن یەکیەتیی جەماوەری سۆڤێتەوە هەڵدرا (نووسەر).

14- مـەئـموریـەتـی چـاودێـریـکـردنـی موشەکی بالیستیکیش، ئەو فڕۆکانەی کە لەبەرزایی کەم دەفڕن و زرێپۆشەکان بۆ ڕاددەری باڵدار گۆڕاوە (بۆینگ 707 ئاواکسی ئەمەریکییەکان و یەکیەتی ئەتلانتیکی بـاکـوور و سیستمی مـۆس Moss سۆڤیەنی). (نووسەر)

15- کارێکە بە شەڕی (ئەستێرەکان) بە ناوبانگە. (و، ف)

16- خـوێـنـەرانـێـک کـە ئـاشـنـایـەتـییـان لـەگـەڵ مـەسـەلـەی مـانـگـی دەسـتـکـردا هـەیـە، لـەگـەڵ ئامانجی ڕاسـتـەوخـۆ یـا نـاڕاسـتـەوخـۆ دەتـوانـن

زانیاریی تـەواوکـەر لـەم وتـارەی خـوارەوە دا پەیدا بـکـەن.Herpais.L,activite Spatial Chinoise.Chevvignard.Les Satellites de Telecommumication .Corbeau.L, .utilisation militaire de l,espace

17- دەزگـا ئـاڵۆزە دروسـتـکـراوەکـانـی دەستی مرۆڤ (کۆمپیوتەر - مرۆڤی دەستکرد). (وەرگێڕی فارسی).

18- شارێکی شوێنەوارییە لە ئاسیای بچووک. (و، ف).

19- ر ک : ل47 هەمان کتێب. (نووسەر)

20- سویسرییەکان تووشـی ئەوگرتنە بـوون، چونکە ڕێکخراوی دژەسیخوڕیی واڵتر شتیلەگ هەموو ئەندامانی بنکەی ڕادۆی ناسیبوو شوێنەکانی دۆزیبۆوە. (نهووسەر).

21- Baud، یەکەی خێرایی لە ناردنی پەیامی تەلەگرافی.

22- Laryngophone مایکرۆفۆنێکە، لەسەر مل دادەنرێت و بە لەرانەوەی تاڵە دەنگییەکان کاردەکات.

23- هـەنـدێـک جـار ڕێـگـەچـارەی لـەم جـۆرە، بـەڵام بێگومان سووکتر، بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵگەی جوڵاو - کە لە جانتای دەستیی تایبەت هەڵدەگیردرێت - وەردەگیردرێت.(نووسەر).

24- Holographie واتا ئامادەکردنی وێنەی بەرجەستە.

25- Cryptographie لە بنچینەدا یۆنانی Crypto(ڕەمز) وgraphie(نووسین).(نووسەر).

26- بەڕەمزکردنی تەورات مەسەلەیەکە ئاڵۆز و مایەی ناکۆکی. بێشک ئەم کارە پێش لاسەدمۆنسەکان کراوە. (نووسەر).

27- Teleimprimeur دەزگای چاپکردن لە دوورەوە.

28- پسپۆڕانی هۆڵەندی ئاشکراکەری ڕەمز، چوونە فەڕەنسا و سەنتەری زانیاریی فەرەنسا، کە بەنهێنی کاریدەکرد توانیی دەستی بگاتە پەیامە نهێنییەکانی ئەنگیما تا ساڵی1942(بەشی کادیکس). سەرۆکی بەشی کادیکس کە لەو کاتەدا فەرماندەی ژ. باشتران بوو، لە ساڵی1973وتارێکی بە ناوی (ئەنگیما) بڵاوکردەوە.

29- مەسەلەی (ئۆڵترا) 25ساڵ دوای خستنەڕووی لە کتێبکی نوسراوی کۆڵێنێل ونیتەر بۆتام سەرۆکی پێشووی (سەنتەری ئاسمانی)ی ئێم. ئەی. سێکس ئاشکرا بوو.

30- نووسینی: وینتەر بۆتام.

31- ژاپۆنییەکان سوودیان لە دەزگای ڕەمزنووسی وەرگرتووە، کە مەشقێک بوو لە (ئەنگیما). ئەمەریکییەکان لە ڕێگای هاوپەیمانە بەریتانییەکانیان ئەنگیمایان ناسیوە.

# بەشی سێیەم

# دژەسیخوڕی

## ئامانج و ڕێکخستن

1- ئامانجەکان - لە لاپەڕەکانی پێشوو ئەو خاڵە پاڵپشتانەمان ژمـاردن، کە دەبێت ڕێکخراوی زانـیاری بۆ پارێزگاریکردن لە زانـیاری و سـەرچـاوەی خۆی چاودێرییان بکات. ئەم پاڵپشتانە بایەخی ژیارییان هەیە، چونکە ڕێکخراوی زانیاری بەردەوام دوژمنی بوێر و بێویژدانی بەرامبەرە: دژەسیخوڕی.

مـەئـمـوورییـەتی سـەرەکـیی ڕێـکـخـراوی دژەسیخوڕی بەئاشکرا لە ناوەکەیەوە دیارە؛ بەڵام ئەو ئەرکە واتە ڕووبەڕووبوونەوە بە سیخوڕانی دوژمن، تاکە ئەرکی ئەم ڕێکخراوە نییە، یـاک چـی تـر نابێت. لەڕاستیدا چەند دەیەک پێشتر دوو ئەرکی نوێ خراوەتە سەر شانی ئـەم ڕێکخراوە: دژەدەسـتـێـوەردان و ژەهراویکردنی دوژمن.

خۆتێگەیاندنی سیاسی، یان ئابووری لەگەڵ سیخوڕی - کە زیادیەیەکە - جیاوازە. ئەو کارە بریتییە لە زاڵبوون بەسەر هەندێک هەڕەمی فەرماندەیی وڵاتێک لە وڵاتێکی تردا، چ بە مەبەستی لاوازکردنی ئەم وڵاتە و چ بە ئامانجی لایەنگری سیاسەتی وڵاتـی دیکە، بە ئـاقـاری داخـوازی

وڵاتی دەستێوەردەر. خۆتێگەیاندنی سیاسی بە بەکاربردنی کەسانێک، کە لە پۆستەباڵاکانی دەوڵەتدان، حزبەکان، سەندیکاکان و هەروەها بە هەژموونکردن بەسەر گرووپی سیاسی، ئاینی، کولتووری و هۆکارەکانی زانیاری بەکاردەهێنرێت. خۆتێگەیاندنی ئابووری بەهۆی کۆمپانیایەکی نهێنیی گرووپە داراییەکان، یان کۆمپانیاکان، بۆرسەکان و ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی، دەگەنە ئامانجەکانیان.

بە پێچەوانەی سیخوڕی، خۆتێگەیاندن، جۆرێک (هەنگاو)ە، بەڵام سیخوڕی سوود لە مەئموورەکانی وەردەگرێت و تەکنیکەکانی ڕەفتاری ژێرزەمینی بەکاردەهێنێت. ئەمەیە وایکردووە، مەئمووربیەتی بەرەنگاربوونەوە لەڕووی عەقڵ و لۆژیکەوە دراوەتەپاڵ دژەسیخوڕی.

ژەهراویکردنی دوژمن، کە بەشێکی جیای بۆ تەرخاندەکەم، چالاکییەکە بریتییە لە گەیاندنی زانیاریی ساختە بە دوژمن تا ئەو شتە بزانێت، کە دەیانەوێت بیزانن و لە ئەنجامدا چۆنیان دەوێت وا بکەن. چالاکیی ژەهراویکردنی ڕەقیب - یا لانیکەم بەشە زۆرەکەی - لە ڕێگەی دژەسیخوڕیەوە

دەکرێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە لە ڕوانگەی سەرچاوە و میکانیزمەوە، کاریگەرترینیانی لە بەردەستدایە. مەئمووری دووسەرە.

2- هۆبەی سێلایەنەی دژەسیخوڕی

- فرەیی ئامانجەکان وایکردووە چالاکیی ڕێکخراوی دژەسیخوڕی بۆ سێ لق دابەشبکرێت: دژە سیخوڕی بەرگری، دژەسیخوڕی سەرکوتکەر و دژەسیخوڕی پەلاماردەر.

دژەسیخوڕیی بەرگری، جۆرێک چالاکی زانیارییە، کە کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکی شیاو لەبارەی ڕێکخراوی نهێنیی نەیار، هەڵسوڕاوانیان، ڕێبازەکانیان و مەئموورەکانیانە، چونکە ئامانجی کۆتایی ئەم بەشە دیاریکردنی ناسنامە و شوێنی ژیانی مەئموورانی دوژمنە، چ لە بواری سیخوڕی و چ خۆتێگەیاندنەوە.

داکۆکی پاڵپشتی ڕێکخراوی زانیاری ئەرکی لاوەکیی دژەسیخوڕییە، دیارە مەبەستی ڕێکخراوی زانیاریی ناوخۆیە. بۆئەوەی ڕوونتر قسەبکەین، سەرنج لە دوو ڕێکخراوی زانیاری و دژەسیخوڕی دوو وڵات (ئەلف) و

(باء) دەدەین. بە دوو ڕێگە ڕێکخراوی زانیاریی (ئەلف) لەلایەن ڕێکخراوی دژە سیخوڕی (ئەلف)ەوە دەپارێزرێت: دژەسیخوڕی (ئەلف) زانیاریی ڕێکخراوەنهێنییەکانی وڵاتی (باء) و بەتایبەت لەسەر دژەسیخوڕیی (باء) کۆدەکاتەوە. زانیاری دوایین سوودی بۆ ڕێکخراوی زانیاریی (ئەلف) هەیە، چونکە دەربارەی دوژمنی ڕاستەقینەیەتی. دژەسیخوڕی لە قۆناغی دووەمدا (ئەلف) پێشینەی مەئموورانی (باء) دەخاتە بەردەم ڕێکخراوە زانیارییەکانی (ئەلف) و ئەم ئیدارە، پێش هەر بەکارهێنەرێک بۆ ئەم ئەرشیفە دەگەڕێتەوە، تا دڵنیابێت سەروکاری لەگەڵ مەئموورانی (باء)دا نییە.

دژەسیخوڕی بەرگری نەک هەر لە وڵاتی خۆی، بەڵکو لە وڵاتانی بێگانە و تەنانەت لەماڵی دوژمندا کاردەکات. دژەسیخوڕیی وڵاتی (ئەلف) لە وڵاتی (باء)، دەتوانێت بەشێک لە زانیاریی خۆی لەسەر ڕێکخراوی نهێنیی (باء) و هەڵسووڕێنەرانی دەستبکەوێت.

زۆرجار وا ڕێککەوتووە، تۆڕی سیخوڕیی

دوژمن بەهۆی وڵاتی سێیەمەوە پەلاماربدات. بەمەش دژەسیخوڕی بۆ ڕاوکردنی نێچیری خۆی دەبێت لەم وڵاتی سێیەمەدا چالاکی بکات. دەزانین وڵاتی سویسرا و شارەکانی ڤیەننا، لیسبۆن، تەنجە و بەیروت، لانەی ئەو سیخوڕانەیە - یا بووە - کە کاریان بەسەر سویسرا، نەمسا، پورتوگال، مەراکیش و لوبنانەوە نییە - یان نایانبێت - کەوایە ئاساییە لە لانەی سیخوڕاندا ڕووبەڕووی دژەسیخوڕانیش ببینەوە.

کاتێک سیخوڕانی دوژمن لەلایەن هۆبەی دژەسیخوڕیی بەرگری ناسران و پەناگەکەیان دۆزرایەوە، ئیدی کاریان تەواوە و مایەپووچ دەبن، واتا لە بنەڕەتەوە لەلایەن هۆبەی دژەسیخوڕیی سەرکوتکەر، یان ئیدارەی پۆلیسەوە دەستگیر و زیندانی کراون، بەتایبەتی کە لە قەڵەمڕەوی نیشتمانی کاردەکات.

دژەسیخوڕیی دەستدرێژیکەرانە، هۆبەیەکی ڕێکخراوی دژەسیخوڕییە و ئەرکی ڕاوکردن و ئامادەکردنی (مەئمووڕانی دووسەرە)یە، تا بتوانێت بە ناردنی هەواڵی ساختە دوژمن ژەهراوی بکات.

## مەئموورانی دووسەرە و چالاکیی ژەهراویکردن

1- مەئموورانی دووسەرە - سۆن تزوی چینی لە نامیلکەیەکی سەربازیدا ئامۆژگاری کردووین، سوود لە پێنج گرووپی مەئمووران وەربگرین، کە لە جێی خۆیدا باسمکردووە، گرنگترینیان مەئموورانی دووسەرەن. دەنووسێت: (لە ڕێگەی ئەمانەوە هەواڵی ساختەی ئامادەکراو، دەدرێتە (مەئموورانی قوربانی بوو)، فەرمانڕەوای مەئموورانی چوار گرووپی دیکە، لە ڕێگەی ئەمانەوە زاڵن بەسەر خۆیاندا.)

ئەو مەئموورە دووسەرانە کێن، کە زۆر لە کۆنەوە تاکو ئێستا و بەم ئاستە جەخت لە کارایيان کراوەتەوە؟

مەئمووری دووسەرە: وەک لە ناوەکەیەوە بەدەردەکەوێت، هاوکات خزمەت بە دوو ڕێکخراوی زانیاریی دژ، یان باشترە بڵێین لە خزمەت ڕێکخراوێکی زانیاریدا - ئەوەی کە بە پەیوەندییە دووسەرەکەی دەزانێت - و خیانەت لە ئەوی تر دەکات.

مرۆڤ هیچ پێویستی به پسپۆڕی نییه، تا له بەهای بەرچاوی مەئمووری دووسەره بگات: 1) ئەو پرسیارانه دەخاته بەردەست ڕێکخراوی دووژمنەوه، که لێیکردووه و ئەو پرسیارانه بۆ خۆیان زانیاریی گرنگ پێکدەهێنن؛ بەردەوام تەراتێنکردنی بێگانه له ماڵی مرۆڤدا، زانیارییەکی پڕبایەخ بووه. 2) لانیکەم زانیاری سەبارەت به ڕێکخستن، هەڵسوڕێنەران، میتۆد و تەنانەت هەندێک جار مەئموورانی دوژمن بەدەستەوەدەدات. ساڵانه ژمارەیەکی زۆری مەئمووورانی دوژمن به هاوکاریی مەئمووورانی دووسەره دەستگیردەکرێن. 3) ئەو زانیارییه دەخاته بەردەست دوژمن، که پێشتر هەڵیبژاردووه، ڕەچاوی کردووه و له ئەنجام دا میکانیزمێکی بنەمایی ژەهراویکردنی دوژمنه. 4) لەکۆتاییدا مەسرەفێکی زۆر ناکات، چونکه دوژمن خەرجییەکانی دەداتەوه.

له بەرامبەردا، پیشەی مەئمووری دووسەره، پیشەیەکی بێپاداشت و ترسناکه. ئاساییشی هەر پەیوەندی به خۆیەوه نییه، بەڵکو پەیوەندی بەو ڕێکخراوەشەوه هەیه، که کاری پێسپاردووه: بۆئەوەی مەئمووری

دووسەرە لە سەرەتای کارەکەوە بە دوژمنەوە (بلکێندرێت)، زانیاری ڕاستی دەدەنێ، بەڵام ئاشکرایە ئەم کارە ماوەیەکی کەم دەکرێت؛ پەیتا پەیتا زانیاریی ژەهراویکەر، دەخەنە سەر ئەم زانیارییە ڕاستە: زانیاریی فۆڕم گۆڕدراو، لایەنی تایبەتی هەیە، یان هەڵە. دیاریکردنی ڕاددەی ئەم جۆرە زانیارییە کارێکی مەترسیدارە: ئەگەر زۆر نەبێت، مەئمووری دووسەرە بەهای نامێنێت، ئەگەر زێدەڕۆیی لەم کارەدا بکرێت، نیازخراپیی دوژمن دەورووژێنرێت و دەمامک لەڕووی مەئمووری دووسەرە دادەماڵرێت و کاتێک ڕێکخراوی زانیاری، توانیی مەئمووری دووسەرە بناسێت، بە شێوەیەکی دڕندانە لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە.

لە لایەکەی دیکەوە، پەنهانبوونی مەئمووری دووسەرە وا دەکات پەیوەندیی ڕاستەقینەی بە ڕێکخراوی دژەسیخوڕی خۆیەوە بەپەنهانی بمێنێتەوە و ڕەنگە بیگرن، ئەمە ڕووداوێکی مەینەتبارە، بۆ نموونە وای دابنێ، ڕێکخراوێکی زانیاریی فەڕەنسی دژی سۆڤێت کار بە مەئموورێکی دووسەرە

بسپێرێت و ڕێکخراوی دژەسیخوڕیی فەڕەنسا ئـەم مـەئـمـووره بـە تـۆمـەتـی کـارکـردن بۆ سۆڤێت بگرێت. لەم حاڵەتەدا، یان ڕێکخراوی زانیاری بێدەنگ دەبێت، مەئموور سزایەکی توند دەدرێـت، یـان هـۆکـاری ئـازادبـوونـی دەرەخـسـێـنـێـت کـە لـەم کـاتـەدا مـەئـمووری دووســەره لە ڕوانگەی سۆڤێتییەکانەوە بە (دۆڕاو – سووتاو) دادەنرێت.

لە ئاکامدا مەئمووری دووسەره بڕواپێکراو نییە و تەنانەت هەندێک جار ئەو ڕێکخراوە سووکایەتی پێدەکات، کە مەئمووری دووسەره بە مەترسییەکی زۆرەوە، ئامادەیە کاری بۆ بکات.

لــەم هــەلــومــەرجــەدا، ئــەو پــرســیـاره قـووتـدەبـێـتـەوە، کـە بـۆچـی کـەسـانـێـک ئـەم کـاره قبووڵدەکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەرکپێدان بەو جۆره مەئموورانە تەواو لەو ڕێسایە ناچێت، کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی ئاساییەوە هەیە – کە لە بەشی پێشتر لێمان کۆڵییەوە –.

هەندێک جـار لـە قـەیـرانـدا، کەسانێک بە پاساوی نیشتمانپەروەری، نیشتمانخوازی،

نەتەوەچێتی، یان هۆی سیاسی هەست بە ئازایەتیی خۆیان دەکەن، کە مەترسیی قبوولّبکەن. ساڵی 1916، مارت ڕیشەر (ڕیشار)، ژنە سیخوڕی فەڕەنسی توانیی ببێتە کارمەندی سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاریی دەریایی ئەڵمانیا، لە ئیسپانیا و بۆ ماوەی دووساڵ خزمەتی گرانبەها پێشکەشی نووسینگەی پێنجەمی فەڕەنسا بکات – بەتایبەت ناردنی هەواڵی هێرشی گەورەی ژێردەریایی ساڵی 1918 –. بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانەوە جوولەکەیەک، کە پاشان بووە کریستیانی و چووەتە ناوجەرگەی کاسۆلیکەکانەوە، بووەتە کەشیش، ئەم مەترسییە ترسناکەی بە گیانی کڕی و وەک مەئمووری دووسەرەی هاوپەیمانان دژەی کردووەتە ناخی گشتاپۆوە، توانیی ژمارەیەکی دیاری نەکراو –، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە کەسانی ناسراو – لە هاوئاییینانی خۆی لە مەنفا بپارێزێت و گیانیان لە مردنی حەتمی ڕزگاربکات.

کەسانێکیش نەک بۆ بەرژەوەندی دارایی، بەڵکو لە ڕوانگەی بوونی خولّکی نامۆوە ئەم

کاره دەکەن، وەک فەرماندەیی ئەسترهازی لە کاتی ڕووداوی دریفۆس. تاکە مەسەلەیەکی خـراوەڕوو، ئەوەیە بزانین خیانەتی لە کێ دەکـرد: فەڕەنسییەکان، یـان ئەڵمانییەکان؟ ڕەنگە بە هـەردووکـیـان. هـەروەهـا تەماح و چاوچنۆکی پاڵنەری زۆربـەی مەئموورانی دووسەرەیە لە مێژوودا، لەوانە ئەلفرێد ڕدڵ ئەفسەری نەمسایی – کە چەند جارێک ناومان هێنا –.

پێشتر وتم ناچارکردن بەگشتی شێوازێکی ڕیزپەڕی بەکارهێنانی مەئموران، بووە. لە بابەت مەئموورانی دووسـەرە بارودۆخەکە بە جۆرێکی دیکەیە. لەم بارەیەوە بەتایبەت ئاسانترین میتۆدێک، کە بەگشتی بۆ ڕاوکردنی ئەم جۆرە مەئموورانە بەکاردەهێنرێت هەر ئەو ناچارییەیە.

مەئمووری دووسـەرە لە زۆربـەی بواردا سیخوڕێکی دوژمنی گیراوە و لەژێر فشاردا (سـەنـگـەری گـۆڕیـوە). چـەنـد نموونەیەکی خوارەوە دەیسەلمێنێت، ئەم میتۆدە بێپسانەوە لە کۆنترین ڕۆژدا بەکاردەهێنرێت.

ژیلبەر گرۆفەر، کە بووەهۆی مردنی ماری ستیوارت، سیخوڕێکی تیپی یەسوعیان بوو، پاشان لە ڕووداوێکی قاچاخدا گیرا، بەهۆی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، والسینگهام، سەنگەری گواستەوە. لە ساڵی 1692 سیخوڕێکی فەڕەنسی خەریکبوو ببێتەهۆی تێکشکانی مارشاڵ دولوگزا مبۆرگ لە شەڕی شتینکەرک، کە گیومی سێیەم ناسی و بووە سیخوڕی دووسەرە. حەفتا ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، دۆخی کەم و زۆر هاوشێوە لە هۆشکێر شی ساکس ڕوویدا.[1]

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی مەئەدولاتۆش، کە کەمێک ئاسانتر لەوەی بتوانیت، وێنای بکەیت لە قەڵای ئۆلەروون ڕایکرد، کە فوشەی لێی زیندانی کرابوو، بووە مەئمورێکی دووسەرەی کاریگەری فەڕەنسا لە بەریتانیا و باویەر. ئەو چانسە زۆرەی هەبوو پیشەکەی بێ هیچ ڕووداوێکی ناخۆش کۆتایی پێبێنێت. هەر لەو کاتەدا لەپڕ لە گرتووخانە هێنرایەدەر و بووە سیخوڕی دووسەرەی سەرۆکی پۆلیس، دماری، لای دەسەڵاتخوازان، کە بە هۆکاری سیاسی بە

حەبس بە کاری ماندووکەر حوکم درابوو. لە جەنگی دووەمی جیهان ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی (ئۆرکسترای سوور)، تۆڕی سیخوڕی سۆڤێتەکان دوای گرتن بۆ ڕێکخراوی زانیاریی ئەڵمانیا کارییان کرد، کە لە فەڕەنسا، بەلجیکا، بەرلین جێگیرببوون. ئەمانە بریتیبوون لە: کاپیتان گۆرۆڤیچ (کینت)، یاریدەدەری سەرۆکی تۆڕەکە، کاپیتان کنستانتین یفرمۆف، سەرپەرشتی بەشی برۆکسل یوهان ونزل، ئەنتۆتن وینتۆریک، ئەبراهام ڕیچمەن و هتد. زۆربەی ئەو سیخوڕانەی کە ببوونە دووسەرە، ئۆپراتۆری ڕادیۆ بوون. دوای گشتاندنی سوودوەرگرتن لە میتۆدی ڕادیۆ گونیومەتری بۆ دۆزینەوەی شوێنی نێرەر ئەم کۆمەڵە مەئموورە، لە مەترسیی زۆردان و بەتایبەت دووسەرەبوونیان زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە ڕاستەوخۆ ناردنی زانیاریی هەڵە و لە ئەنجامدا ژەهراویکردنی دوژمن ئاساندەکات.

ڕووداوی (جەمسەری باکوور)، بەباشی وێنای ئەو سوودوەرگرتنە دەکات، کە

دەکرێت ئەم هەنگاوە بەدەستی بهێنێت: ساڵی 1942 سەرهەنگ ئێم. جی. ژیسک سەرۆکی دژەسیخوڕیی (وەزارەتی بەرگری) لە هۆڵندا توانیی بە یارمەتیی (بەرگری ڕادیۆیی)، هەژدە کەس لە ئۆپراتۆری ڕادیۆ بناسن و دەستگیریان بکەن، کە بۆ دامەزراوەیەکی بەریتانی، واتە نووسینگەی چالاکیی تایبەت (SOE) کارییان دەکرد، (سەنگەریان پێ بگۆڕێت). ئەو چالاکییە وایکرد بتوانن 53 سیخوڕی بەریتانی، یان هۆڵەندی دەستگیربکەن، کە بە پەڕەشوت لە هۆڵندا دابەزیبوون و بڕی پێویستی چەک و ماددەی تەقینەوەیان دەستبکەوێت[2].

هەروەکو دەیبینین ئەڵمانییەکان دەستێکی باڵایان لە (سەنگەرگواستنەوە)ی سیخوڕان و دووسەرەکردنیاندا هەیە، سەرکەوتنیان وایکرد یەکێکیان، واتە ڕاوێژکاری تاوانکاریی هاینس پنوبتس بۆ تێکتێکشکانی سەرهەڵدانی بەرگری نیشتمانی، بیر لە داهێنانی ڕەوشێک بکاتەوە، بە شێوەیەک کە سەرۆکی تۆڕەکە بگرن، بیکەنە مەئموری دووسـەرە و بەهۆیەوە کەڵک لە دەزگای سەرهەڵدانی بەرگری وەربگرن. بەڵام ئەو بیرۆکەیە سەری نەگرت.

ئامادەکردنی مەئموورانی دووسەرە کارێکی سەختە و ڕەنگە کێشەی چارەسەرنەکراوی لێبکەوێتەوە. هەوڵدەدەم ئەوەندەی دەتوانم نادیاریەکان ڕوونتر بخەمەڕوو، وەک پێویست ئەو بارودۆخە ڕوونبکەمەوە.

مەئمووری X لە ڕێکخراوی زانیاریی وڵاتی ئەلف وەک سیخوڕی دووسەرە لە ڕێکخراوی زانیاریی وڵاتی باء کاردەکات (واتە لە بەرژەوەندیی وڵاتی ئەلف، خیانەت لە وڵاتی باء دەکات). کاتێک باء دەمامکی ڕووی دادەماڵێ، ڕەنگە بۆ جاری دووەم (سەنگەر) بگۆڕێت و ئەم کارە ڕێ بە باء دەدات، دووەم جار وڵاتی ئەلف بە زانیاریی ساختە ژەهراوی بکات، بەڵام ڕەنگە ئەلف زانیاری لەسەر ئەم فێڵە هەبێت. لە ئاکامدا وڵاتی ئەلف ئاگای لێیە کە وڵاتی باء دەزانێت ئەو دەزانێت و بە پێچەوانەوە. لێرەدا دۆخەکە بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە و مەئمووری X سوودی لێ وەرناگیردرێت.

ئاماژەی تێپەڕیو، گریمانەیەکی منداڵانە نییە. مەیلی ڕێکخراوی دژەسیخوڕی بۆ ئەنجامدانی کاری هەستیار و ئارەزووی

مەئمووڕانی دووسەرە، زۆرجار بە فریودانی ئەوانی دیکە، بە گرژی لەو جۆرە کۆتایی پێهاتووە.

دەزانین پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و بەتایبەت پاش مردنی ستالین (1953)، ژمارەیەک لە کارمەندانی سەنتەرە نهێنییەکانی سۆڤێت، یان مانگەکانی ئەم وڵاتە – هەندێک جار لە ڕیزەکانی سەرەوە – داوای پەنابەریان لە وڵاتانی خۆرئاوا کردووە، خۆیان خستووەتە ژێر هەیمەنەی ڕێکخراوی سیخوڕیی ئەو وڵاتانەوە. هەندێک لەو کەسانە بریتین لە: ئیگۆر کۆزنکۆ بۆ کەنەدا، ڤلادیمێر پترۆڤ بۆ ئوستڕالیا، یۆری ڕاستۆروف بۆ ژاپۆن، پیوتەر دەریابین – نیکۆلای خولکۆڤ و بوگدان ستاشینسکی بۆ ئەڵمانیا، ئەلیکساندار کازنا شایۆ – پاوڵ مونات –فرانتیسک تیسلەر – ئەناتۆڵ ئەلیکساندۆڤیچ دۆلنیتسین و پاسپا ساڵی 1978 و لەوانە. ئەو پڕۆسەیە یەکلایەنە نییە. لە خۆرئاوایشەوە هەندێک سیخوڕ بۆ خۆرهەڵات ڕایانکردووە: فیلبی، بورگس، مارتن و میشێل لە ئەنگلۆساکسۆنیەکان

و زۆربەی وڵاتانی ئەڵمانیای خۆرئاوا. ئەم ڕاکردنانە زانیاریی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی زانیاری پەیوەست و کاری ئێستایان، دەخەنە بەردەست دوژمن و ناوی مەئموووران، هاوکارانی پێشووی خۆیان دەدرکێنن. بەگشتی شەپۆلێک گرتن ئاکامی هەریەک لەم ڕووداوانەیە، بەڵام ڕەنگە لە هەندێک بواردا، دوورنییە لە یەکێکیاندا، لەڕاستیدا سیخوڕی ڕاکرد و بە فەرمانی ڕێکخراوی زانیاریی سەرەکی ڕایکردبێت: بەم شێوەیە دەبێتە مەئموری دووسەرەی ڕێکخراوی زانیاریی خۆی. ڕەنگبێت ئەم کارە سەیر بێتەبەرچاو، چونکە لە سەرەتای کارەکەدا کێشەی لە سوود زۆرترە. بێگومان یەکێک لەو کێشانەش لەناوبردنی گرووپی مەئموورە، بەڵام ئەو مەئموورانە کەسانێکن، بەکارهێنراون، یان سووتاو و بێهیچ داخێک دەبنە قوربانی.[3] لەجێدا سیخوڕی (ڕاکردوو) بەنارەوا کەسانێک تۆمەتباردەکات، ئەو بانگەشەیە پرۆسەی سروشتی ڕێکخراوی زانیاریی وڵاتی خانەخوێ شپرزەدەکات، زیان بە پەیوەندیی دووسەرە دەگەیەنێت.

ئاشکرایە پاش چەند هەڵسوکەوتێکی ئەم ڕاکردنە ساختەیە نیازخراپیان دەوروژێنێت، هــەردوولا وەک دەڵـێـن، دەسـتـی یەکدی دەخـوێـنـنـەوە و یەکجێ ڕووبــەڕووی ئەو دۆخە دەبنەوە، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد.

2- جەنگی دەروونی - ژەهراویکردنی دوژمــن بـە هـەواڵـی سـاخـتـە تـایـبـەت بە ڕێکخراوی دژەسیخوڕی نییە، لەڕاستیدا ئەو کـارە بـەردەوام بەهۆی مەئموورانی دووســـەرەوە ڕانـاپـەڕێـنـرێـت، بـەڵام ئەو کـارە کـەمـوزۆر لـە ئەستۆی ڕێکخراوە تایبەتیەکان بووە - یان ئەو دامەزراوانەی، کە پێش ئەمان هەبووە-. ئەو نموونانەی خوارەوە هۆی ئەو بانگەشـەیە بەدەستەوە دەدات: یەکەم سەرچاوەی ژەهراویکردنی دوژمـن بە هەواڵی ساختە بۆ سەردەمی داریـــۆش، واتــە ســـەدەی پـێـنـجی پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگـەڕێـتـەوە. ئەو سەردەمە ڕابـردووی ئەو پڕۆسەیەیە. بە بەڵگەگەلێک کە تێگەیشتنی زۆر سادەیە، من چاو لە سەردەمی پێشوو دەنووقێنم و کۆتایی بەم سەردەمە دێنم.

لە سەروبەندی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا، ژەنەڕاڵ واشنتۆن هەندێک جار نەخشەی پەلاماری ساختەی دەخستە ناو جانتای پەیکەکانییەوە، ئەم پەیکانە فەرمانیان پێکرابوو، لە ڕێگە جانتاکەیان بزربکەن تا بکەوێتە دەست بەریتانییەکانەوە.

ڕێکخراوە زانیارییەکانی بەریتانی لە جەنگی دووەمی جیهاندا ڕووداوێکیان هەڵگیرساند، کە بە (چالاکیی کەمپوت) ناسرا و نموونەیەکی تەواوی چالاکیی ژەهراویکردنی دوژمنە: بەهاری ساڵی 1943 لە کەنارێکی وڵاتی ئیسپانیا جەستەی ئەفسەرێکی بەریتانی کەوتووەکەنار، کە دەڵێن پاش کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی نوقوم بووە. دەستەسڕێکی پڕ لە بەڵگە و دەلیل لە دەستی پێچرابوو. ئیسپانییەکان ڕووداوەکەیان گەیاندە ئەفسەرانی ڕێکخراوی زانیاریی ئەڵمانیا و ئەوان بەڵگەکانیان تاووتوێکرد، پێیانوابوو دەستییان بە گەورەترین سەرکەوتنی سەردەمی خزمەتکردنیان گەیشتووە: بەڵگەی ناو دەستەسڕەکە نەخشەیەکی

تێدابوو، کە فەرماندەیی گشتیی سوپای پادشایی لەندەن بۆ فلید مارشاڵ ئەلکساندار لە توونس ناردبووی، نەخشەکە دابەزینی هێزی شیدەکردەوە. نەخشەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوپەیمانان بەنیازن لە ڕێگای سارد و یۆنانەوە ئەورووپای باشوور داگیربکەن. دوای سێ مانگ ئەلکساندار لە سیسیل پاشان لە کالابر دابەزی.

ئەو جەستەیەی ئاو فڕێی دابووە کەنارەکانی ئیسپانیا، جەستەی پیاوێکی مردووی مەدەنی بوو، کە ژێردەریاییەکی بەریتانی لە یەخچاڵێکدا بردبوویە ئەوێ، پاشان بەهۆی کشانی دەریاوە کەوتبووە نزیک کەنارەکەوە. بەڵگەی ناوبراویش بەڵگەیەک بوو شارەزایانی سەربازی ساختەیان کردبوو.

هەموو ڕێکخراوە تایبەتییەکان لە کۆتایی شەڕ بەم لاوە، ڕوویانکردە، ژەهراویکردن. سۆڤێتییەکان ئەم جۆرە چالاکییە گەورانەیان ڕێکخستووە، کە ئیدارەیەکی تایبەتیان بۆ دزینفۆرماتسیا، یان دژەزانیاریی خۆیان تەرخانکردووە. ئەم دژەزانیارییە نێرەری لە

دەرەوەی وڵات هەیە، کە هۆبەی ئەلف بە سەرەتاییترین دەستەی بەڕێوەبەری کەی. جی. پی ئەژماردەکرێت.

ژەهراویکردنی دوژمن بە زانیاریی ساختە، تەنیا شکڵی هەنگاوێکی فراوانترە واتا (شەڕی دەروونی)، کە لە ساڵەکانی1918-1914 ببووە توخمێکی سەرەکیی ستراتیژی سەربازی. بانگەشە چەکێکی تری شەڕی دەروونییە.

بۆیە پڕوپاگەندە لە چالاکیی ژەهراویکردن جیاوازە، کە سەرچاوەکەی زانراوە: ونیز لەگەڵ فلۆرانس لە شەڕدایە. دەوڵەتی ونیز ڕایدەگەیەنێت، کە سوپا بەخێرایی هێزی دوژمن تارومارکاتدەکات. بۆئەوەی ئەو زانیارییە کار لە هەردوو کەمپی خۆی و دوژمن بکات، دەبێت بەخێرایی بەدوای کەوێت. دەبێت بانگەشەش وەک هێرشی زرێپۆشەکان بەکۆمەڵ ئەنجامبدرێت.

هێڵێکی جیاوازی ئاشکرا لەنێوان چالاکیی ژەهراویکردن و بانگەشەدا نییە. دوو نمونە ئەم بانگەشەیە دەسەلمێنێت، کە لە جەنگی یەکەمی جیهان دەخرێتەڕوو.

لە ساڵی 1916 فەڕەنسییەکان و بەریتانییەکان بۆ تێکدانی وورەی سەربازەئەڵمانییەکان، بەهۆی باڵۆنەوە ڕۆژنامەی ساختەیان بۆ هێڵەکانی دوژمن ناردووە – کە هەر بۆ ئەو مەبەستە چاپکرابوو –. ئەو ڕۆژنامانە هەواڵی ورووژێنەریان لەمەڕ بارودۆخی ناوخۆی ئەڵمانیا تێدابوو.

لە ساڵی 1917 ئەڵمانییەکان بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی بوونەڕۆژ، ڕۆژنامۆکۆکەی پاریسیان کڕی. ئەم ڕۆژنامەیە شەڕێکی هەڵگیرساند، کە ئامانج لێی دابەزاندنی وورەی فەڕەنسییەکان بوو. پاش کەمێک هەوڵیاندا–، بەڵام سەرنەکەوتن – کە جڵەوی ڕۆژنامەی لۆژوڕنا ڵ[4] بگرنەدەست.

بەهۆی هاوپەیوەستیی ئەو میتۆدانەی، کە لەم نموونانەدا وێناکرابوون، ئەرکی بانگەشەی دژەدوژمن وەک چالاکیی (ژەهراویکردن)، بەزۆری دەخرێتەئەستۆی ڕێکخراوی تایبەتەوە.

# ڕێکخراوی زانیاری و دژەسیخوڕی

دوو زەینیەتی لێکجیا – دژ بە مانای لێکجیا نییە و سیخوڕی و دژەسیخوڕی دوو هونەری لێکجیانین. هەردووکیان چالاکیی نهێنی و شاراوە ئەنجامدەدەن، هەردووکیان پەنادەبەنە بەر بەکاربردنی مەئموور. هەردووکیان وێڵی زانیارین و چاودێری خەڵک دەکەن و سوود لە میکانیزمی هاوشێوە وەردەگرن. هەردوو چالاکیی شارەزایی تایبەتیان دەوێت و خۆڕاگری و پشوودرێژیی سیمبۆلی سەرکەوتنیانە. ئاشکرایە هاوشێوە نین، بەڵام جیاوازییان تەنیا شێوازی بیرکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە کاری تێدادەکەن.

کەسێک کە ئەندامی ڕێکخراوی زانیارییە و لە دەرەوەی وڵات چالاکی دەکات و بەردەوام لە مەترسیدایە. نەک ڕاستەوخۆ لانیکەم بێ پێچ و پەنای بێهوودە بەدوای ئامانجەکەی دەکەوێت، ساتێک ناوەستێت و بە قبووڵکردنی هەموو مەترسییەکان، هەوڵدەدات کارەکەی گەورە بکات.

ئەندامی ڕێکخراوی دژەسیخوڕی لەماڵەکەی خۆی دەستبەکاردەبێت. کاتێک بووە

ئاشنای سیخوڕێکی تر، توانای پێویستی بۆ خستنەداوی لە بەردەستە، بە جۆرێک کە بێئەوەی پێویست بکات، یەکسەر دەستگیری بکات، دەتوانێت ڕێی هەڵاتن لە داوەکەی لێبگرێت. بۆ بەئاگابوون لە ئامانجی سیخوڕ، بەتایبەت ناسینی هاودۆستانی سیخوڕ دەخاتە ژێر چاودێرییەوە (کاتێک چاپەمەنییەکان پەردە لەسەر ڕووداوێکی سیخوڕی لادەدەن، سەرمان لەوە سوڕدەمێنێت، کە دەبینین سیخوڕی دەستگیرکراو چەندان مانگ و هەندێک جار تەنانەت چەندان ساڵ خراوەتە ژێر چاودێرییەوە)، بەڵام وا ڕێکەوتووە، کە ڕێکخراوی دژەسیخوڕی درێژەی بە چاودێریکردنی سیخوڕەکەی داوە و وەک دکتۆرێک، کە بۆ توێژینەوەی زیاتر لە نەخۆش، چارەسەرکردنی فەرامۆشکردووە و نەخۆشەکە مردبێت.

کەسێک چاودێریی کەسانێک دەکات، کە لە ڕێکخراوی دژە سیخوڕیدا ئیشدەکات – زۆر ئاساییە – ببنە کارمەندی دوژمن، بە لەبەرچاوگرتنی پۆست، یان ئەو بیروڕایەی کە هەیانە، دەبنە کەسێکی ترسناک بۆ

وڵات. بەرگرتن لە دوژمن و جووڵاندنی بۆ بەکارهێنانی ئەو مەئموورانەی، کە وەک ئامانج بۆی دەنێردرێن، پێدەچێت کارێکی باش نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە میتۆدێکە کە دیماری سەرۆکی ڕێکخراوی زانیاریی ناپلیۆن بەوریاییەوە زۆر گەشەی پێدا و پۆلیسی نهێنیی ڕووسیای تزاری گشتاندی.

لەکۆتاییدا مەئمووری ڕێکخراوی دژەسیخوڕی حەزی لە (مۆنتاژی) پڕ لە فێڵ و تەڵەکەیە و چەند ئەو کارە سەختتر بێت، زیاتر چێژی لێ وەردەگرێت. دەکرێت ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە بە نەزانی و قۆرخکردن کۆتایی بێت. کارپێدان بە مەئمووری دووسەرە نموونەیەکی ئەم نەزانییەیە و ڕووداوی دریفۆس نیگەرانیی ئەم قۆرخکردنە وێنادەکات، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا.

مەئمووری ڕێکخراوی دژەسیخوڕی پاش چەند ساڵ کار، دەبێت لە خۆی وریابێت و لە پیشەکەیدا تووشی لادان نەبێت. جگە لەمە دەبێتە هەڵسووڕاوێک، کە چیرۆکی ژیانی شتێک لەنێوان پاڵەوانی ڕۆمانەکانی کافکا[5]و کۆرتۆلین[6]دا دەبێت.

**پەراوێزەکان:**

1- رک:ل10ی ئەم کتێبە.(نووسەر).

2- سەرکەوتنی ڕووداوی((جەمسەری باکوور))ناتوانێت دژوارییەکانی ئەم میتۆدە بشارێتەوە. ئۆپێرا تۆڕەکانی ڕادیۆ (ئاماژەیەکی زۆرە ملێ)یان لە بەردەستدایە، کە دەبێت وەختێک سوودی لێ وەربگرن، کە لەژێر هەژموونی دوژمندا کار بە ڕادیۆ دەکەن. جێگرتنەوەی(ڕادیۆ)یەکی لەکارکەوتوو، بە ئۆپەراتۆرێک بۆخۆی قەت ئاسان نیە. دەستکاری لەم بارەیەشەوە ڕێک وەک دەستکاریی نووسینە و جێگرتنەوە ی دەستبەجێ لەلایەن وەرگرەوە ئاشکرادەبێت. (نووسەر).

3- لە جێی خۆیدایە ئەوە بیربهێنینەوە، کە بیست و پێنج سەدە لەمەوپێش،سون نزو ئەم یارییە ناسکەی ڕاسپاردووە، کە لەسەر بنەمای مەئموورانی دوولایەنە و مەئموورانی قوربانی بوو دانراوە.(نووسەر).

4- -هەموو سیخوڕە ئەڵمانییەکان، کە دەستیان لەم چالاکییەدا هەبوو، کوژران. سێ دانەیان لەسێدارەدران و چوارەمیان بە

دەستی کەسێکی نەناسراو لە زینداندا کوژرا.

5- نووسەری ئەڵمانی زمان چیکی. ڕۆمانەکانی گێڕەرەوەی بێهیوایی مرۆڤە لە بەرامبەر پووچگەرایی بوونە.

6- نووسەری فەڕەنسی. نووسینەکانی تەنزی تاڵن.

# بەشی چوارەم

## ڕێکخستنی دەزگای تایبەت
## لە فەڕەنسا و وڵاتانی دیکەدا

## پێوەرەکانی ڕێکخستن

ڕێکخستنی دەزگـای تایبەت بـە ڕژێمی سیاسیی فەرمانڕەوا پەیوەندی بەو وڵاتانەوە هەیە، کە ئەم ئۆفیسانە سەر بەون.

ئـەو ڕێکخستنە لـە وڵاتـانـی دیموکراتیکی شـێوازی خـۆرئـاوایـی، بە جۆرێکە ناهێڵێت ئەو ڕێکـخـراوە دەسـت لـە ژیانی سیاسی وەربـدات. مەئموورییەتەکەیان تایبەتە بە گـەڕان بـەدوای زانیاریی وڵاتانی تر و هەرهەنگاوێکی پۆلیسی لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی نیشتمانیدا، تەنانەت لە مەسەلەکانی بواری دژەسیخوڕیدا، بۆیان قەدەغەیە.

لە وڵاتانی دیکتاتۆری وەک وڵاتانی بلۆکی خـۆرهـەڵات و بـە تایبەت وڵاتـانـی عـەرەب، ترسی دەستێوەردانی ئەم ڕێکخراوانە لە ژیانی سیاسی ڕەتکراوەیە، چونکە سەنتەرەکانی نهێنی بـۆ خـۆیـان مـقـاشـی ڕاسـتـەوخـۆی دەسـەڵاتـن. تـێـکـڕای مەئموورییەتەکەیان، بریتییە لە هەموو زانیارییەکی جێسەرنجی حوکومەت، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی سنورەکانی وڵات، چ دەبـارەی پەیڕەوانی ناوخۆ و چ بێگانەکان.

لە وڵاتانی عەرەب، ئەو یەکێتیی زانیاریی پۆست عەرەبیزمە پتەوتردەکات، کە خراوەتە سەر نیشتمانپەروەری ، بە جۆرێک بەزەحمەت دەتوانین ئەو دامەزراوانە جیابکەینەوە، کە مەڵهەمی ئەو، یان ئەو فکرەن.

دەکرێت ڕیزبەندییەکی تر بکرێت، کە پێوەرەکەی ئاکامە نەک سیاسی. ئەرکی سەنتەری تایبەت لە هەندێک بواردا، ئەو زانیارییە موتوربەی ئەو زانیارییە (کراوە) بکەن، کە دەستیان دەکەوێت و (بەراوردێک لەسەر بارودۆخی سەربازی، سیاسی، ئابوری، یان زانستی وڵاتانی بێگانە بۆ حوکومەتەکەیان ئامادەبکەن. لە وڵاتەیەکگرتووەکاندا (سیا) و ئیسرائیل (بەراوردکردنی سەربازیی ڕێکخراوی AMAN)، دۆخەکە بەم جۆرەیە. لە بواری تردا، دەبێت نووسینگەی زانیاریی چالاکییەکانی تایبەت بە کۆکردنەوەی (زانیاریی خاو) بکات و بۆ سوودلێوەرگرتنیان بۆ وەزارەت و دامەزراوەی پەیوەندیداری بنێرن. ئاشکرایە ڕێکخراوی زانیاری کاتێک دەتوانێت مەئمووریەتییەکەی باش ئەنجامبدات، کە زانیاری لەسەر ئەو وڵاتە

هەبێت، چالاکییەکەی تێدا ئەنجامدەدات، لە کاتی جیاوازیی ئەرکدا دەبێت بزانێت ڕێکخراوەدەسەڵاتدارەکان چۆن سوود لەم زانیارییە وەردەگرن؛ کاتێک جیاوازیی ئەرک نەبێت، دەبێت بۆخۆی بەراوردیان بکات. بەرهەمی ئەم کارە دژایەتیی دەستوپێگر و تێچوونی زۆر دەبێت.

## ڕێکخراوە تایبەتییەکان
## لە وڵاتانی خۆرئاوادا

1- فەڕەنسا - وڵاتێکە دەستێوەرنەدانی ڕێکخراوی زانیاری لە کاروباری ناوخۆ و تایبەت بوون بە وڵاتانی بێگانە، هەرچەند نەک بەکردەوە، لانیکەم لە نووسینەکان و یاسادا بەڕاشکاوی جەختی لێکراوەتەوە.

مەسەلەی سیخوڕی تا جەنگی دووەمی جیهان، لە فەڕەنسا پەیوەندی بە سەربازەوە هەبوو، گەیشتن پێی لە ئەستۆی بەشی دوەمی ناوەندی گشتیی سوپا - کە چەند بەشێکی بۆ ڕێکخراوی زانیاری و (بەشێکی ناوەندی زانیاری)-بوو. لە ساڵی 1937 ڕێکخراوێکی

تایبەت (چاودێریکردنی وڵات) دامەزرا، کە ئەرکی چالاکیی دژەسیخوڕی ناوخۆ و سەرکوتکەری لەئەستۆیە.

ڕێکخراوەتایبەتییەکانی فەڕەنسا دوای ئەوەی جیابوونەوە و بۆ دامەزراوەیەکی دووانەیی گۆڕان، کە پێکدێت لە سەنتەری دژەسیخوڕی نهێنی و دەستەی فەرمی (هەنگاوی دژەنیشتمانی) سەر بە سوپا، بەڵام زیادەیەک لە سەرهەڵدانی بەرگریدا هەیە، سەنتەرێکی زانیاریی نهێنی پەردەپۆش دەکات. پاش گۆڕان و تێپەڕاندنی ڕووداوی جۆراوجۆر، ئەم سەنتەرانە لە جەزائیر لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی زانیاری و هەنگاو لێکدی چوونە سەنگەرەوە، کە ژەنەڕاڵ دوگڵ لە لەندەن دایمەزراندبوو. چونکە ژەنەڕاڵ دوگڵ لەو شەڕی دەسەڵاتەدا بردیبوەوە، کە لەنێوان ئەو و ژەنەڕاڵ ژیرۆدا هەڵگیرسا، (سەنتەری دژەسیخوڕیی نهێنی) و (هەنگاوی دژەنیشتیمانی) کەموزۆر – بەڵام نەک بە باشی و ئاسانی – لە (کۆمیتەی ناوەندی زانیاری و هەنگاو)دا توانەوە، بوونە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەنتەری تایبەت) (1943).

لە سەردەمی ڕزگاربوونی فەڕەنسا لە چنگی نازییەکان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەنتەری تایبەت پەیوەندی بە تۆڕی زانیاریی سەرهەڵدانی بەرگرییەوە کرد، بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی توێژینەوە و سۆراخکردن) گۆڕا، کە وێڕای فەرمانبەری زۆر و تێچوونی پشتتشکێن، سست ببوو. ئەم دامەزراوەیە زیاتر لە ساڵێک و نیوی نەبرد و (ڕێکخراوی بەڵگەی دەرەکی و دژەسیخوڕی) ئەمڕۆ جێیگرتەوە. ئەم ڕێکخراوە سەرەتا بەشێکی سەرۆکوەزیران بوو، بەڵام پاش ساڵی 1966 - دوای ڕووداوی بن بەرەکە-چووەپاڵ وەزارەتی بەرگرییەوە.

(ڕێکخراوی بەڵگەدەرەکییەکان و دژەسیخوڕی)، ئیرادەی بەسەر پاوانکاریی لێکۆڵینەوەی دەرەوە و بەدەستهێنانی زانیاریی سەربازی، سیاسی، ئابوری و زانستیدا هەبوو.

ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە سێ بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەیی (ڕێکخراوی زانیاری، دژەسیخوڕی و

هەنگاو)، بەڕێوەبەرایەتیی ئیداراتی هونەری (گواستنەوە، تاقیگەکان، وەرگرتنی پەیامەکان و ئاشکراکردنی ڕەمز) و بەڕێوەبەرایەتیی ئیداری و دارایی. پۆستەکانی دەرەوەی وڵات لە بواری بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەیی دان.

(ڕێکخراوی بەڵگەکانی دەرەوە و دژەسیخوڕی)، تەنیا مەئموورییەتی دژەسیخوڕیی دەرەوە و دەستدرێژکەرانەی لەئەستۆدایە. دژەسیخوڕی بەرگری ناوخۆی وڵات و دژەسیخوڕیی سەرکوتکەر، لقێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی نیشتمانی واتا (بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریکردنی وڵات)ی لەقەڵەمڕەویدایە.

(سەنتەری بەڵگە دەرەکییەکان و دژەسیخوڕی)، ئەرکی سوودوەرگرتن نییە لە زانیاری، ئەم کارە لەئەستۆی بەشی (زانیاری) سکرتێری گشتیی بەرگریی نیشتمانی (سەر بە سەرۆکوەزیران)، (نووسینگەکانی زانیاری)، (تیپەکانی چالاکی) سێ سوپا (بەشی دووەمی پێشوو)، وەزارەتی کاری دەرەوە و دوور نییە وەزارەت و ڕێکخراوەکانی تردا بێت.

لــــه لایــــەکــــی تــــــــرەوە (ســــەنــــتــــەری بەڵگەدەرەکییەکان و دژەسیخوڕی)، پەیوەندیی نزیکی بە (ئاساییشی سەربازی)یەوە هەبوو، کـە لـە بنـچـیـنـەدا ئـەرکـی دژەسـیـخـوڕی و دژەدەستێوەردانە - بەڵام پاش خەبات دژی سوپای نهێنی، ڕەهەندی تایبەتی دۆزییەوە-.

2- وڵاتەیەکگرتووەکان - جەنگی دووەمی جیهان دەریخست وڵاتەیەکگرتووەکان لە بواری زانیارییدا تووشی ناتەواوی بووە، بۆ وڵاتـی گـەورەی وەک ئەمەریکای سەلماند، بوونی ڕێکخراوی چەقگیر لـەم بەستێنەدا، لە ئەرکە هەرەگرنگەکانییەتی. ئێف. بی. ئای (ئیدارەی لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵ)، کە لە ساڵی 1935 دامەزراوە و مەئمووری نهێنیی زانیاری بـوو لە وڵاتەیەکگرتووەکان و ئەمەریکای لاتین پێشنیاری بۆ تـروومـەن کـرد، کە ئەم ئەرکەش بگرێتەئەستۆ، بەڵام سەرۆککۆمار پێیوابوو سپاردنی لێکۆڵینەوەی ناوخۆ و دەرەوە بە ڕێکخراوێک کارێکی پڕمەترسییە، ئـەم چـارەی پەسندنەکرد، خستییە بـەردەم کۆنگرە، کە ڕاپۆرتی ئالن دالس و جاکسۆن بخەنە دەنگدانەوە.

بەم شێوەیە ساڵی 1947 یاسای ئاسایشی نیشتمانی پەسندکرا، کە کۆمەڵگەی زانیاری ڕێکخست. ئەم ڕێکخراوە پاش ڕووداوی جۆراوجۆری وەک: ڕووداوی (کەنداوی بەرازەکان) واتەرگێت و هەڵبژاردنی کارتەر، گۆڕانی بەسەرداهات، بەڵام گۆڕانی زیاتری گرتەوە و بووە کار و پرەنسیپی کار، نەک ستراکتۆری قاتبەندی ئەم دامەزراوە، کە لەمەودوا وێنای دەکەم.

بەرپرسیەتی زانیاری لە ڕێگەی (ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی)یەوە لەئەستۆی سەرۆککۆمارە، جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرۆککۆمار و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی بە بەڕێوەبەری گشتیی زانیاری، سەرۆکی کۆمیتەی زانیاری و بەڕێوەبەری سی. ئای. ئەی (بنکەی زانیاریی ناوەندی) سپێردراوە.

بەم شێوەیە پێدەچێت سیا بەشی سەرەکیی ئەو پێکهاتەیەیە. سەرۆکەکەی، واتا بەڕێوەبەری گشتیی زانیاری (DCI) هەنگاوی هەموو ڕێکخراوەکانی تری زانیاری و لەوانە ڕێکخراوە سەربازییەکان (DIA) و

ئێف. بی. ئای پێکەوە هاودەنگ دەکات، بەم وەبیرهێنانەوەیە کە مافی چاودێریکردنی ئێف. بی. ئای، تایبەتە بە مەسەلەی دژەسیخوڕی.

ڕێکخراوی سیا سێ مەئموورییەتی کلاسیکی ئیداراتی تایبەتی هەیە: زانیاری، دژەسیخوڕی و هەنگاو. ڕەسەنێتیی ئەم ڕێکخراوە لەوەدایە، کە (هەموو) زانیارییەکان جگە لە دووبارەکۆکردنەوەی بەنهێنی، سوودیان لێ وەردەگرێت. ئەم زانیاریانە (بەراورد) دەکات و بۆ سەرۆککۆماری دەنێرێت.

سیا لەژێر فەرمانی بەڕێوەبەر و جێگرێک دایە، کە حوکومەت دایاندەمەزرێنێت و چوار بەڕێوەبەرایەتی هەیە: بەڕێوەبەرایەتیی سوودوەرگرتن (توێژینەوە)، بەڕێوەبەرایەتیی زانستی و تەکنەلۆژیا – کە دوو ئەرکی بریتییە لە گەشەی تەکنەلۆژیای تایبەتی سیخوڕی و سودوەرگرتن لە زانیاریی زانستیی – بەڕێوەبەرایەتیی ئیداری و لۆژیستیکی و ئاقیبەت بەڕێوەبەرایەتیی چالاکی، کە لە هەموویان گرنگترە، سێ ئیدارەی کلاسیکی هەیە و لە دابەشکردنی وڵاتدا ڕێکدەخرێت.

لە بنەڕەتدا، ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوی (سیا) لە زەینی ترومەندا، دەبوایە هاودەنگکردنی ڕێکخراوی زانیاری و سوودوەرگرتن بێت لە زانیاری، بەڵام یەکەم بەڕێوەبەری و بەتایبەت ئالن دالاس - کە لە سەردەمی شەڕدا بە شداری لە چالاکیی (ئیدارەی خزمەتگوزاریی ستراتیژیکی) کردبوو -ئەم ڕێکخراوەیان بەرەو ئاقارێکی زۆر جیاواز برد: سەرەتا بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی زانیاریی پەنهان و پاشان هەڵگیرسانی شەڕی سارد، کە وڵاتەیەکگرتووەکانی کردە پارێزەری جیهانی خۆرئاوا و سێیەم و لە لایەکی ترەوە سیخوڕی لە سۆڤێت، کە جگە لە ناکامی بەرهەمێکی نییە، زۆرتر ئاژانسەکەی خۆی بۆ هەنگاوی نهێنی و چالاکیی نیمچەسەربازی بەکارهێنا. ئەمڕۆ سیا زۆر زیاتر ڕێکخراوێکی زانیاری بە مانای ڕاستەقینەی وشەیە و بووەتە ڕێکخراوێکی هەنگاونەر و دەستێوەردەر. بیرهێنانەوەی چەند نموونەیەک لە خۆتێگەیاندنەکانی، دەریدەخات ئەم ڕێکخراوە لەم بوارەدا تا کوێ پێشکەوتووە:

1- دەستەی ڕاوێژکاریی سەرۆککۆمار بۆ کاروباری دەرەوە
2- کۆمسیۆنی وزەی ئەتۆمی
3- ئیدارەی بەڕێوەبردن و بودجە
4- ئیدارەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵ
5- کۆمەڵگەی ئاساییشی نیشتمانی
6- بەشی توێژینەوەی زانیاری
7- بەڕێوەبەری زانیاریی ناوەند
8- هۆبەی سەرۆکی خەزێنە
9- دەستەی زانیاریی وڵاتەیەکگرتووەکان
10- زانیاریی هێزی پیادە
11- کۆمیتەی ڕاوێژکاری سەرچاوەی زانیاری
12- زانیاریی هێزی دەریایی
13- ئاژانسی زانیاریی ناوەند
14- زانیاریی هێزی ئاسمانی
15- ئاژانسی ئاساییشی نیشتمانی
16- ئیدارەی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی
17- ئاژانسی زانیاریی بەرگری

1951 - 1954، بەرگریکردن لە یەکە سەربازییەکانی نەتەوەخوازی چینی لە هند و چین. 1953 بەشداریکردن لە کودەتای دژی مسەدق لە ئێران، 1954، کودەتا لە

گواتیمالا، 1956، پشتیوانیکردنی نەیاران لە نیکاراگوا، 1958، یارمەتیدانی ئاژاوەگێڕانی سۆماترا و هەنگا و دژی سۆکارنۆ (؟). 1961، هەنگاونان بۆ داگیرکردنی کوبا و ڕووبەڕووبوونەوەی ناکامی (ڕووداوی کەنداوی بەرازەکان). 1964، دەستێوەردان لە زائیر و بەکارهێنانی بەکرێگیراو. 1965، دەستێوەردانی (کلاوسەوز)ەکان لە پیرۆ. 1967، بەدیلگرتنی ئارنستۆ (چێ گیڤارا) لە پۆلیڤیا. 1970–1973، نانەوەی (پشێوی) بۆ ڕژێمی ئالندە لە چیللی.

گرنگترین چالاکیی نیمچەسەربازیی ئەم ڕێکخراوە، لە ڕۆژهەڵاتی دوور ئەنجامدراوە. گرنگترینیان بریتین: لە ساڵی 1960 مەشقپێکردنی پارتیزانەکانی تبتی. ساڵی 1964، بەکارهێنان و هەیمەنەکردن بەسەر سوپایەکی 35 هەزارکەسی لە لانۆس و سوپایەکی 45 هەزارکەسی پەرتەوازە و یەکەی (نۆنگ) لە ڤێتنام.

ئەنجامدانی چالاکییەکی لەم جۆرە، کە ڕێکخراوی سیای کردووەتە حوکومەتێک لە حوکومەتدا و (هەنگاو)ی بۆ زێدەڕۆیی ناوە و

تەنانەت هەندێک جار کاردانەوەی لە کرۆکی ئـەم ڕێـکـخـراوەدا ورووژانــدووە، کۆنگرەی بۆ نەیاری هانداوە، وای لە سەرۆککۆماری وڵاتەیەکگرتووەکان کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەسەرێکی سەخت بدۆزێتەوە. لەبەرئەوە قۆرخکردنەکان و لێهاتوویی سیا بەخێرایی دابەزیوە.

ڕێکخراوی سیا 15تا 18هـەزار ئەندامی هەیە (دیــارە ئـەم ژمــارەیـە پـەیـوەنـدی بەو کەسانەوە هەیە، کە خاوەن پۆستی فەرمین) و بوودجەکەی نزیکەی 750ملیۆن دۆلارە، کە بێگومان سەرچاوەی نهێنیی بەرچاویشی لە بەردەستە و بڕەکەی نادیارە. سەرباری ئەم ڕەهەندەسەرسامکەرە، سیا بە ناوبانگترین ڕێکخراوی نهێنیی وڵاتەیەکگرتووەکانە، بەڵام ئەگەر ژمارەی کارمەند و بودجە بە پێوەری گرنگی دەزگایەک بزانین، سیا گرنگترینیان نییە. (ئـاژانـسـی نیشتمانیی ئـاسـاییـش) و بەتایبەت (زانیاریی هێزی ئاسمانی) بالاترن.

(ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی)، دەزگای ناوەندی گـەورەی ناسرا و بە فـۆرت میدە، لە ویلایەتی مریلاندە و لە خەرمانەی نهێنیی

دزەبۆنەکراودا ئالۆسکاوە، ئەرکی وەرگرتنی پەیامی ڕادیۆیی و کردنەوەی ڕەمزەکان (Conrint and Elint) و بەگشتی ئەرکی ئاشکراکردنی قەڵەمڕەوی فراوانی سیخوڕیی ئەلکترۆنیکیدە. ئەم ئاژانسە لە سەرانسەری جیهان، سەدان جیهازی بیستەر بەڕێوەدەبات[1].

(ئاژانسی زانیاریی بەرگری) کەموزۆر، چاودێریی چالاکیی سێ دەستەی زانیاری دەکات، زانیاریی ئەم دەستانە - کە ڕاپۆرتی وابەستە بە سەربازی تەواویان – سەنترالیزە دەکات، بە ئەنجامگیریی ئەم زانیارییانە توانای چالاکیی سوپای بێگانە هەڵدەسەنگێنێت. سوپای (ئەمەریکا) لەنێو ڕێکخراوە زانیارییەکاندا، لە هەمووی گرنگتر، ڕێکخراوی زانیاریی هێزی ئاسمانییە و بودجەکەی نزیکەی نیوەی سەرچاوەی دارایی (کۆمەڵگەی زانیاریی وڵاتە یەکگرتووەکان)، بۆ خۆی تەرخاندەکات (نزیک بە سێ ملیارد دۆلار لە 5/6 ملیارد دۆلار دەبێت). لەم ڕاستییەدا بۆ بەڵگەی ئەو گەورەییە بگەڕێین، کە (نووسینگەی زانیاریی نیشتمانی) بەرپرسی هەڵدان و سەرپەرشتی چالاکیی مانگی دەستکردی سەربازییە، سەر

بەم ڕێکخراوەیە (چونکە بەرنامەی مانگی دەستکرد لە بنەڕەتەوە، بەهۆی کۆمیتەی زانیاری و سوودوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی (ئاژانسی نیشتمانیی ئاساییش) پیادەدەبێت).

(سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیدراڵ) یا ئێف. بی. ئای، لە ساڵی 1935 جێی (سەنتەری لێکۆڵینەوە) ی گرتووەتەوە، کە چارلز بۆنا پارتی دادوەری گشتی لە ساڵی 1908 دایمەزراندبوو. ئەم ڕێکخراوە سەر بە وەزارەتی دادە. بەشێکی ئەم ڕێکخراوە (بەشی ئاساییشی نێودەوڵەتی)، لە ناوخۆی ولاتەیەکگرتووەکاندا مەئمووری چالاکیی دژەسیخوڕییە. پێش ساڵی 1947، مەئمووریيەتی ئەم بەشە بووە، تا ئەمەریکای لاتین و کاتێک خوویدایە ئەم کارە، کە ڕێکخراوی ناوبراو لەم ساڵەدا ناچاربوو ئەم بەشەی دەسەلاتەکانی بداتە سیا. تەنانەت سەرۆکی ئێف. بی. ئای لەم سەردەمەدا بڕیاریدا پێشینەی زانیاریی ئەمەریکای لاتین لەناوببەن.

ڕێکخراوەکانی تری (کۆمەڵگەی زانیاریی ولاتەیەکگرتووەکان)، کەمتر گرنگن. (بەشی توێژینەوەی زانیاری) زانیاریی

میسیۆنەکانی دیپلۆمات بەدەست دێنێت و لە دانانی (هەڵسەنگاندنی) سیاسیدا هاوکارە. (کۆمیسیۆنی ئەتۆمی- AEC)، سوود لە زانیاریی سیای بواری ناوکی دەسەڵاتی بێگانە وەردەگرێت.

هۆبەی تایبەتی بەشی خەزنەداری هاوکارییەکانی لە بواری جۆراوجۆر و بەتایبەت لە قاچاخیی ماددەی هۆشبەر، دەخاتە بەردەست.

ئەرکێکی سەرەکیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری هەروەک گوتم، ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی زانیارییە، هاودەنگ دەکات.

ئەمە ئەرکێکی سەختە، کە بەڕێوەبەرانی سیا، یەک بەدوای یەکدا ئەوەیان کەوتۆتە ئەستۆ و سەرکەوتنیان لەم کارەدا لە یەکتری جیاوازە، بەڵام بەردەوام ناتەواو بووە. پنتاگۆن فەرامۆشی کردوون - کە دەوڵەمەندترین دەزگایە، چ لەڕووی کۆی فەرمانبەران، بودجەی بەردەستی، میکانیزمی تەکنیکی مۆدێرن لە هەمووان تەیارکراوترە-. وێڕای دی. ئای. ئی (ئاژانسی زانیاری بەرگری) بە

پاوانخوازیی سیا لە بەستێنی سوودوەرگرتن لـە زانـیـاری نـاڕازیـیـە، بـە نـۆرەی خـۆی (هەڵسەنگاندنە) پسپۆڕییەکان ئامادەدەکات.

ئاشکرابوونی (ڕێـژەیـی) نهێنیی سیا لە چەند ساڵی پێشوو، گەڕانەوە بۆ هاوکارییەکی هاوسەنگی لە کرۆکدا، کۆمەڵگەی زانیاریی ئەمەریکای خستووەتە مەترسییەوە.

3- بەریتانیا - ئەفسانەکانی بەریتانیایان تەیار بە یەک (هەواڵدەری سەنتەر)، دەورەدراو بە تاک ناساندووە. لە هەندێک لەم داستانانەدا سەرسوڕهێنەرترین چالاکی، لە هەندێکی تردا خراپترین کاری دژی مرۆڤایەتییان داوەتە پاڵ ئەو دەزگایە، بەڵام هەموان کۆکن لەسەر لێهاتوویی بێچەندوچوونی!

لەڕاستیدا کۆمەڵگەی زانیاریی بەریتانیا، کۆمەڵێک دامـــەزراوەی بـە دەورەوەیـــە و هەڵسوکەوتیان لـە هاوتاکانی دەرەوەیـان خراپتر نییە – کە سەرکەوتنەکانیان درەوشاوە نیشاندراوە، تێکشکانەکانیان دیزە بە دەرخۆنە کردووە –.

بەریتانییەکان لە دیاریکردنی هێڵکاری دامـەزراوەیـی ورد بێزارن و خوویان بەوە

داوە، کە شۆڕەتی ستراکچەری شاراوەیان داوەتە بیرکاریزانەکان. دەزگا زانیارییەکەیان زۆر ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەم کۆمەڵگەیەدا گریمانەیەکی نزیک لە ڕاستی وێنابکرێت.

ئەنجوومەنێکی باڵا لە هەرەمی ڕێکخراوەکەدایە بە ناوی کۆمیتەی زانیاریی بەردەوام، کە سەر بە سەرۆکوەزیرانە و نوێنەرێکی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە (سەرۆکی کۆمیتە)، نوێنەرێکی لە وەزارەتی کۆلۆنیالەکان، سەرۆکانی ئێس. ئای. ئێس[2]و ئێم. ئای. بی پێنج[3] سەرۆکانی دەزگای زانیاری هێزی سێلایەنەی هەیە، بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیاریی بەردەوامە.

ئەو (نووسینگەی زانیاری هەمیشە)، دامەزراوەیەکی بنچینەییە: ناوەندێکی نیشتمانی دۆکیۆمێنتە و تواناکەی بەرفراوانە و ئەو دۆکیۆمێنتانە (دیسانەوە)، کۆدەکاتەوە، کە کەوتوونەتە ژێر سەرنجی دەوڵەتەوە. ئەم ناوەندە بۆ هۆبەی جوگرافی، مەواد، بەرژەوەندی دابەشدەکرێت، پاشکۆ و نوێنەرایەتی لە هەموو باڵوێزخانەکان هەیە. ئەو

دەزگایە پەیڕەوی لە شێوازی بیرکردنەوەیەکی تایبەت دەکات، کە وێڕای سادەبوون لە تێگەیشتنی زۆربەی بەڕێوەبەرانی (زانیاری) زیاترە: کاتێک دەتوانین بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێکی تایبەت، زانیاریی جێسەرنجمان دەست بکەوێت، پێویست ناکات ڕوو لە چالاکیی سیخوڕی بکەین.

ئیدارەی زانیاریی تایبەت کە میراتگری ئێم. ئەی. شەش واتا (زانیاریی سەربازی، نووسینگەی شەشەم)ە، دامەزراوەیەکە، لە هەموان زیاتر لە دەزگای ئەفسانەیی (هەواڵدەری سەنتەر) نزیکترە. ئەو دەزگایە نهێنیترین لقی دەزگای زانیارییە و ئەرکی سیخوڕی، دژەسیخوڕی، هەنگاوە و چاودێری بنکە و مەئموورەکانی سەرانسەری جیهان دەکات. وێڕای ناوبانگی سەرەتایی، ئیدارەی زانیاری تایبەت سەر بە سەرۆکوەزیرانە و پەیوەندی زۆر نزیکی بە وەزیری کاروباری دەرەوەوە هەیە.

ئێم. ئەی. پێنج کە هەمان ئێم. ئۆ. پێنجی پێشووە و سەر بە وەزارەتی وڵاتە، بەڵام ئەویش دەکەوێتە ژێر چاودێریی کابینەکەوە.

ئەو ڕێکخراوە بە هاوکاریی هۆبەی تایبەتی ئۆسکاتلەندیارد - تاکە مەرجەعی دژەسیخوڕیی سەرکوتکەرە – لە ئیمپراتۆری بەریتانیادا ئەرکی دژەسیخوڕی لەئەستۆدایە.

لە دەزگای زانیاریی هێزی سێلایەنە، دەزگای زانیاریی هێزی دەریایی لە هەمووان بەناوبانگترە. ئەو دەزگایە میراتگری ڕابردوویەکی پڕ شانازییە. بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانەوە، ئەو دەزگایە لەژێر فەرماندەیی دەریاوان هال بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کرد.

4- ئەڵمانیا - ئەڵمانیا سێ دەزگای زانیاری هەیە و زیاتر بۆ کاری دژەسیخوڕی تەرخانکراون. دوو لەو دەزگایانە سەر بە وەزارەتی وڵاتن. ئەم دوو دەزگایە بریتین لە: ئیدارەی فیدراڵ، پشتگیری لە یاسای سەرەکی و ب. گ. ئێس کە زیاتر لە 20000 هەزار کەسی بە درێژایی سنوورەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا بڵاوکردووەتەوە. بە چاوخشاندنێک بە ڕۆژنامەکاندا تێدەگەین، کە هەرچەند ئەم چارەیە بێهوودە نییە، بەڵام بەس نییە.

دەزگـــای فـیـدراڵـی زانـیـاری، گرنگترین دەزگای کۆکردنەوەی زانیاریی دەرەوەیە، یا بی. ئێن. دی یە. ڕینهارد گۆهلن ئەم هەموو دەزگـایـەی دامـەزرانـدووە، کە بە (ژەنـەراڵ خوێنتاڵ) ناوی دەرکردووە.

گۆهـلـن لـە سـاڵـی 1945 فـەرمـانـدەی HEERES [4] بـوو کە سـەر بە فەرماندەیی گشتیی سوپای ئەڵمانیایە. لە مانگی مەی ئـەم ساڵە پەیوەندی بە سوپای حەوتەمی ئەمەریکاوە دەکـات. ئاڵن دالاس بۆ ئاگایی لە دەسـتـوور کـاری پـێـدەدات و دەزگایەکی سـەر بە دەزگـای زانیاریی سوپا و پاشان سیای پێدەدات. لە ساڵی 1955 ئەم دەزگایە بۆ ئەڵمانیای فیدراڵ دەگوازرێتەوە، دەبێتە دەزگای فیدراڵی زانیاری.

لەوانەیە ژەنـەراڵ گۆهلن تاکەسەرۆکی دەستەیەکی زانیارییە، کـە توانیی بەهۆی هەلومەرجی لەبارەوە، هاوپەیمانی قەڵغانی بەرگریی سۆڤێت تێکبشکێنێت. بۆیە فرانتس ژوزف شتراوس لەبارەیەوە گوتوویەتی: (بە بوونی ئەو پێویستیمان بەیو2 نییە)[5].

بارەگای (دەزگای فیدراڵی زانیاری)، لە دەورووبەری مونیخە. ئەم دەزگایە چوار بەڕێوەبەرایەتی هەیە: لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەرایەتییەک، کە بنکەکانی دەرەوەی وڵاتە، ئامێری بیستن و پەیوەندی، بەڕێوەبەریەتییەکی زۆر گەورە، کە پەیوەندیی کۆمەڵێک ڕێکخراو، وەرگرتنی پەیامی ڕەمز و کردنەوەیانی لەئەستۆیە. لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکی هونەری (وێنەگرتن، مەرەکەبی نەبینراو، بەڵگەی ساختە) و بەڕێوەبەرایەتییەکی ئیداری.

5- ئیتالیا - جۆری ڕێکخستنی پەسندکراوی وڵاتانی دیموکراسیی خۆرئاوا، توانیی دەزگای زانیاری لە سیاسەتی ناوخۆ دووربخاتەوە.

تەنانەت دەزگای سیا بەردەوام خۆی لە خۆتێگەیاندنی کاروباری ناوخۆ دەپاراست، کە لە سەردەمی زۆر گەشەکردنی، تێکەڵاوی سیاسەتی دەرەوەی وڵات ببوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێسایە ڕیزپەڕییەکی هەیە و ئەویش دەزگای زانیاریی ئیتالیایە.

دەزگای هەواڵگریی هێزەچەکدارەکانی ئیتالیا، کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ دامەزرا، سەرەتا

ناودەنرێت دەزگای زانیاریی هێزی یەکگرتوو (سیفار). لەساڵی 1968 چەند ڕووداوێکی ناخۆش بووەهۆی ئاڵوگۆڕی ئەم دامەزراوەیە و بۆ دەزگای زانیاریی بەرگری (سید) گۆڕا، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوانکراو دەستنەکەوت. لە دیسامبەری 1969، (سید) تاوانبارکرا بەوەی، دەستی لە نیەتخراپیی میلاندا هەیە، کە 16 کوژراوی لێکەوتەوە. لە دیسامبەری 1970، بانگەشەکرا کە درەنگە حوکومەتی لە کودەتای لایەنگرانی پرنس ڤالریۆ بورگز ئاگادارکردووەتەوە. سەرۆکی (سید) لەو کاتەدا، ژەنەڕاڵ ڤیتۆ میچلی لە ئۆکتۆبەری 1974 گیرا. (سید) کە سەرۆکەکەی لەدەستدابوو، لە پێگەیەک نەبوو هەندێک دەستێوەردانی بێگانە ئاشکرابکات، یان بە شداریی شەڕی دژی تیرۆربکات. بۆیە ساڵی 1978 پێویستی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دیاریکرا. لە دەزگا نوێیەکە بەڕاشکاوی جیاوازییان لەنێوان مەئموورییەتی ناوخۆ و دەرەوەدا کردووە: هەنگاوی دەرەوە بە (هەواڵگریی سەربازی) و هەنگاوی ناوخۆ (بە دەستەی زانیاریی دیموکراسی) سپێردراو چالاکیی ئەم دوو

دامەزراوەیە لە ڕێگەی دەزگای ترەوە، پێکەوە هاودەنگ بوو. ئەم سێ دەزگایە پەیوەندییان بە سەرۆکوەزیرانەوە هەبوو.

6- ئیسرائیل – کۆمەڵگەی زانیاریی ئیسرائیل، لە ساڵی 1952 بە ستراکچەری هەنووکەیی خۆی ئامادەکراوە و هاوشێوەی هاوتائەمەریکییەکەیەتی، بەڵام لە پێوانەدا بچووکترە، بۆیە لەم پەرەگرافەدا هێنامەوە.

لە هەرەمی ئەو کۆمەڵگەیە کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی زانیاری هەیە، کە بەڕێوەبەری (مۆساد) سەرۆکییەتی و چاودێریی هەنگاوی پێنج دەزگای زانیاری و هەماهەنگیان دەکات. ئەم پێنج دەزگایە بریتین لە: مۆساد، ئامان، شین بێت، بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و هۆبەی تایبەتی پۆلیس.

مۆساد (ئەنستیتۆ) لە ساڵی 1951 دامەزراوە و (سیا)یەکی بچووکە. جگە لە دەزگایەکی (چالاکی) زۆر گرنگ و کارا، ژمارەی ئەندامەکانی دیاریکراوە، بەڵام دەتوانێت هاوکاری لە دەزگاکانی دیکەی خۆی وەربگرێت، ئەمە وایکردووە بتوانێت دەستێوەردان لە هەموو دنیادا بکات.

(ئـامـان) (ئـاگـاف مـۆديـن)، سەنتەرێکی زانـیـاری لە سـەدا سـەد سەربازییە، ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە وڵاتانی عەرەبی. ئەو دەزگایە خـاوەن بەشێکی زۆر بەتوانایە و بۆ وەرگرتنی پەیام و کردنەوەی ڕەمز، بە یەکەیەکی دەستێوەردەر تەیارکراوە. ئەم بەشە زانیاریی سەربازیی شیکار و تێکەڵ دەکات، کە کۆمەڵێک سەنتەری زانیاری کۆیانکردووەتەوە.

(شـیـن بـت)، (دووپـیـتـی یـەکـەمـی دەزگـای ئاسایشی گشتی)، دەستەیەکە بۆ ئاسایشی گشتیی مـەئـمـووری دژەسـیـخـوڕی دەرەوە و نـاوەوەیـە (بـە ئـاوارتـەی دژەسـیـخـوڕیـی سەرکوتکەر، کە دەکەوێتە قەڵەمڕەوی پۆلیسەوە).

(مــۆســاد) و (شــیــن بــت)، ســەر بە سەرۆکوەزیرن و (ئامان) سەر بە وەزارەتی بەرگرییە، (کـە سـەرۆکـوەزیـر بەگشتی لە هەڕەمەکەیەتی) و فەرماندەی گشتیی سوپایە.

ئیسرائیلییەکان لە قەڵەمڕەوی سیخوڕی و شەڕدا، یەدەکیان خستووەتە لاوە و چاویان لە پەراوێزی ئاسایشی پۆشیوە. ئەو میتۆدە سـەرکـەوتـنـی بـەرچـاو و شکستی جیدی کردووەتە خەڵاتیان.

## ڕێکخراوەکانی تایبەت
## بە بلۆکی سۆڤێت

دەزگا تایبەتییەکانی سۆڤێت - بەردەوام ڕووسیا پۆلیسێکی سیاسیی خاوەن دەسەڵاتی هەبووە. ئەم دامەزراوەیە لە کۆمەڵگەکانی ڕووسیا جێی خۆی لەناو هەموو ڕژێمەکاندا، کردووەتەوە. لە سەردەمی تزار نیکۆلای یەکەمەوە، تا شۆڕشی بەلشەفیکی، ئەم پۆلیسە سیاسییە بە (ئۆکرانا) ناودەبرێت، کە لە لابەلای پۆلیسی نهێنی پەنای گرتبوو.

(ئۆکرانا) چاودێریکردنی بارودۆخی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی لەئەستۆیە. ساڵی1917 ئەم دامەزراوەیە بوو بە (چکا). چکا دەسەڵاتی تەواوی چاودێری، گرتن و لەسێدارەدانی خەڵکی (گومانلێکراوی) هەبوو.

ساڵی 1922، چکا بوو بە جەی. پی. یو بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی حوکومەت و لە کاروباری ناوخۆدا سەر بە کۆمیسیاری خەڵک بوو.

لە ساڵی 1941، دوای ئەوەی ئەڵمانیا بەشێک لە خاکی سۆڤێتی داگیرکرد، دەزگای

نهێنی لە کۆمیسیاری خەڵکی کاروباری ناوخۆ جیابوونەوە، ئێن. کەی. جی. بی واتا کۆمیسیاری خەڵک بۆ ئاسایشی حوکومەتیان پێکهێنا. دوای پێنج ساڵ ئەم دامەزراوە بوو بە وەزارەتێک بە ناوی وەزارەتی ئێم. جی. بی. هەڵگیرسانی شەڕی سارد لەساڵی 1947، وایکرد، هەموو دەزگا نهێنییە مەدەنی و سەربازییەکان لەناو کەی. ئای، واتا کۆمیتەی زانیاری کۆببنەوە، کە سەرۆکەکانی بەڕێز مۆلۆتۆف، زۆرین، لیشینسکی و ئاباکۆمۆف بوون. دوژمنایەتیی بریا لەگەڵ ئاباکۆمۆف و پاشان مردنی ستالین لە ساڵی 1953، پیلانێک کەی ئای هەڵتەکاند و گۆڕانی نوێی بەدوادا هێنا، کە پاش ئەو ڕووداوە هات، ژماردنی هەموویان کارێکی پووچە. سەرئەنجام ساڵی 1954 کۆمیتەی ئاسایشی وڵات (کەی. جی. بی) دامەزرا.

مەیلی (ئۆکرانا) بۆ هەمەلایەنی، نەبووەهۆی هاتنەکایەی سەنتەرێکی زانیاریی سەربازی، کە مەئموورییەتەکەی تایبەت بە پێداویستیی سەربازی دەبێت. تەنانەت زۆرجار ڕێککەوتووە ئۆکرانیا بە بنکە پتەوەکانی یارمەتیی ئەو دەزگا زانیارییە بدات، کە لە دەرەوەی

وڵاتـدا درووستیکردبوو. هەروەها دەزگـای ئاساییشی حوکومەتی سۆڤێت ساڵی1920، ڕێکخستنی دەستەی سەربازی پەسندکرد. ئەمان (نووسینگەی چواری ئی . ئێم. جی)یان دامەزراند، کە بەرزین یەکەم سەرۆکی بوو. بەهۆی یەکێک لەم ناوگۆڕینانەوە ئەو سەنتەرە بووە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری کە، بە جی. ئاڕ. ئۆ بە ناوبانگە و سۆڤێتییەکان دەستێکی باڵایان تێدا هەبوو.

* * *

کەی. جی. بی دامەزراوەیەکە لە دەرەوەی وڵات هـاوتـای نییە، چونکە لە پێوەرێکدایە لـە پـێـوەری دەزگــا تـایـبـەتـییـەکـانـی دیکە تـەواو جیـاوازە. کـەی. جی. بی زیـاد لەوەی دەستەیەکی زانیاری بێت، وەزارەتێکە. ئەم وەزارەتـە هێزێکی پیادە، هێزێکی ئاسمانی و هێزێکی دارایـی، لە بەردەستە و چەند سەد هەزار کۆمەڵە کەسی هەیە. بایەخی لە وڵاتدا یەکلاکەرەوەیە. ئەو کەسە خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە، کە چاودێری بە سەردا هەبێت.

کەی. جی. بی سەرۆکێکی هەیە، ئەنجوومەنی باڵای یەکێتیی جەماوەری سۆڤێت هەڵیدەبژێرێت. ئەم دامەزراوەیە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەکردەوە سەر بە کۆمیتەی ناوەندی حزب (پۆلیت بۆرۆ)یە.

تا ڕاددەیەک ڕێکخستنی کەی. جی. بی ئاڵۆزە، چونکە پێنج بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و دەیان بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایی یا ئیداری هەیە. یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی گشتی، کە لە هەموویان گرنگترە، ڕاگری بەڕێوەبەر هەموو کارێکی نایاسایی (ئەو مەئموورانەی بە ناسنامەی ساختە لە دەرەوە دەژین)، ڕاگری بەڕێوەبەرایەتیی زانستی و هونەری، دەزگایەکی دژەسیخوڕی، کە لە بنچینەدا دژایەتییە، دەزگایەکی زۆرگرنگ (دژەزانیاری) (ژەهراویکردنی دوژمن بە هەواڵی ساختە) و دەزگایەکی چالاکی بەناوبانگ بە ئیدارەی پێنجەم – کە لە کەی. جی. بی دا (موکریە ڤیلا)[6] واتە ئیدارەی (کاری پۆخەڵ) ناودەبرێت، بە ناوەکەی دەردەکەوێت چ کارێک دەکات – دەگرێتە

خۆی. دووەم و سێیەم بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرپرسیارییەتی کۆکردنەوەی زانیاری، چاودێری و سەرکوتکردنی نەیارانی ناوخۆ، چوارەمی بەرپرسی پاراستنی سنوورە، کە هەرسێ هێزی پیادە، ئاسمانی و دەریایی هەیە، پێنجەمی بەرپرسی قوتابخانە و زانکۆی جیاجیا و جۆراوجۆرن.

گرنگترین بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایی، بەڕێوەبەرایەتیی هێزی چەکدارە، کە دەزگای کەی. ئارِ. ئۆ. و هەموو یەکەسەربازییەکان یا نیمچە سەربازی وڵات کۆنترۆڵ دەکات.

جەی. ئارِ. ئۆ. بەشێکی فەرماندەیی گشتییە، کە مەئمووری دژەسیخوڕیی سەربازی (تاکتیکی، ستراتیژی، تەکنیکی)، چالاکی نیمچەسەربازییە. ئەم دەزگایە بریتییە لە چەند بەشێکی چالاکی: دەزگای زانیاری و هەنگاو، سەنتەرێکی توێژینەوە و کۆبەندی زانیاری، بەڕێوەبەرایەتییەکی تەکنیکی (گواستنەوە، وەرگرتنی پەیام و کردنەوەی ڕەمز) و فێرگەکانە، وێڕای نوێنەری لە دەرەوەی وڵات هەیە، کە کەسوکاری سەربازەکان بەشێکن

لێی. جەی. ئاڕ. ئۆ لە ماوەی بیستوپێنج ساڵدا زۆربەی دژوارییەکانی تێپەڕاندووە.

ئەو دەزگایە لە ساڵەکانی 1937و1938 پاککراوەتەوە، سەرۆکانی خۆی لەدەستداوە و بۆ ماوەیەک (1947 تا1948)، بووەتە بەشێکی کەی ئای و دیسانەوە بەهۆی خیانەتەکانی یۆری پۆپۆف لە ساڵی 1985و بەتایبەت پنکۆفسکی لە 1962، لەڕەگەوە هەڵتەکاوە.

بۆیە تووشی نیازخراپی بووە و وایکرد سەرپەرشتیکردنی کەی. جی. بی قبووڵ نەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەم هەڵتەکانە جەی ئاڕ. ئۆ لە ڕوانگەی تەکنەلۆژیاوە وردە وردە لە کەی. جی. بی باڵاترە و لە بواری سیخوڕی بە واتای ڕاستەقینەی وشە، سەرکەوتنی ڕیزپەڕی بەدەستهێناوە. هەر ئەو دامەزراوەیە لە جەنگی دووەمی جیهاندا سێ تۆڕی گەورەی سیخوڕیی یەکێتیی جەماوەریی سۆڤێتی بەڕێوەدەبرد: ئۆرکسترای سوور، تۆڕی سۆرژ و تۆڕی ڕادۆ، کە ڕۆدۆلف ڕوسیالەر ئەندامی بوو.

## ڕێکخراوە تایبەتییەکانی ولاتانی عەرەبی

1- میسر - دوای کودەتای ساڵی 1952 کە مەلیک فاروقیان لە وڵات دەرپەڕاند، دەزگانهێنییە کۆنەکان هەڵوەشانەوە و (بەڕێوەبەرایەتییەکی پشکنینی گشتی) (المباحە الامە) جێی گرتەوە، کە لەسەر ئێف بی ئای ئەمەریکا ڕێکخرابوو. مەئمووریەتی ئەم دامەزراوەیە سەر بە وەزارەتی وڵات بوو، ڕژێمی لە دوژمنانی ناوخۆ و دیارە لە ئیسرائیل دەپاراست.

ساڵی 1954، سەرۆکی نوێی میسر جەمال عەبدوالناسر، بە بڵاوکردنەوەی (فەلسەفەی شۆڕش) سیاسەتگوزاریی سێ ئەنجوومەنی عەرەبی، ئەفەریقیایی و ئیسلامی بۆ وڵاتەکەی تەرخانکرد. ئەم بانگەشەی پێگەخوازانە (سەرۆک) پێداویستی بوونی دەزگای نهێنی بوو، کە توانای هەڵسەنگاندنی ئەم ئارەزووەیان هەبێت. بۆیە ستراکتۆری نوێ هاتنەئارا، کە لە سێ دامەزراوە پێکهاتبوو: بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی زانیاری، کە سیخوڕی لە دەرەوەی وڵات، دژەسیخوڕی

ناوخۆ و دەرەوە و هەنگاوی لەناوبردن ئەرکیەتی. دوو بەڕێوەبەرایەتیی تر، کە پسپۆڕین و لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریدان، بریتین لە: بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پشکنین. دوا بەڕێوەبەرایەتیی، بەرپرسی ئاساییشی ناوخۆیە. سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری، ئەندامی کۆمیتەی ئاساییشی نیشتمانییە و هەموو وەزیرەکان تێیدا بەشدارن.

ئەم دەزگایە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا ئێستا نەگۆڕاوە. هیچ دەستکەوتێکی لە بەستێنی زانیاریدا نەبووە، بەڵام لە قەڵەمڕەوی دژەسیخوڕیدا تا بڵێی لێهاتوو بووە.

2- وڵاتانی تری عەرەبی ڕۆژهەڵاتی نزیک – سووریا، دوو دەزگای بەرپرسی کۆکردنەوەی زانیاری هەیە:

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری (ناوخۆ) و بەڕێوەبردنی هەواڵگری سەربازی، کە ساڵی 1959 بووە جێگرەوەی ئیدارەی دووەم. یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا هەماهەنگیی چالاکیی ئەم دوو بەڕێوەبەرێتییە دەکات.

زۆر بەزەحمەت دەکرێت لە و پشێوییە بگەین، کە باڵی بە سەر بارودۆخی لوبناندا کێشاوە، ئاخۆ ئەم وڵاتە هێشتا دەزگای زانیاریی فەرمی هەیە، یان نییە. پێش پاشەکشەی ستراکتۆرە ئیدارییەکان، ئەم وڵاتە یەک (ئیدارەی هەواڵگریی سەربازی) (ئیدارەی دووەمی پێشوو)، بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی ئاسایشی – دەزگایەک بەگرنگییەوە شارەزای ئەرکی دژەسیخوڕی خۆی بووە[7]– هەیە و زیاتر لە هەزار کارمەندی هەبوو.

وڵاتی ئوردون سێ دەزگای نهێنی هەیە: دەزگای هەواڵگریی سەربازی، کە ئیشی کۆکردنەوەی زانیاری و هەنگاوە لەگەڵ دوو دەزگای مەدەنی، کە دژەسیخوڕی و ئاسایشی ناوخۆ لە دەسەڵاتەکانیانە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی و دەزگای زانیاریی گشتی.

عێراق (سەردەمی ڕژێمی بەعس)، دەزگایەکی هەبوو کە لە ڕوانگەی یەکەمەوە زۆر لە دەزگای نهێنیی ئوردون دەچێت: سێ دەزگا، یەکیان سەربازی و دووەکەی تر مەدەنین، بەڵام لێرەدا دەزگای زانیاریی گشتی، یان دەزگای تایبەتی زانیاری ئەرکی جیاواز و

زۆر گرنگتری هەبووە: ئەو دەزگا تایبەتییە، کە ڕەهەندی حیزبی دەسەڵاتداری (بەعس)ە، نەک تەنیا دوو دەزگای نهێنیتر کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو سوپا و هەندێک ئیداراتیش دەکەونە ژێر چاودێرییەوە. ئەمە کەی. جی. بی مینیاتۆرییە.

دەزگــا نهێنییەکانی عـێـراق هـاوکـاری بـزووتـنـەوەی بـەرگـری فەلەستینی و ئەو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕانەیان دەکرد، کە بنکەیان لەم وڵاتەدا هەبوو. بۆیە وایکردووە ئەو دەزگا نهێنییانە زۆر مەیلیان لە هەنگاوی توندوتیژئامێز بێت. ئەو دەزگایانە تا ساڵی 1975 بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی حیزبی تودە لە عێراق، زۆرچالاک بوون.

لە خۆرهەڵاتی خاکی عەرەبی، دەوڵەتێکی تر بە سیاسەتی ئاشتی نەکردنی خۆی و بە هاوکاریی جـووڵانـەوە تیرۆریستییەکان پەیوەندییان بە عێراقەوە کردووە: وڵاتی لیبیا. دەزگای زانیاریی ئەو وڵاتە، کە ساڵی 1975 دامــەزراوە، ڕەهەندی بڕیاری ئەنجوومەنی شۆڕشە. بەرەی خەڵکی فەلەستین[8] (FPLP) بە سەرۆکایەتیی جۆرج حەبەش، یار و یاوەری باشی ئەو دەزگایەیە.

3- ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین - وەختێک کە ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی بەرگریی فەلەستین دامەزران، توانای هیچ لەباردانەبوویان جێگایەکی بۆ دەزگا زانیارییە گونجاو و خاوەن ستراکچەرەکان نەبوو. هەرگرووپە و بۆ خۆی زانیاریی پێویستی بۆ چالاکی کۆدەکردەوە، یان لە دەزگا زانیارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و زۆرجار لە سووریا وەریاندەگرت. کاتێک کەس و شمەک زۆربوو، ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین، جووڵانەوە بەرگرییەکانی لە خۆی کۆکردەوە و ئەو کاتە دراوەکانی مەسەلەکە گۆڕان، کە چالاکییان هەموو وڵاتانی عەرەبی گرتەوە. ئامادەکردنی توانای پێویست بۆ سەفەرکردن و مانەوەی کارمەندان لە وڵاتانی خۆرئاوا، ئامادەکردنی پاسپۆرتی ساختە و ڕێنمایی و پەروەردەکردنی ئەو کارمەندانە کارێکی پێویستبوو، کە دەبووایە ئەنجامبدرێت. بەمەش ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین توانیی دەستەیەکی زانیاری دابمەزرێنێت - یەکەم هەڵسووڕێنەرانی لە ساڵی 1968 لە میسر مەشقیان پێکرا-. ئەو ڕێکخراوە

خۆی ناونا (جهازی ئەلرەسەد)، کە لە ئێستادا ئەرکی زۆرە و بریتین لە: سەنتەری زانیاری (بەتایبەت لە ئیسرائیل)، ناوەندی بەڵگە لەو وڵاتانەی، کە بەستێنی چالاکیی ڕێکخراوەکەن، دژەسیخوڕی و سروشتی هەنگاو. لە قەڵەمڕەوی هەنگاو هەرچەند ناتوانرێت پەیوەندی ڕێکخراوێک بەوردی دیاریبکرێت، کە (جهازی ئەلرەسەد)ی بە جووڵانەوەی ناسراو (سێپتەمبەری ڕەش) دەبەستێتەوە، بەڵام پێدەچێت جووڵانەوەی دوایین، بە دەستێوەردانی (جهازی ئەلرەسەد) هاتووەتەکایەوە.

## سیخوڕی تایبەت

خاوەن بانکەکانی ئیتالیا لە سەدەی چواردەدا، یەکەم سەنتەری زانیاریی تایبەتیان دامەزراند. بەڵگەی دوولایەنە لەم ڕووداوەدا هەیە: بانک لە هەر دامەزراوەیەکی دیکە زۆرتر پێویستی بە زانیارییە. چونکە ئیشی پارە بە قەرزدانە و دەبێت پارەکەی بەوریایی و متمانەی تەواوەوە بدات، دەنا ئیفلاس دەکات. وێڕای بانک دامەزراوەیەکە

بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی دەستبڵاوی، وەک سەنتەری زانیاری توانای لە ئەوانی تر زۆرترە. لە لایەکەی دیکەوە، نابێت سەیربێت کە سەرەتا ئیتالییەکان دەست بۆ داهێنانێکی وا بەرن، چونکە لە سەردەمی ڕێنسانس گیانێکی تازەیان بە هونەری سیخوڕی بەخشی و تێیدا بوونە سەردەستەی سەدە. کەسانی بە تەگبیری وەک لویی یازدە و والسینگهام بۆ ئۆرگانیزەکردنی سەنتەری بەناوبانگی زانیاریی خۆیان دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردن.

دوبـــاردی و پـرۆتـزیـن، دووبـانـکـداری فلۆرانسی جێسەرنجمن، کە ئێدواردی سێیەم پاشای بەریتانیا - نیازی شـەڕی لەگەڵ فەڕەنسا هەبوو - داوای قەرزێکی زەبەلاحی بە بڕی یەک ملیۆن و سێسەدهەزار فلۆرن زێڕی کردبوو. مەئموورانی نهێنی خەبەریان بۆ ئەم دوو بانکدارە فلۆرانسییە لە فەڕەنسا و بەریتانیا نارد، کە باسی سەروەریی بەریتانیایان دەکرد. بانکدارەکان بە دانی قەرزەکە ڕازیبوون. پێیانوابوو بڕیارێکی ئەقڵانەیان داوە، چونکە ئێدواردی سێیەم

سەرکەوت، بەڵام سەرئەنجام هەستیان بە هەڵەی خۆیان کرد، چونکە قەت نەیانتوانی پارەکەیان وەربگرنەوە.

فۆگرەکان، واتا بانکدارانی تر کە پەیوەندیان بە خێزانی کاسولیک ئایینی دانیشتووی ئۆگسبۆرگەوە هەیە، سەنتەرێکی زانیاریان هەبوو، نزیک بە دوو سەدەیە - سەدەی شانزە و حەڤدەی زایینی - چالاکی دەکات، و توانای ڕێی بە دامەزرێنەرانی دا، ڕۆڵێکی سیاسیی گرنگ لە هەڵبژاردنی شارڵ کۆنت بۆ پادشایی و هەڵبژاردنی چەندان پاپا و پشتگیری لە خانەدانی هابسبۆرگ[9] ببینن.

سنووری ساڵی 1800 بوو، کە ناتان ڕۆتچیڵد بۆ هاوکاریکردنی شەڕی بەریتانیا دژی ناپلیۆن، سەنتەرێکی زانیاری دامەزراند. ڕۆتچیڵدەکان بە یارمەتیی شیکارێک کە دەبێت دان بە لۆژیکی بوونی دابنرێت بەو دەرئەنجامە گەیشتبوون، کە ناپلیۆن ئاقیبەت تێکدەشکێت، بەڵام ئەگەر دەرفەتی بدەنێ، شکست بە ئەورووپا دێنێت. بەمەش بڕیاریاندا خێرایی بە ڕەوتی لەناوچوونی ببەخشن. بەم

ئامانجە ڕێکخراوێکی بەتوانایان دامەزراند، کە ژێرخانەکەی بانکەکان و دامەزراوەکەیان لە لەندەن، پاریس، فرانکفۆرت، ڤیەنا و ناپول بوو. لەنێو دەسەڵاتخوازانی فەڕەنسا ئەرکیان بە زیاتر لە دووسەد سیخوڕ سپارد، بەریتانیا ئەڵمانیا و هۆڵندا و توانای گواستنەوەی پەیامەکان و میکانیزمی هەڵگرتن و گواستنەوەی سەرمایەکانیان، خستە بەردەست بەریتانیا. بە قومار لەسەر تێکشکانی ئیمپراتۆر لە واتەرلو، بەهۆی ئامادەیی بەهێزیان لە کاربۆرس، توانییان هەموو تێچوونەکەیان بدەنەوە، پاش شەست ساڵ لیۆنێل ڕۆتچیڵد خەبەر بە دیزرائیلی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا دەدات، کە خدێوی میسر ئامادەیە بەشی زۆری پشکەکەی لە کۆمپانیای کەناڵی سوێس بفرۆشێت و بە دانی چلوچوار ملیۆن لیرە بۆ کڕینی ئەم پشکە، گەورەترین سەرکەوتنی سەردەمی خزمەتی بۆ ئاساندەکات. ئەم هاوکارییە درێژخایەن و پڕ بەرهەمی نێوان ڕۆتچیڵدەکان و هەواڵدەری سەنتەر باش ئاڕاستەدەکات، کە زۆر لەمێژە هەیە.

ئەمرۆکەش چەند دامەزراوەیەکی گەورەی فرەنەتەوەیی هەندێک جار لەگەڵ ڕێکخراوی زانیاریی فەرمی - بەتایبەت هاوکاری سیا- دەکەن، بەڵام دەکرێت بوترێت، (سەنتەری سیخوڕی تایبەتی) گەورە نییە. لە بەرامبەردا، ئێمە پێشکەوتنی (سیخوڕێکی تایبەتی) چالاکمان بینیووە، کە جۆرێک سیخوڕی تەکنیکییە و دامەزراوەگەورەکانی بازرگانی، هەوڵدەدەن بەهۆیەوە لە تەکنەلۆژیای نهێنیی هەموو دامەزراوەکانی دوژمن بگەن. سیخوڕی تەکنیکی بەرهەمهێنانێکی زۆر دەگرێتەوە لە ئامرزای ئەلکترۆنییەوە بیگرە، تا بەرگدرووێتی، سیخوڕی تایبەتی تریش هەیە، کە دەکرێت ناوی بنێی سیخوڕی بازرگانی. ئامانج لەم سیخوڕییە گەیشتن بە ناوی مشتەریان، یان ئاشکراکردنی پێشنیارەکانی دوژمنە لە کەمکردنەوەی گەورەی نێودەوڵەتیدا.

میتۆدی سیخوڕی تایبەتی لە ڕوانگەی پێوەرەوە نەبێت، لەو ڕەوشانە جیاواز نییە و لە لاپەڕەکانی پێشتردا باسمانکردن. دانانی بیستەری تەلەفۆنی، کۆپیکردنەوەی

بەڵگە و دانانی مایکرۆفۆن. ئامرازێک کە بۆ ئەم چالاکییە گونجاوبێت، لە بازاڕی ئازادی ئەورووپا، ئەمەریکا و ژاپۆن هەیە. دامەزراوەکانی سیخوڕی تایبەتی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە خزمەتە ئامادەن. بەڵگەنەویستە بەو ڕێژەیەی، کە ئەم جۆرە سیخوڕییە گەشەی کردووە، چارەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرکەوتووە. ئەمڕۆکە ئامرازێک هەیە، کە گفتوگۆی تەلەفۆنی دەکاتە ڕەمز و دەزگاگەلێک کەوتووەتە بازاڕەوە، مایکرۆفۆنەکان ئاشکرادەکات. ئەم مایکرۆفۆنانە لە بەردەست دامەزراوەی مامناوەند و تەنانەت بچووکتریشدان، بەڵام تێکڕای ئەم جبەخانە بازرگانییانە جگە لە دەستدرێژیکەر، یان بەرگری متمانەیەکی وای نییە و تەنها پسپۆڕانی دیار دەتوانن سودیان لێ وەربگرن - کە ژمارەیان زۆر کەمە -. لەبەر هەندێیە کە سیخوڕی پیشەسازی و بازرگانیی نەوەی نوێی تەڵەکەبازانی بووژاندووەتەوە.

**پەراوێزەکان:**

1- ر ک ل45 هەمان کتێب (نووسەر)

2- ئیدارەی زانیاریی تایبەت (special intelligence service)

3- هەواڵگریی سەربازی، ڕوکنی پێنجەم. (Military intelligence. Bureau5)

4- هۆبەیەک لە سەنتەری زانیاریی مەئمووری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سوپاکانی بلۆکی خۆرهەڵات (نووسەر).

5- ژەنەراڵ گۆهڵن لە ساڵی 1968 لە سەرۆکایەتیی بی ئێن دی وازیهێنا. (نووسەر).

6- وەرگێڕانی وشە بە وشەی بریتی دەبێت: بەکاربردنی شێدار. ئەم ڕێکخراوە بەم ناوە یا ناوێکی تر (بەناوبانگی فیعلی پەیوەندی بە ساڵی 1936 ەوە هەیە)، کاری ڕفاندنی گوتیە پۆف و میلەر لە پاریس، مارکین لە نیۆیۆرک، گرمت لە ماکایۆ، ناواچین لە پاریس، مۆلین لە ئیسپانیا، ئارۆنۆنیف لە بەلژیکا و ترۆتسکی لە مەکزیک و لەم جۆرانە... ئۆرگانیزە کردووە.(نووسەر)

7- بە سەرنجدان بەوەی، کە بەیرووت بازاڕێکی گرنگی زانیاری بووە، ئەم ڕێکخراوە زۆر چالاک بووە. (نووسەر).

8- بەرەی خەڵکی فەلەستین (FPI-P.) کە لە ساڵی 1969 دامەزرا (نووسەر).

9-پلەبەندییەک لە ساڵی 1378 بەسەر تەرابلوسدا پاشایەتی کرد.

## دەرئەنجام

لە لاپەڕەکانی پێشوودا کورتەیەکی میتۆد و تایبەتمەندییەکانی سیخوڕیمان ئەژمارکرد. هەوڵمدا تەلیسمی ئەو چالاکییە بشکێنم و دێوەکەی بەچۆکدا بێنم. ڕاستە سیخوڕی پیشەیەکی شاراوەیە، بەڵام نهێنی ئامێز نییە. پیشەیەکە دژوار، تۆزێک ترسناک و سوودێکی ئەوتۆشی نییە. پیشەیەک وەک زۆربەی کاری تر لەگەڵ گۆڕانی دەورووبەر و بەرەوپێشچوونی تەکنیکی دەگونجێت؛ پیشەیەکە مرۆڤی ئاسایی، نە باشتر و نە خراپتر لە ئەوانی دیکە، ئەنجامیدەدەن.

هەندێک بۆچوونی هەڵەیان بۆ دەزگا سیخوڕییەکان - یان بە دەربڕینێکی باشتر بۆ سەنتەری تایبەت - هەیە. سەرچاوەی لە سەرهەڵدانی دوو زەبەلاحی مرۆڤی شەڕانگێزی دنیای نوێ گرتووە: کەی. جی. بی و سیا. ئەم دوو زەبەلاحە بە بەڵگەی ترسی بەرامبەر-زۆر لۆژیکی - وڵاتەیەکگرتووەکان و یەکێتیی جەماوەری سۆڤێت لە یەکتری و خواستیان بۆ هەژموونکردن بەسەر جیهان دامەزراون.

هەریەک لەم زەبەلاحانە شیمانە دەکەن، کە بە وردی و وردبینیی بـەردەوام، چاودێریی دوژمن بن و هەوڵبدەن ئامرازی پێویست بۆ دەستوەردانی کاریگەر و ئەگەری نەگۆڕی، لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا ئامادەبکەن. بۆیە هەریەک لەم دوو زەبەلاحە دەزگای سیخوڕی دێوئاسا و ترسناکیان دامەزراندووە.

بەپێچەوانەوە، دەسەڵاتە مامناوەندەکان لەسەر نەریتی شیاو ماونەتەوە. تێکڕایی و توانای دەزگای تایبەتیان لە تیپێک زیاتر نییە و بودجەیان بەرامبەر تیپێکە. ئەمە بۆ ئەو ڕێکخراوانە شتێکی زیاد نییە، کە بوونیان چ لە شەڕ و چ لە ئاشتیدا پێویستە. لە سەردەمی شەڕ، باشتر ڕێنمایی شەڕەکان و خەریکی پێدانی زانیاری دەبن، لە سەردەمی ئاشتی کارئاسانی بۆ کێبەرکێی ئابووری و خێرایی لە گەیشتن بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن دەکەن. دەزگای تایبەت هەرچەند کە چەکی پێویستن، بەڵام تێچوونێکی وای نییە.

دەمەوێت لەکۆتاییدا پێشنیارێک بخەمەڕوو. زۆرجار سیخوڕیکردنیان بە کارێکی نائەخلاقی

لەقەڵەم داوە، لەڕاستیدا بە سەرنجدان لە میتۆدەکانی ئەو پیشەیە، بیروباوەڕێکی تەواو ڕاستە، بەڵام ئەگەر سەرنج لە ئامانجەکە بدەین – کە بریتییە لە ئاشکراکردنی نهێنی – لەگەڵ ئەم ڕایە کۆک نیم، چونکە ڕەنگە ئەم نهێنییانە شتی نائەخلاقی و دزێو بن.

بۆچی وڵاتێک ڕاستی دەشارێتەوە، ڕوو لە پەنهانکاری دەکات؟ ئایا ئەم کارە جگە لە شاردنەوەی قۆرخکردنەکانی ڕژێمێک، دەستدرێژیکردنە سەر دیموکراسی، یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نییە؟ ئایا ناکرێت ئەم کارە بۆ پەردەپۆشیی سەرەتای پەلامار، یان شاردنەوەی ئاشکرابوونی چەکێکی نوێ – کە نوێبوونەکەی ترسناک دەبێت (وەک گازی خنکێنەری ساڵی 1915 و بۆمبی ئەتۆمی)– بێت؟ بۆچی پیشەسازییەک دەشارێتەوە؟ وەڵام: دەیەوێت تەکنەلۆژیا پاوانی خۆی بێت، چونکە ئەگەر هەموو دەستیان پێیبگات، باشتر و زیاتر دروستدەکەن، یان بۆیە پەنهانی دەکەن تا ئەو مەترسییە بشارێتەوە، کە ئەم پیشەیە بۆ تەندروستیی خەڵک و ژینگە هەیەتی.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سرییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ شیسلامی | | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتریردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 130 | ماركسیزم چۆن كاردەكات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار كەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەكرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلكەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەكانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاكاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | ماركس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوكردنەوەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | ماركس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە كوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمكۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێكخراوە سیاسییەكان لە توركیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری كوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەكاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاكستان و گۆڕانیەكانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 158 | ركابەری ئەمەریكاو ئێران لە ئەمەریكای لاتین و ئەفەریقیا | كۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | كاریگەرییەكانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا كەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێكی درەوشاوەی كەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی كوردستان و ململانێ ناوچەییەكان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا كەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی ماركس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموكراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمووده | سۆران سێوكانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی كورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست كۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەكان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریكا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | كتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 207 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە